دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیرە ژمارە (٣١٣)

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

ڕێزمانی کوردی

بەرگی یەکەم

(وشەسازی)

بەشی چوارەم

ژمارە و ئاوەڵکردار

بەغدا - ١٩٩٨

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
زنجیره ژماره ٣١٣

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

ڕێزمانی کوردی

بەرگی یەکەم

وشەسازی

بەشی چوارەم

ژماره و ئاوەڵکردار

بەغدا ـ ١٩٩٨

پێشەکی

لە مێژە دوو بنەمای سەرەکی لە زماندا جیاکراوەتەوە : وشەکانی زمان و پێکهاتنی ڕێزمانی . هەر یەك لەو دوو بنەمایەش خاوەنی خاسیەتی خۆیەتی . وشەکانی زمان سەرجەمی ئەو وشانە دەگرنەوە ، کە لە زمانێکی دیاریکراودا هەبێ . وشەکانی زمان لە بەشی لێکسیکۆلۆژیدا لێیان دەکۆڵرێتەوە ، کە سەرنج بۆ تایبەتیتی هەر وشەیێك ڕادەکێشرێ و بەر لە هەر شتێش لە ڕووی واتایەوە و جیاوازیی واتای لە وشەیێکی دی . پێکهاتنی ڕێزمانی ئەو هەموو خاسیەت و تایبەتیتییانە کۆدەکاتەوە ، کە لە کۆمەڵێ وشەدا وەك یەکن و بەر یەك یاسا دەکەون . کەواتە پێکهاتنی ڕێزمانی ئاوڕ لە تاکە تاکەی وشە ناداتەوە ، بەڵکو تەماشای دەستەو کۆمەڵەکانی دەکا .. لە هەندێ حاڵەتدا ماکی لێکسیکی و ڕێزمانی پێکەوە لە وشەدا بەدەردەکەون و بە ئاسانی دەتوانرێ جیابکرێنەوە[1]. بۆ نموونە لە وشەکانی : ژوور ، لق ، گەو ... دا خاسیەتی سەربەخۆیان ئەوەیە ، کە بەر لە هەر شت واتای شوێنێکی ناسراو ، بەشێکی دیاریکراوی درەخت ، ڕەگەزێکی دەستنیشانکراوی باڵندە ... دەگەیەنن ... بەڵام هەموو ئەو وشانە پێکەوە و چەندین وشەی دیش لەگەڵیان ، خاوەنی خاسیەتی هاوبەشن : ۱) ناون ، ۲) تاکن ، ۳) سادەن ... یاخود وشەکانی : ئەمڕۆن ، دەنووسین ... واتای لێکسیکییان بە نیشاندانی ڕووداوێکی ئاشکراوە بەندە : هاتوچۆ ، نامە ، نان ... ، بەڵام هەموویان

---

(۱) ڤ. ڤ. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ (وشەسازی) ، مۆسکۆ ۱۹۷۲ ، ل ۲۷ .

پێکەوە و چەندین کرداری دی خاوەنی خاسیەتی گشتیی ڕێزمانین :
١) کاتی ئێستا ، ٢) کەسی یەکەم ، ٣) کۆ ...

لە حالاتی دی‌دا ماکی ڕێزمانی تەنیا لە یەکگرتنی وشەدا (لە ڕستەدا) دیاری دەکرێ . بۆ نموونە ، ئێمە کاتێ دەدوێین لە لایەکەوە دەشێ بڵێین ئازاد هات و لە لایێکی دی‌یشەوە ، دەلوێ بڵێین : ئازاد هات ؟ لە حاڵەتی یەکەمدا ڕاگەیاندنی هەواڵێك و لە حاڵەتی دووەمدا پرسینی هەواڵێك لە ڕستەیێکی سەرلەبەردا دەربڕراوە . وشەکانی (ئازاد) ، (هات)نە ڕاگەیاندنی هەواڵ و نە پرسینی هەواڵ نیشان نادەن .

بەم شێوەیە ماکی ڕێزمانی ، کە وەسیلەی دەربڕینە ، بە تاکە تاکەی وشەوە بەند نی‌یە ، بەڵکو بە ماکی وشەوە : مۆرفێم و ئەو ئامرازانەی لە ڕووی ئەرکەوە لێیەوە نێزیکن و هەروەها ئاوازو شێوەی ڕیزکردنی وشەکانەوە بەندە(٢) .

ئەو نموونانەی هێنامانەوە ، ئەوە نیشاندەدەن ، کە وەسیلەی ڕێزمانی ، جۆرە واتایێك ڕادەگەیەنێ ، کە وەسیلەی لێکسیکی ڕای ناگەیەنێ . وەسیلەی ڕێزمانی ماکێکی یەکجار پێویستە لەتەك وەسیلەی لێکسیکی‌دا . گرنگیی وەسیلەی ڕێزمانی بەتایبەتی لەوەدایە ، کە یاریدەرە بۆ دەربڕینی پێوەندیی گشتی ، نیشاندانی خاسیەتی تەجرید . بە هۆی بەکارهێنانی‌یەوە ، پێوەندیی نێوان ئەو مەفهوومانەی بۆ ڕاگەیاندنی بیرێك پێویستە دادەمەزرێنرێ و دەگەیەنرێتە ئەنجام . لە بواری ئاخاوتندا ، ئێمە بیری خۆمان لە قاڵبی ڕستەدا دەردەبڕین . ڕستەش لە وشە پێكدێ ، کە بەپێی یاسای ڕێزمانی پێکەوە دەبەسترێن . وشەی پچڕپچڕ ، کە خاسیەت و پێوەندیی ڕێزمانی بەیەکەوەی نەبەستبن ، ناتوانن بیرێك دەربڕن . سەرباکی وەسیلەی ڕێزمانی و دابەش

---

(٢) ف . م. بیریزین ، ب . ن. گۆلۆڤین ، زمانناسیی گشتیی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ ، ل ٤٧ .

بوونیانۆ پێوەندییان بینای ڕێزمانیی زمان پێكدێنن • هەر
ڕستەیەکیش خاوەنی پێکهاتنی ڕێزمانی تایبەتی خۆیەتی • پێکهاتنی
ڕێزمانی خاسیەتێکی هەرە گرنگی زمانە و بە پێی ئەو زمان پێكنایەت •
لە هەمان کاتیشدا پێکهاتنی ڕێزمانی پێوەندیی هەمیشەیی بە وشەوە هەیە ،
چونکە ماکی ڕێزمانی لە وشە و دەستەواژەدا دەرکەوێ • جا بوونیان و
دەرکەوتنیان لە زماندا تەنیا لەسەر ئەم بنەمایەیە و دوور لە وشەوە ناتوانرێ
نیشان بدرێ[٣] •

پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین ، کە زاراوەی «ڕێزمان» بە دوو
واتای جیاواز بەکاردێ : یەکەم ـ ئەوە دەگەیەنێ ، کە پێکهاتنی ڕێزمانیی
زمان بەشێکە لە بەشە پێکهێنەکانی سیستەمی گشتیی زمان • دووەم ـ
لێکۆڵینەوەی زانستی خستنەپێش چاوی ئەو پێکهاتنە ڕێزمانییە •
وێکچوونیش لە نێوان ئەو دەستەواژانەی «ڕێزمان»یان تێدایە ، وەك :
«یاسای ڕێزمانی» ، «دەستووری ڕێزمانی» ، «دیاردەی ڕێزمانی» •••
ئەوە دەگەیەنن ، کە : یەکەم ـ «ئەوەی دەکەوێتە پێکهاتنی ڕێزمانیی
زمانەوە ، بوونێکی مەوزووعی هەیە»[٤] • دووەم ـ دامەزراندنی
زانستی زمان بۆ ئەو ڕێژە مەوزووعییانەی لەزمانەکەوە هەڵدەهێنجرێن •
ئەو ڕێژانەش دەشێ ڕاستبن و دەشێ هەڵەبن[٥] •

لێکۆڵینەوەی ڕێزمان لەسەر دوو بنەما دامەزراوە : وشە و
ڕستە • بەو پێیە دوو بەشی سەرەکی : وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)و
ڕستەسازی (سینتاکس) جیادەکرێتەوە• ئەگەرچی هەریەکێکیشیان خاوەنی

---

(٣) پ• ئا• بوداگۆف ، مرۆڤ و زمانی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل ١٠٢ •

(٤) ئا• ن• گفۆزدیێف ، زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم ،
چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ١٠٨ •

(٥) هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٨ •

بابەت و کەرەستە و مەبەستی خۆیەتی ، بەلاّم پێوەندی هەمەجۆریش لە نێوانیاندا هەیە[٦] .

جیاوازیی وشەسازیو ڕستەسازی لەوەدایە ، لە لەرەستەی پێوییەوەی وشەسازی ، وشەیە و ماکەکانی وشە شیدەکاتەوە ... هەرچی بابەتی ڕستەسازییە ، لێدوانە لە ڕستە و مادەکانی ڕستە لە شێوەی نومەلی جیارازی وشەدا تا دەکاتە وشەی جیاجیا ، لە ئەندامی جۆربەجۆری ڕستەن . ئەوەتە ڕستەسازی لێدۆلینەوەی خۆی لە وشەدا کۆتایی پێدێنێ ، بەلاّم وشەسازی بەپێچەوانەوە تۆژینەوەی خۆی لەوشەوە دەستپێدەکات. بەو پێیە ، ئەوەرچی هەردوو وشەسازی و ڕستەسازی لە وشە دەدوێن ، بەلاّم لە قۆلی جیاوازەوە بۆی دەچن و پێوەندیی جیاوازی وشە لە سیستەمی گشتیی زماندا لێکدەدەنەوە[٧] .

وشەسازی کە لە وشە دەدوێ ، لە سیستەمی زمانەوە تێیان دەڕوانێو پێوەندییان لە لەل ماکەکانی دی هەمان سیستەم دیاریدەکا . بۆ نموونە : نێوانی قالبە جیاجیاکانی وشە لەسەر چ مەرج و پێوەندییێك دامەزراوە.. ئەوەتە وشەی (باخ) لە حالەتی ناسیاویدا دەبێتە (باخەکە)و لە حالەتی کۆدا - (باخان) ... وشەی (کەم) لە پلەی بەراورددا دەبێتە (کەمتر) ، لە پلەی بالاّدا - (کەمترین) ... (من) جێناوی جودایە بۆ کەسی یەکەمی تاكو وەك جێناوی لکاو لە قالبی (م)دا دەردەکەوێ ... چاوگی (هاتن) لە

---

(٦) ئا. ئا. ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ٢٤٢ .

(٧) ن. س. ڤالگینا ، د. ێ. ڕۆزێنتال ، م. ئی. فۆمینا ، ف. ف. تساپکیتیڤیچ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١، ل ٢٣٩ .

ڕابوردووی نزیکدا دەبێتە (هات) ، لە ڕابوردووی تەواودا ـ (هاتووە) ،
ڕابوردووی بەردەوامدا ـ (دەهات) ، لەڕابوردووی دووردا ـ (هاتبوو)
••• وشەی (زین) ناوە ، کە پاشگری (ـین)ی دەچێتە سەر ـ (ڕێژین)
ـبینە ئاوەڵناو ••• (جوان) ئاوەڵناوە ، کاتێ پاشگری (ـی) پێوە
دەنێرێ ـ (جوانی) دەبێتە ناو •• وشەسازی هەروەها لەڕەستەی
ڕێزمانیی گرووپی جیاجیای وشە نیشان دەدا ، دابەشبوونی وشە بەسەر
پۆلی گەورە گەورەدا دەردەخا ، واتای ئەو پۆلانە ڕووندەکاتەوە و
پێوەندیی نێوانیان دیاریدەکا • هەر زمانێکیش خاوەنی سیستەمی
ڕێزمانیی خۆیەتی •

ڕستەسازی هێزی خۆی دەخاتە سەر ئەوەی ، ئەو وەسیلە
ڕێزمانییانە چۆن لە پرۆتسێسی پێوەندیی بەستن و لەیەکتر گەیشتندا
بەکاردێنرێن ، بۆ دەربڕینی بیر چۆن وشە پێکەوە گرێدەدرێن ، چۆن
ڕستەیان لێ دروستدەکرێ • لە ڕستەسازیدا لە یەك ڕستەدا پێوەندیی
وشە بە وشەی دیەوە باسدەکرێ[8] ، بۆیە ئەو جۆرە قالبانەی :
باخ ، باخەکە ، باخان ••• لە ڕستەسازیدا پێوەندییان بە وشەی دیەوە
باسدەکرێ • بەوێنە لە ڕستەکانی : باخی پاشا پڕ گوڵی جوانە ، جوانیی
باخەکە بێسنوورە ••• نیشانیدەدا ، وشەی (باخ) چ دەورێك دەبینێ لە
پێکهێنانی ئەو ڕستانەدا ، بەتایبەتیش پێوەندیی نێوان وشەکانی
(باخی پاشا) ، (جوانیی باخەکە) ڕوون دەکاتەوەو پێوەندیی واتایی
وشەکان لەگەڵ وشەکانی دەوروبەریان ساغ دەکاتەوە • ئەم لایەنە لە
وشەسازی جیادەکاتەوە • بابەتی سەرەکی ڕستەسازی ، وەك نیشانماندا
بریتییە لە ڕستە • وشە دوا ماکێتی و لێکۆڵینەوە لە بارەیەوە لە دوا
هەنگاوی ڕستەدا دێت •

---

(8) یو. س. ستیپانۆف ، بنەماکانی زمانناسیی گشتی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ ،
ل ١٤٦ •

وشەسازی و ڕستەسازی یاریدەی هێنانەدی یەك مەبەست دەدەن :
ئەویش دەربڕینی بیرە بە زمان • لە بەر ئەو هۆیەیە لە زمانی کوردیدا
لێکۆڵینەوە لەو دوو بەشە هاوبایەخە ـ گۆڕانی وشە و ڕیزبوونی وشە ـ
لە پێوەندیی تەواو لە نێوانیاندا هەیە ، وەك یەك گرنگ و پێویستن •

دەستوورەکانی ڕێزمان چینی هەرە بەرینی وشە دەکرنەوە •
بەوێنە ، ڕێکەوتنی ئاوەڵناو یان کردار چ لەو وشانەی لە زووەوە لە زماندا
هەن و چ لەو وشە نوێیانەی تازە ڕۆنراون و چ لەو وشانەی لە دیالێکتی
دییەوە کەوتوونەتەوە و چ لەو وشانەی لە زمانانی دییەوە وەرگیراون••
وەك یەك بەربڵاون •

ڕێکەوتنی بەجێهێنانی ئەرکیش بە هەمان جۆرە ، با وشەکە مانای
جۆربەجۆریشی هەبێ • بەوێنە کرداری (دەڕوا) لەگەڵ کارادا ڕێدەکەوێ،
بەگەرچی لە حاڵاتی جیاوازدا واتای دیش بگەیەنێ • لەتەك کارایەکدا کە
لە حاڵەتی کۆدا بێ : منداڵەکان دەڕۆن بۆ قوتابخانە ، ئوتومبیلەکان دەڕۆن
بۆ هەولێر ، ئیشەکانمان دەڕۆن ••• لەگەڵ کارای تاکدا : منداڵەکە دەڕوا
بۆ ماڵەوە ، ئوتومبیلەکە دەڕوا بۆ هەولێر ، ئیشەکەمان دەڕوا •••

بۆیە کاتێ خاسیەت و واتای پێکهاتنێکی ڕێزمانی دەستنیشان دەکرێ
پێویستە ئەوە لەبیر نەکرێ ، کە ڕەنگە ئەو واتایە تەنیا شتێکی زۆر گشتی
بێ ، هەڵەیەکی گەورە بێ •• بەپێچەوانەوە لەسەر بناغەی واتای
دیاریکراوی وشە و ڕستە ، واتای تەواوی ڕێزمانی لێكدەدرێتەوە •
لەم حاڵەتەدا ڕێزمان لەگەڵ لێکسیكدا تێکەڵ دەبێ[٩] •

لەم ڕووەوە پرۆفیسۆر ئا• م• پیشکۆڤسکی باش واتای حاڵاتی
نیشانداوە ، کە وتوویە : «لەبەر ئەوەی واتای حاڵات بە شێوەیێکی چڕ
بەندە بە واتای مادی و ڕابەرایەتیی وشە و وشەی بەرێوەبراوەوە ، بۆیە

(٩) ف• ئی• کۆدوخۆف ، سەرەتایێکی زمانناسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ ، ل ٢٥٩

ئۆژەر بیر لەوە دەکاتەوە ، لێرەدا چەند جۆر هەبێ و واتای مادی یەکێك لە ماکە پێکهاتووەکان چەند جۆر دیاری بکرێ و هەندێ جۆر ییزافەی ئەو ئاوێتەیە بکرێ ، کە حالاتی جیاواز سازیان کردووە »[١٠].

کەوابوو نیشاندانی خاسیەتی ئەو جۆرە دیاردە ڕێزمانی یانە ، وەك : ئارا و بەرکار ، نیهاد و گوزارە ، ناو و ئاوەڵناو ... کە لە زماندا لەڕادەی بێ سنووردا دەبینرێن و وشەی هەمەجۆریان گرتووەتە خۆ ، پێویستە باش جیابکرێتەوە ، کە چی سەر بە کام دیاردەی ڕێزمانی یە و کام وشە ، کام پێکهاتن پڕ دەکاتەوە .

لە وشەسازیدا حالاتی ڕێزمانی لە پلەی یەکەمدا دێ . وشە لە ڕووی پێوەندیی واتاوە ، دانەیێکی ساکار نی یە ، کە تەنیا یەك واتای هەبێ ، بەڵکو چەند واتایێکی جیاوازی هەیە و هاوکارن : لەتەك واتای سەرەکیی سەربەخۆی وشەیێکی دیاری کراودا ، دەشێ چەند واتایێکی تەواوکەری دی هەبێ ، کە تایبەت نەبن بە تاکە وشەیەکەوە ، بەڵکو تایبەت بن بە کۆمەڵێکی گەورەی وشەوە .[١١]

بۆ نموونە ، بۆ ژمارەیێکی بێ سنووری وشە واتای کۆی تەواوکەر هەیە : باخان ، شاران ، پیاوان ، دەڕۆن ، دەنووسن ، دەفرۆشن ...

---

(١٠) ئا. م. پیشکۆڤسکی ، ڕستەسازیی ڕووسی لەبەر ڕووناکیی زانستدا ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ ل ٢٩١ – ٢٩٢ .

(١١) م. دۆکوولیل ، کێشەی حالەتەکانی وشەسازی ، گۆڤاری «کێشەی زمانناسی » ، ژ ٦ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ٧٣ .

وەك لە نموونەگاندا دیارە ، ئەم واتایە بۆ تاکە وشەییێك نییە . بەڵکو
رتووپی گەورە گەورەی وشەیە . لەگەڵ تاکە وشەیەندا وەك واتاییێکی
ر.و بۆ سەر واتا سەرەکی یەکە خۆی دەنوێنێ . واتای سەرەکی
ی : (باخ) - شوێنی گوڵو درەختە ، (دەڕۆن) - بزووتنەوە لە
شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی یە ... بەڵام لەتەك ئەو واتا سەرەکی یە
.ربەجۆرانەدا ، واتای تەواوکەریشیان هەیە ، ئەویش واتاییێکی
گشتی یە بۆ سەرجەمیان و بۆ ژمارەییێکی بێ‌شوماری دی وشە . ئەو واتا
ی یەش ، واتای کۆیە . ئەو واتا سەرەکی یەی لە تەنیا وشەییێکی
ی کراودا هەیە ، لە زانستی زماندا (واتای لێکسیکی) پێ‌دەوترێ .
ی تەواوکەری گشتی‌یش ، کە خاسیەتی کۆمەڵە وشەییێکی زۆرە ، بە
ر ای ڕێزمانی) ناونراوە[12] .

نایەتیتی واتای ڕێزمانی ئەوەیە ، کە بە کەرەستەی دیوی دەرەوەی
زمان دەردەبڕرێ[13] . کەرەستەی ئەم حالەتە هەندێ پارچەی وشەیە ،
وەك : کۆتایی . ئەمەش بە ئاسانی لە بەراوردکردنی : باخ - باخان ،
ڕوا - دەڕۆن ...دا دەبینرێ . ئەو کەرەستە دەرەکی یانەی واتای
ڕێزمانی دەگەیەنن ، هەروەها خاسیەتی کۆمەڵە وشەی زۆرن و بریتین لە
کەرەستەی ڕێزمانی . بۆ نموونە ، نیشانەی کۆی (ان،ن) تەنیا لەو وشانەدا
بەدی ناکرێن ، کە لە سەرەوە خستمانە پێش چاو ، بەڵکو لەگەڵ دەستەو

---

(12) ئا. ئی. گولانۆف ، وشەسازیی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، مۆسکۆ ،
1965 ، ل 12 .

(13) ئا. ئی. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ،
1959 ، ل 104 .

ـومەلی دی‌یشدا دەبینرێن ، بەوینە : ڕۆژان ، چاوان ، جاران ، شێران...

ـدشۆن ، دەمرن ، ڕادەکەن ، دەکرن... و سەدانی دی‌دا . بەو پێیە بـۆ

هەموو دیاردەییێکی زمان ئەم جۆرە کەرەستە دەرەکی‌یەی زمان مـانیـکی

پێویستە بۆ دەربڕینی مانای ڕێزمانی ، چونکە لەسەر بناغەی ئەو مانـایـانە

مەبەست پێك‌دێنرێ‌و لە یـەکێکـەوە دەگـەیـەنـرێ بـە یـەکێکی دی .

بۆیە واتـای ڕێزمـانی و کەرەستـەی دەربـڕینی ڕێـزمـانی پێـوەنـدیی

هەمیشەیی‌یان لە نێوانیدا هەیە و لە زماندا بە جیاجیا نابن[14].

ئەم پێوەندی‌یەی نێوان واتای ڕێزمانی و کەرەستـەی ڕێزمـانی لـە

زانستی زماندا بە (حالاتی ڕێزمانی) ناسراوە[15].

نموونـەی حـالاتی ڕێزمانی لـە زمـانی کوردیـدا : ژمـارە ، دۆخ ،

ناسیاوی ، کات ، کەس ... ن . وەك دواتر دەردەکەوێ ، هەر یەك لەمانە

خاوەنی واتای ڕێزمانیی خۆی و کەرەستەی دەربڕینی ڕێزمانیی خۆیەتی .

حالاتی ڕێزمانی بریتی‌یە لە یەکێتی واتـای ڕێزمـانی و کـەرەستـەی

دەربڕینی ڕێزمانی ئەو واتایانـە . هـەردووکیـان مـاکی پێـویستی هـەر

حالەتێکی ڕێزمانیی پێکهاتنی ڕێزمانی زمانن .

لە لێکۆلینەوەی حالاتی ڕێزمانی‌دا ، هەندێ لە نووسەران ڕووی واتا

ڕەچاو دەکەن . لەم بارەدا حالاتی ڕێزمانی دەشێ وا دیـاری بکـرێ ، کە

(١٤) هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٦ .

(١٥) ئا. س. چیکـۆباڤا ، سەرەتاییکی زماننـاسی ، بەرگی یـەکەم ، چـاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٥٣ .

ـرـك تایبەتیتی زمان ، دەربڕینی مانای ڕێزمانی لە کەرەستەی ڕێزمانیی زمانەوە وەردەگیرێ . نووسەرانی دی لە کەرەستەی ڕێزمانییەوە دەنواڕن . لەم بارەدا دەکرێ حالاتی ڕێزمانی وەك یەککرتنی کەرەستەی ڕێزمانی بۆ یاریدەی دەربڕینی واتاییکی ڕێزمانیی ناسراو تەماشابکرێ . بەو پێیە کە کەرەستەی ڕێزمانی بۆ مەبەستی گەیاندنی واتایە ، خاسیەتی حالاتی ڕێزمانی لە واتاکانیانەوە دەستپێدەکات . بێ ڕەچاوکردنی واتا تەنانەت ناتوانرێ ئەوە بچەسپێنرێ ، کە خاوەنی کەرەستەیێکی ڕێزمانیی ناسراوە[١٦] . بۆ نموونە کۆتایی (ـ ێ) لە وشەی (کچێ)دا دەربڕینی دۆخی بانگهێشتنی (کچ)ە ، کە ئاوە : کچێ وەرە . بێ تێگەیشتن لە مانای وشە ، ناتوانرێ بڕیاربدرێ ،کە ئەو دەنگە ناسراوە کەرەستەی ڕێزمانییە یان نا . بۆ نموونە ، هەمان دەنگی (ێ)ی کۆتایی، کە لە وشەی وەك : هەرمێ ، پێ ، جێ .. شدا هەیە ، کۆتایی وشە نین و کەرەستەی ڕێزمانی نین .

پێویستە ئەوە لەیاد نەکرێ ، کە لە نێوان واتا و کەرەستەی دەربڕینی ئەو واتایەدا پێوەندیی ئالۆز هەیە . ئەوەتە زۆر جار واتاییکی ڕێزمانی ، دەکرێ بە کەرەستەی ڕێزمانیی جیاواز دەربڕدرێ . بۆ نموونە ، واتای کرداری تێپەڕ چۆن بە یاریدەی پاشگری (ـاندن) : (گەڕان ـ گەڕاندن ؛ مردن ـ مراندن ...) ڕادەگەیەنرێ ، هەروەها بە گۆڕینی کۆتایی (بڕان ـ بڕدن ، پچڕان ـ پچڕین...)یش سازدەکرێ ... بەپێچەوانەشەوە تاکە کەرەستەیێکی ڕێزمانی ، دەتوانێ واتای حالاتی جیاواز بگەیەنێ . بەوێنە لە (ئێوە هاتن) و (ئەوان هاتن)دا (ن) لە یەکەمدا واتای کەسی دووەمی کۆ دەگەیەنێ ، کەچی لە دووەمدا واتای کەسی سێیەم دەدات .

---

(١٦) ئی. ئۆ. کۆستیتسکایا ، ف. ئی. کارداشێڤسکی ، ڕێزمانی فەرەنسی ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ٦٢ ـ ٦٣ .

هەرچەندە کەرەستەی ڕێزمانی ، وەك شتێکی ئاسایی بە واتایێکی ناسراوەوە بەندە ، بەڵام لە هەندێ حاڵەتدا دەشێ ئەو واتایە ڕانەگەیەنن • بۆ نموونە، ئاشکرایە کە کۆتایی (ـان) واتای کۆ دەگەیەنێ: کچان ، کوڕان ، لاوان ••• بەڵام وشەی وەك : میران ، سەیران لەو واتایە بێبەرن ، چونکە چۆن دەتوانین بڵێین : (میرانی سۆران جێی شانازیی کوردن • خەڵك بەهاران دەچنە سەیران ••) بە هەمان چەشن دەتوانین بڵێین : (میران کوڕێکی زیرەکە ، میران ! هەر ئێستە دەچم • سەیرانەکەمان خۆش بوو •••) • وێرای ئەوە هەر یەك کەرەستە ، بەتایبەتی یەك کۆتایی ، یەکسەر دەتوانێ چەند واتایێکی ڕێزمانی بگەیەنێ و سەر بە چەند حاڵەتێك بێ • بە وێنە (ـ م) ـ دەچم ، دەڕۆم ، دەبەم ••• لە لایەکەوە دەبێتە نیشاندەری کەسی یەکەمو حاڵەتی کەس دەردەبڕێ • لە لایەیێکی دیەوە ڕاگەیەنێ ژمارەی تاکەو پێوەندی بە حاڵەتی ژمارەوە هەیە •

حاڵەتی ڕێزمانی لە سیستەمی زماندا خاوەنی پێوەندیی جۆربەجۆرنو دەوری جیاواز دەبینن • حاڵەتی کەم و زۆری گشتێتی هەیە و ئەوەتە بەشێك لە سنووری بەشێکی دیدا ئەرك دەبینن ، یاخود هەندێ حاڵەت لە لایەکەوە یەك دەگرنو لە لایێکی دیەوە لە یەك جیادەبنەوە • هەر یەك حاڵەت بەپێی پێوەندی بە حالاتی دیەوە دەتوانێ دەوری جیاجیا ببینێ • پێوەندیی حالاتی جیاجیا بە لێکسیکەوە وەك یەك نین[١٧] •

---

(١٧) ف. ئا. ژڤێگینسێف ، زمان و تیۆریی زمانناسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٨٤ •

حالاتی ڕێزمانی بەپێی پێوەندی بە بینای زمانەوە لە زمانانی جیاوازدا وەك یەك نین • بۆ نموونە زمانی کوردی خاسیەتی حالەتی ناسیاوی و نەناسیاوی هەیە و ئەم حالەتەش بە یاریدەی نیشانەی ناسیاوی‌و نەناسیاوی دەردەبڕێ ، کەچی لە زمانی ڕووسیدا خاسیەتی حالەتی ناسیاوی و نەناسیاوی نیە •

حالەتی ڕێزمانی بەپێی مێژووی پێشکەوتنی زمان دەشێ گۆڕانی بەسەردا بێت ، بەلام بە شێوەیێکی یەکجار سست‌و لەسەرخۆ • لەو بارەیەوە دەتوانین هەندێ نموونە بخەینە پێش چاو :

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا جنسەکانی ناو دەستووریکی ڕێك‌وپێکیان ڕەچاوکردووە و لە ڕێگەی نیشانەوە لە یەکتر جیادەبنەوە • لە دۆخی تیاندا جنسی مێ نیشانەی (ێ) وەردەگرێ‌و جنسی نێریش نیشانەی (ی)ی پێوە دەلکێ • لە بەشە دیالێکتی موکری و هەندێ ناوچەی سۆران و کەمێك لە دەور و پشتی سلێمانیدا ، هەرچەندە وەك دیالێکتی کرمانجی ژووروو ڕێك‌وپێك خۆیان نانوێنن ، بەلام تا ڕادەیێك دەستووری خۆیان پاراستووە • لەم بەشە دیالێکتانەی خوارووشدا هەر نیشانەی (ێ) دەچێتە سەر ناوی جنسی مێ و هەر نیشانەی (ی)یش ئیزافەی سەر ناوی جنسی نێر دەبێ • لە زمانی ئەدەبی‌و ئاخاوتنی سلێمانی‌و هەندێ ناوچەی تردا نیشانەی نێرو مێ (جگە لە چەند حالەتێکی زۆر کەم نەبێ) نەماوە[١٨] •

---

(١٨) بۆ زانستی زیاتر لەم بارەوە ، بڕوانە (ل ١٦٧)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە .

به پێچەوانەشەوە وا پێدەچێ حاڵەتی کۆی بە یاریدەی نیشانەی (ـ ات) سازبوو (باخات ، خەیالات ، ئاغاوات ، دێهات ...) ، دەبێ لە دەورێکەوە پەیدابووبێ و گەشەی سەندبێ ، کە کورد ئاینی پیرۆزی ئیسلامی وەرگرتبێ .

کەرەستەی دەرەکی دەربڕینی حالاتی ڕێزمانی لە زمانانی جیاوازدا وەك یەك نین و جیاوازن . ئەمەش : گیرەك (ئافیکس) ، بە یەکتر گۆڕینەوەی دەنگ ، هێز (النبرە) ، تەرتیبی وشە ، ئاواز....دەگرێتەوە .

زمانی کوردی کەرەستەی گیرەکی زۆر تێدایە و ئاشکرا دەبینرێ فۆرمی جۆربەجۆری بە یاریدەی پێشگر و پاشگری ڕێزمانی سازدەبێ[19] . بەوێنە تاك و کۆ ، ناسیاوی و نەناسیاوی ...بە هۆی نیشانەی کۆتایی (پاشگر)ەوە لێك جیادەبنەوە (کوڕ - کوڕان ،شێر - شێران ، برا - برایان ... کوڕ - کوڕەکە - کوڕێك ، شێر - شێرەکە - شێرێك ، برا - براکە/برایەکە ، برایێك ...) . کرداری ڕابوردووی نزیك لە ڕابوردووی بەردەوام بە هۆی پێشگرەوە لەیەك جیادەکرێنەوە ، وەك : (چوو - دەچوو ، هات - دەهات ، نوست - دەنوست ...).

بەیەکتر گۆڕینەوەی دەنگ ، کە یاریدەی دەربڕینی واتای ڕێزمانی بدات بە گیرەکی ناوەکی ناسراوە . گیرەکی ناوەکی ئەگەرچی لە زمانی کوردیدا کەمە ، بەلام لە هەندێ حاڵەتدا بەرچاو دەکەوێ ، ئەویش بە زۆری لە بەرانبەر یەکتر وەستانی کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕدا ، وەك :

---

(19) بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو دەربارەی دەوری پێشگر و پاشگر لە زمانی کوردیدا ، بڕوانە : د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

أ ـ د : بران ـ بردن

کران ـ کردن

أ ـ ی : دڕان ـ دڕین

بڕان ـ بڕین

گۆڕان ـ گۆڕین

ە ـ ێ : گەڕان ـ گێڕان

...هتد .

هێز لە زمانی کوردیدا ، کە لە شوێنێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی دی ، جگە لەوەی دەبێتە هۆی جیاوازیی واتا ، هەروەها دەبێتە هۆی ڕاگەیاندنی حاڵەتی ڕێزمانیی جیاوازیش ـ واتە لەتەك دەوری دەنگسازیدا ، دەوری ڕێزمانیش دەبینێ . بۆ نموونە ، وشەی (کۆبوونەوە) ، ئەگەر هێز لەسەر بڕگەی یەکەم دابنرێ ، ئەوە دەبێتە کرداری ڕابوردووی کۆی کەسی سێیەم و مانای (اجتمعوا)ی عەرەبی بە دەستەوە دەدات . خۆ بێت هێز بخرێتە سەر دوا بڕگە ، ئەوە دەبێتە چاوگ و مانای (الاجتماع)ی عەرەبی دەبەخشێ[٢٠] .

کاتێ تەرتیبی وشە واتای ڕێزمانی ڕادەگەیەنێ ، کە دەوری وشە لە ڕستەدا بە هۆی شوێنی لەناو وشەکانی دییەوە دیاری بکرێ و گۆڕینی تەرتیبی وشەکان ئەرکی ڕێزمانیی وشەکان بگۆڕێ . بۆ نموونە ، ئەگەر لە دوو ڕستەی : (١ ـ من ئازادم برد بۆ سەیران ، ٢ ـ ئازاد منی برد بۆ سەیران)دا بەراورد لە نێوان وشەی (من) و (ئازاد)دا بکەین ، دەبینین کە لە ڕستەی یەکەمدا (من) لە دۆخی ڕاستەوخۆدایە و هیچ جێناوێکی

(٢٠) بڕوانە : د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧٣ .

لکاوی وەرنەگرتووە . هەرچی (ئـازاد)ە لـە دۆخی تیـاندایـە و جێنـاوی لکاوی کەسی یـەکەمی تاك ـ (م)ی چووەتـە سـەر . بـەڵام لـە ڕستـەی دووەمدا هۆی گۆڕینی تەرتیبی ئەو دوا وشەیە ـ (من) و (ئازاد) ـ بـووە بە هۆی گۆڕینی حاڵەتی ڕێزمانییان . لێرەدا بەپێچەوانەوە (ئازاد) لەدۆخی ڕاستەوخۆدایە و (من)یش لـە دۆخی تیـانـدا . (مـن) جێنـاوی لکـاوی وەرگرتووە ، نەك (ئازاد) .

هەروەها ئاوازیش دەتوانێ وەسیلەی دەربـڕینی واتـای ڕێـزمـانی بێت . بۆ نموونـە : «شیـرین گـەڕایـەوە»و «شیـرین گـەڕایـەوە ؟ »، ڕاگەیاندنی هەواڵی گەڕانەوەی شیرین و پرسیارکردنی گەڕانەوەی شیرین پێکەوە بەیەك ڕێژەی کردار دەردەبڕرێ ، کە ئەویش «گەڕایـەوە»یـە .

ئەگەر گیرەك و بەیەکتر گۆڕینەوەی دەنگ‌و هێزی وشـە و ئـاواز تەنیا وەك وەسیلەی دەربڕینی حالاتی ڕێزمانی خۆیـان بنـوێنن‌و واتـای بنەڕەتیی وشە نەگۆڕن ، ئەوە ئەم وەسیلانە ، کە شێوەی جیـاوازی وشـە سازدەکەن بە (قاڵبی وشە) ناودەبرێن . قاڵبی وشە لە خزمـەتی دەربـڕینی حالاتی ڕێزمانیی جۆربەجۆردایە و جیاوازیی هەر یەکێکیان لـەوی دی ، لەوەدایە کە بە کام حالات دەربڕراوە و وەك باوە بـەپێی حـالـەتـەکـەی ناونراوە[٢١] . بەوێنە ناو فۆرمی تاك‌و کـۆ ـ (ژن ـ ژنـان)و ناسیاوی و نەناسیاوی ـ (ژنەکە ـ ژنێك) ...ی هەیە . کردار خاوەنی فۆرمی کەس ـ (دەچم ، دەچێت ...) و کات ـ (دەچم ـ چووم) و ڕێژە ـ (دەچم ـ بچم، بچوومایە...) . واتای لێکسیکیی وشە لە فۆرمی جیاوازیدا وەك خـۆی دەمێنێتەوە و ناگۆڕێ . هەموو فۆرمەکانی (ژن) هەر یەك واتا دەگەیەنن . گشت فۆرمەکانی کرداری (دەچم) ـ یەك ڕوودان . هەر فۆرمێکی وشـە ، هەر وەك حالاتی ڕێزمانی ، خاوەنی واتا و دەربڕینی دەرەکین .

(٢١) ن. س. پۆسپێلۆف ، پێوەندیی نێوان حالاتی ڕێزمانی و بەشەکانـی ئاخاوتن ، کتێبی «کێشـەی پێکهاتنی ڕێزمانـی » ، مۆسکـو ، ١٩٥٥ ، ل ١٧٤ .

یەکێ لە ئەرکەکانی وشەسازی ، ئەوەیە کە لە پێکهاتنی ڕێزمانیی وشە دەکۆڵێتەوە وەك واتای ماکی ئاخاوتن ، کە یاریدەی واتای مەفهووم دەدا ، لە ڕووی واتاوە دانەیێکی سادە نیيە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەك لە لێکدانەوەی حاڵاتی ڕێزمانیدا دەرکەوت ، گەلێ جار چەند واتایێکی ڕێزمانی هەیە • لە ڕووی ئەم پێوەندی‌یەوە ، گەلێ وشە دابەش دەبن بەسەر پارچەی واتاردا ، کە هەر یەکێکیان واتایێکی تایبەتی هەڵدەگرێ[٢٢] • بۆ نموونە ، لە وشەی (کارگەکان)دا پارچەی (کار) واتای ، ئیش و فرمان دەدات ، پارچەی (ـ گە) شوێن و جێگە نیشان‌دەدا ، پارچەی (ـ ەکە) ناسیاوی دەردەبڕێ ، پارچەی (ـ ان)یش کۆ ڕادەگەیەنێ • لە وشەی (کاداتێك)دا پارچەی (کا) لاسکی وشکەوەبووی گەنم و جۆ و شتی دی دەدات ، پارچەی (ـ دان) شوێن و جێگە نیشان دەدا ، پارچەی (ـێك) نەناسیاوی و تاکایەتی ڕادەگەیەنێ ••• لە وشەی (داکوتانەوە) دا پارچەی (دا ـ) بزووتنەوەی بەرەوخوار نیشان‌دەدات ، پارچەی (کوتان) واتای لێدان لە شتێك ڕادەگەیەنێ ، (ـ ەوە) دووبارەبووتەوەی ڕوودان دەردەبڕێ • لە وشەی (وەرگێڕرا)دا پارچەی (وەر ـ) واتای هەڵگێڕانەوە دەدات ، پارچەی (گێڕ) کە ڕەگی (گێڕان)ە مانای هێنان و بردن دەگەیەنێ ، پارچەی (ـ ر) کارا بزرێتی دەردەبڕێ ، پارچەی (ـ ا) کاتی ڕابوردوو دەگەیەنێ ••• ئەم پارچانەی وشە ، کە وا هەڵگری واتای لێکسیکی و ڕێزمانین ، پێیان دەوترێ (مۆرفێم) • مۆرفێمیش وەك وشە ، لە سەرێکەوە خاوەنی واتایە و لە سەرێکی دی‌یەوە دەنگ و بریتی‌یە لە بچووکترین دانەی واتاداری زمان •

---

(٢٢) ل. بلومفیلد ، زمان (تەرجوومەی ڕووسی) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٨ ، ل ٧٣

بچووکترین دانە ، کە لە پرۆتسیسی لەیەکترگەیشتندا بەکاردێنرێ ، بریتی‌یە لە وشە . وشە دەشێ هەندێ جار لە لایەن ئاخێوەرەوە سەربەخۆ و تەنیا بەکاربهێنرێ . ئەمەش لە بارێکدا دەبێ، کە ڕستە لە وشەیێك پێك‌بێ : (ئێوارێ ، لەسەرخۆ ...) یاخود کاتێ ڕستەکە بەتەواوی نەوترێ ، بە وێنە لە وەڵامی پرسیاردا : (کەی ئێوە هاتن ؟ ـ دوێنێ ، کێتان لەگەڵبوو ؟ ـ ئازاد) . مۆرفێم لە ئاخاوتندا بەجیا بەکارنایەت و تەنیا لە وشەدا دەبینرێ و وشەش دابەش‌دەبێ بەسەر مۆرفێمدا .

بارودۆخی سەرەکیی دابەش‌کردنی وشە بەسەر مۆرفێمدا ، ئەوەیە زنجیرە وشە خاوەنی یەکێتی پێکهاتنە ، کە وا لە یەکگرتنی هەمەجۆردا گەلێ جار هەمان واتای لێکسیکی و ڕێزمانی بەرچاودەکەوێ . بۆ نموونە ، لە وشەی (کچۆڵە)دا جیاکردنەوەی مۆرفێمی (کـچ)و (ـ ۆڵە) بارودۆخی وشەکانی (کچانە ، کچێنی ، کچانی ، کچێتی ...) ڕادەگەیەنێ ، کە پارچەی (کچ)یان تێدایە و لە سەرێکی دیشەوە ، لە وشەکانی (نەرمۆڵە ، شرۆڵە ...)دا پارچەی (ـۆڵە) دەبینرێ .

هەر پارچەیێکی وشەی (هەڵگەڕاندنەوە) : (هەڵ ـ) ، (گەڕ) ، (ـ ان) ، (ـ اندن) ، (ـ ەوە) لە چەندین وشەی دی‌دا بەدی‌دەکرێ :

هەڵ ـ	گەڕ	ـ ان	ـ اندن	ـ ەوە
هەڵ ـ گەڕان	گەڕ ـ ان	شکـ ـ ان	نو ـ اندن	چوون ـەوە
هەڵـچوون	وەرـگەڕـان	ترسـان	شکـانـاندن	هاتنـەوە
هەڵـواسین	لێـگەڕـان	هێنـان	دڕـانـاندن	بردنـەوە

بەو پێ‌یە وشەکانی زمان کەرەستەی دابەش‌کردنی وشەیە بەسەر مۆرفێمدا . بوونی وشەیەکی زۆری گرووپی جۆربەجۆر لە سەرێکەوە

یاریدەی ئاخێوەر دەدات وشەکانی زمان بەسەر مۆرفێمدا دابەش بکا و لـە سـەرێکی دیکەشـەوە بـە ڕێگـەی ئـەو گـرووپـانـەدا وشـەی نـوێ دروست بکـا [٢٣].

* * *

لە بەرنامەی لێکۆڵینەوەی زماندا شێوازی بەراوردکاری دەورێکی گەورە دەبینێ . دەتوانرێ بـەراورکردن بـۆ هێنانـەدی دوو مـەبـەستی جیاواز بخرێتە کار : بۆ دۆزینـەوەی یـاسـای گشتی یـان دەستخستنی بەڵگەی مێژوویی . زمانەوان پێویستی بە بەڵگەی مێژووییـە تـا ڕووتتـر مێژووی پێشکەوتنی زمان یان خێزانی زمانی لـەبەرچـاوبێ . پێـویستیی لێکۆڵینەوەی مێژووی پێشکەوتنی زمان ، ئەو هەڵوێستە بەناوبانگەی ف. ئێنگلس دیاری دەکا ، کەوتوویە : «کەرەستە و قاڵبی زمانی زگماك تـەنیا بە ئاگاداری و وردبوونەوە لە پەیدابوونی و پێشکەوتنی لەسەرخۆی پلە بە پلەی ، ڕوون و ئاشکرا دەبێ . دەنا ئەگەر گرنگی بـەوە نـەدرێ ، ئـەوە ناتوانرێ قاڵبە مردەکانی ئـەو زمانـە و زمانـە مـردوو و زینـدووەکـانی هاوڕەگەزی بزانرێ »[٢٤].

لە بەراوردکردنی زماندا بە ئاسانی هـەست بـە وێکچوون دەکرێ . کوردێك ئەگەر تەنیا هەر زمانەکەی خۆشی بزانێ ، بێ گیروگرفت تێدەگا، کە (چەهار)ی فارسیی نـاوەڕاست و (چهـار)ی فارسیی نـوێ و (چـار)ی بلووجی ، واتـای (چـوار)ی کـوردی دەگـەیـەنێ . بـەڵام بـەرانبـەر یەکتر ڕاگرتنی زمانانی دوور لەیەك یان کۆن و نوێ وا ڕوون و ئـاشکـرا

(٢٣) سەرچاوەی ناوبراو ، ئا. ن. گفۆزدییێف ، زمـانی ئـەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ ، ل ١١٨ .

(٢٤) ف. ئێنگلس ، کارە کۆکراوەکـانی ، چاپی دووەم ، بـەرگی بیستـەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٣٣٣ .

دەرناکەوێ • ئەگەر لە دوو زمانی لەیەکتر دوورەوە هەندێ وشە وەك یەك بن ، ئەوە ئەو جۆرە وێکچوونە بۆ لێکۆلینەوە بایەخی نییە • وێکچوونی رێکەوت و چەند شتێکی لابەلا ناچنە نێو کاری واقیعی و زانستی‌یەوە • لەبەر ئەوەی هەر بەلگە و راستی‌یێکی زمان سەر بە سەرپاکی زمانە،بۆیە دەبێ لەباری دەنگسازی و وشەسازی و رستەسازی و واتاناسی‌یەوە سیستەمی زمانێك لەگەل سیستەمی زمانێکی دی‌دا بەرانبەر یەك رابگیرێن ، بەو مەبەستەی نیشانبدرێ ، کە ئەو زمانانەی بەراوردکراون ، خزمایەتی لە نێوانیاندا هەیە یان نا و ئەگەر هەیە ، بزانرێ رادەی خزمایەتی‌یەکە چەندە •

گەلێ جاریش وێکچوون دەبینرێ ، کە راست نی‌یە بەوە دابنرێ ، گوایا زمانێك لە زمانێکی دی‌یەوەی وەرگرتبێ ، بەلکو راستی ئەوەیە ، سروشتی پێوەندیی بەردەوامی نێو زمانانی خێزانێك ئەمەی سازکردووە • گرووپی زمانانی هاورەگەز ، بەو کۆمەلە زمانە دەوترێ ، کە لە نێوانیاندا وێکچوونی سروشتی لە پێکهاتنی دەنگ و واتای رەگی وشەو گیرەك (ئافیکس)دا دەردەکەوێ • روونکردنەوە و دیاری‌کردنی ئەو وێکچوونە سروشتی‌یەی لە نێوان زمانانی هاورەگەزدا هەیە ، ئەرکی لێکۆلینەوەی بەراوردیی مێژوویی‌یە[٢٥] •

جێگەی دیار لە لێکۆلینەوەی بەراوردیی مێژوویی‌دا دەگەرێتەوە بۆ شێوازی بەراوردە مێژوویی‌یەکە • ئەو شێوازەش کە وەك سیستەمی تۆژینەوەی زانستی دیاری‌دەکرێ ، لە لێدوانی زمانانی خێزانێکدا

---

(٢٥) ف. م. بیریزین ، ب. ن. گۆلۆڤین ، زمانناسیی گشتی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ ، ل ٢٩٧ .

بەکاردێنرێ بۆ نیشاندانی وێنەی مێژووی کۆنی ئەو زمانانە بە مەبەستی والاکردنەوەی سروشت و پێشکەوتنیان . ئەمەش دەبێ لەو زمانەوە دەستپێبکات ، لە بنەمای ئەو زمانەیە و ئەو خێزانەی لێکەوتووەتەوە .

شێوازی بەراوردیی مێژوویی لەسەر بناغەی ژمارەیێك خواست و پێویستی ڕۆدەنرێ ، تا ئەنجامی باش وەدەست بهێنرێ :

١ ـ لە بەراوردکردنی وشە و قاڵبی وشەدا لە زمانانی خێزانێکدا پتر گرنگی بە قاڵبی کۆن و دێرین دەدرێ . زمان بریتییە لە یەکێتییێکی بەشی کۆن و بەشی نوێ ، کە لە کاتی جیاوازدا پەیدابوون . لە ڕەگی ئاوەڵکرداری (ئێرە)ی کوردیدا ، پاشماوەی کۆنی وشەی(ئرە)ی ئاوێستاو (ئیتەر)ی فارسیی ناوەڕاست دەبینرێ . یاخود (هەمیشە ، هەموو دەم)ی کوردی و (همدە)ی ئاوێستا ...

٢ ـ وردبوونەوەی تەواو لە یاساکانی دەنگسازی ، بەتایبەتی لەو ڕووەوە ، کە لە دۆخێکی دیاریکراودا دەنگێك تێدا دەچێت ، یان دەگۆڕرێ بە دەنگێکی دی . بۆ نموونە «هەفتات ، ئەشتات/هەشتات»ی زمانی فارسیی ناوەڕاست لە زمانی فارسیی نوێ و زمانی بلووجیدا (ت)ەکە بووە بە (د) ـ «هەفتا ، هەشتا» و لە زمانی کوردیشدا (ت) تێداچووە و (ا) ماوەتەوە وشەکان بوون بە «حەفتا ، هەشتا» .

٣ ـ وێکچوونی هەندێ حاڵەتی ڕێزمانیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی هاوخێزانیدا شتێکی ڕێکەوت نییە . بۆ نموونە ، لە ئاوێستادا ناوی نێری بە (ە) کۆتایی هاتوو ، بەرانبەر بە ناوی مێی بە (ا) کۆتایی هاتوو دەوەستا . ئەوەتە وشەی «ئەسپە» ـ (ئەسپ) جنسی نێرە و بەرانبەری «ئەسپا» ـ (ماین) هەیە ، کە جنسی مێیە . وا پێدەچێ

(ا)ی نیشانەی جنسی مێی حاڵەتی ئیزافەی دیالێکتی ژووروی گوردی لەو (ا)یەی نیشانەی جنسی مێیەی حاڵەتی ئاسانی ئاوێستاوە مایێتەوە ، کە لە سەرەوە پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوە •

٤ ـ لە مەسەلەی وشەڕۆناندا وێکچوونی گەلێ پێشگر و پاشگر بەڵگەی هاوڕەگەزێتین • بۆ نموونە پاشگری (ـ دان ، ـ کەر •••) بە هەمان شێوە لە فارسیی ناوەڕاستدا دەبینرێ ••• پاشگری (ـ وان/ەوان، ـ گا/گە•••)ی کوردی لە فارسیی ناوەڕاستدا لە شێوەی نزیکی (پان ، گاس•••)دا هەیە •

••• هتد •

ماوەیەکە هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی تا ڕادەیێك بایەخ بەو جۆرە بەراوردکاری‌یە مێژووییانە و هەندی شێوازی دی دەدەن ، بەلاّم ئەوەی کە تا ئێستا ئاوڕی لێ‌نەدراوەتەوە،یاخود کەم لای لێ‌کراوەتەوە،دوو مەیدانی ڕستەسازی و واتای کۆنی وشەن لە شێوازی بەراوردکاریی مێژووییدا • لە ڕاستیشدا کێشەی بەراوردکاریی ئەو دوو بوارە ، ئەگەرچی کارێکی یەکجار گرانە ، بەلاّم لە مەیدانی بەراوردکاری‌دا ، باسی گرنگ و سەرەکین •

لەکۆتاییدا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشین ، کە ئا• مایە تەواو نیشانی پێکاوە، کە وترێیە : «بەراورد تاکە وەسیلەی ڕێخۆشکەری تۆژەرە بۆ بیناکردنی مێژووی زمان»[٢٦] • منیش لەبەر ڕووناکیی ئەو بیرە وردەدا لەم بەرهەمەدا ، بەپێی توانست هەندێ بەراوردی مێژوویم کردووە و ئەگەر کەڵکێکی ببێ ، خۆم بە بەختەوەر دەزانم •

د• ئەوڕەحمانی حاجی مارف

---

(٢٦) ئا• مایە ، شێوازی بەراوردکاری لە زمانناسیی مێژوویدا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ ، ل ١٨ •

شمارہ

گورته هەلسەنگاندنێکی
ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی
« ژمارە »دا کراون

مامۆستا سەعید صدقی کابان لە کتێبی «مختصر صرف و نحوی کوردی»دا (ژمارە)ی لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی (ناو)دا باس کردووە و بە جۆرێك لە جۆرەکانی ناوی لەقەڵەم داوە [1].

لەم بەرهەمەدا چوار جۆر ژمارە جیاکراوەتەوە : « ١ - ژمارەی ئەصلی ، ٢ - ژمارەی رِوتبی ، ٣ - ژمارەی تەوزیعی ، ٤ - ژمارەی کەسری » (ل ١٢) .

لە باسی ژمارەی بنجیدا ، کە ئەو «ژمارەی ئەصلی» پێوتووە، تەنیا ناوی چەند ژمارەیێکی نووسیوە و ئەوەی وتووە ، کە لە (یەك)ەوە تا (دە) - (یەکان) ، لە (دە)وە تا (سەد) - (دەیان) ، لە (سەد)ەوە تا (هەزار) (سەدان) ، لە (هەزار) ەوە تا (ملیۆن) - (هەزاران)یان پێ دەڵێن (ل ١٣) .. ئیتر هیچ تایبەتێتییەکی دی باس نەکردووە ، واتە - نە لە ڕووی ڕۆنانیانەوە نە لە ڕووی بەکارهێنانیانەوە ، نە لە ڕووی پەیدابوونیانەوە ... نەدواوە[2].

دەربارەی ژمارەی پلەیی، کە ئەو بە «ژمارەی ڕوتەبی» ناوی بردووە، هەر ئەوەندەی باس کردووە ، کە بە خستنەسەری (ـەم) ، (ـەمین) بۆ سەر ژمارەی بنجی پێك دێ (ل١٣) .

(١) سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ ، ل ١٢ - ١٣ .

(٢) دواتر ئەو کێشانە ڕووندەکەینەوە .

باسی ژمارەی کەرتی - واتە (ژمارەی کەسری)یش بریتی‌یە لە پێناسەیێکی کورت و چوار نموونە •

وشەکانی وەك «یەك‌یەك ، دوودوو ، چوارچوار •••» ، کە مامۆستا سەعید صدقی و زوربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بە ژمارەی دابەش - «ژمارەی تەوزیعی» دایانناوە جێی سەرنج و دەمەتەقێیە ، چونکە ئەگەرچی ئەو جۆرە وشانە لە دووپات‌کردنەوەی ژمارەی بنجی پێك‌دێن ، بەڵام لە ئەنجامدا دەبنە ئاوەڵکردار و ڕاست نی‌یە بە ژمارە دابنرێن •

لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی»دا ، مامۆستا تۆفیق وەهبی بەشە ئاخاوتنی ژمارەی بە جۆرێکی ئاوەڵناو داناوە و لەژێر سەرباسی «سیفەتی ژمارەیی»دا لێی‌کۆڵیوەتەوە [٣]•

نووسەری ئەم کتێبە لە سەرەتادا ژمارەی بەسەر دوو جۆردا دابەش‌کردووە و وتوویە : «سیفەتی ژمارەیی دوو چەشنی هەیە : ١ - سیفەتی ژمارەیی ئەسڵی ، ٢ - سیفەتی ژمارەیی ڕوتەبی» (ل ٧٤) ، کەچی کە لە باسی ژمارەی بنجی و ژمارەی پلەیی بووەتەوە لە لاپەڕە (٧٦)دا بەناوی « ژمارەی کەسری »یەوە لە ژمارەی کەرتی دواوە • بەم پێیە لەم بەرهەمەدا سێ جۆر ژمارە : (١ - بنجی ، ٢ - پلەیی ٣ - کەرتی) باس‌کراوە • دیارە نەبینینی باسێك بەناوی (ژمارەی تەوزیعی) یەوە ، ئەوە دەگەیەنێ مامۆستا وەهبی دەرکی بەوە کردبێ ، کە وشەکانی (یەك‌یەك ، دوودوو ، سێ‌سێ •••) ژمارە نەبن :

---

(٣) تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ ، ل ٧٤ - ٧٧ •

باسی ژمارەی بنجی ، کە ئەو «سیفەتی ژمارەیی ئەسلی»ی پێوتووە، بە پێناسەیەك دەستپێکردووە و یەكدوو نموونەی بۆ هێناوەتەوە • لە باسی تایبەتێتی‌یەکانیشدا تەنیا لە دوو خاڵ دواوەو ئەویش بە چەند دێڕێك • دوو خاڵەکەش ئەمانەن :

أ ـ هاتنی لە پێش ناوەوە و مانەوەی ناوەکە لە شێوەی تاکدا •

ب ـ «ئەگەر ناوەکە بە ناو تەواو کرابێ ژمارەی هەر کامێکیان گەرەك بێ سیفەتی ژمارەیی ئەسلی ئەخرێتە پێش ئەوناوەوە»(ل ٧٤ ـ ٧٥)•

لەمە زیاتر هیچی دی باس نەکردووە ، لەگەڵ ئەوەدا کە ژمارەی بنجی لەگەلێ ڕووەوە سەرنجی تۆژەر ڕادەکێشێ و بواری باسکردنی یەکجار فراوانە •

نووسەری کتێبی «دەستووری زمانی کوردی» لە باسی ژمارەی پلەیی‌دا ، ئەوەی یادداشتکردووە ، کە ئەگەر ژمارەی بنجی کۆتایی بە دەنگی (ۆ ، ێ) بێت ، ئەوە (ی)یەك لە نێوان ژمارە بنجی‌یەکە و نیشانەکەدا پەیدا دەبێ ••• ڕاستە ئەو (ی ـ y) نیمچەبزوێنە یاریدەی پێوەلکانی نیشانەی (ـ ەم ، ـ ەمین) دەدا بە ژمارەی کۆتایی هاتوو بە دەنگی (ۆ ، ێ)یەوە ، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستی‌یەش لەبیرنەکەین ، کە (ی ـ y) نیمچەبزوێن بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەو ژمارانەشدا پەیدا دەبێ ، کە کۆتاییان بەدەنگی (ا ، و ، ی) دێت ••• وێڕای ئەوە ، ئەوەشی باسنەکردووە ، کە ئەگەر ژمارە بنجی‌یەکە کۆتایی بە دەنگی (وو) بێت ، نیمچەبزوێنی (و ـ w) یاریدەدەدا •

مامۆستا وەهبی لە باسی ژمارەی کەرتی‌دا باش بۆ ئەوە چووە ، کە وشەکانی (سێیەك ، چواریەك •••) وشەی لێکدراون و ئەم جۆرە (پێکهاتنەش تەنیا لەو ژمارانەدا ڕەنگدەداتەوە ، کە ژمارەی دووەمیان

(یەك) بێت ... بەڵام ئەگەر ژمارەی دووەم ژمارەی (یەك) نەبێت ، ئـەوە ژمـارە کـەرتی‌یـەکـە وەك وشـەیـەکی لێکدراو پەیدانابێ (ل ٧٦) ... بەڵام ئەوە جێی سەرنجە ، کە وشەی «نیو»ی بە ژمـارەی بنجی دانـاوە و وشەی «نیوە»یش بـە ژمـارەی کـەرتی (ل٧٧) . وەك دەزانین «نیـو» و «نیوە» هەردووکیان لە دوو بەش بەشێك ڕادەگەیـەنن . بۆ نموونە چـۆن دەشێ بوترێ «منداڵەکە نیو سێوی خوارد» ، بە هـەمان چـەشن دەلـوێ بوترێ «منداڵەکە نیوەی سێوەکەی خوارد » ... جـا بـاس ئـەوە نیـیـە «نیو» ژمارەی بنجی بێت و «نیوە»یش کەرتی ، بەڵکو باس ئەوەیە «نیو» شتی (مطلق ، تجرید) ڕادەگەیەنێ و «نیوە»یش (مجسم ، محدود) .

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لەو کتێبەیدا کـە بـە نـاوی «ڕێزمـانی کوردی»یەوە بڵاوی‌کردووەتەوە[٤] ، لە سەرێکەوە پەیڕەوی مـامـۆستـا تۆفیق وەهبی کردووە و وەك ئەو ژمارەی بە جـۆرێکی ئاوەڵناو دانـاوە . لە سەرێکی دی‌یەوە لە دابەش‌کردنی‌دا بە ڕێگەی مامۆستا سەعید صدقی‌دا ڕۆیشـتـووە و وەك ئـەو چـوار جـۆری (١ ـ ژمـارەی ڕیشـەیـی ، ٢ ـ ژماری تـەرتیبی ، ٣ ـ ژمـارە تـەوزیعی ، ٤ ـ ژمـارەی کـەسـری) دیاری‌کردووە ...

نووسەری کتێبی «دەستووری زمانی کوردی» و نووسـەری کتێبی «ڕێزمانی کوردی» بەپێی پەیڕەوی کردنی نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیـزی ژمارەیان بە ئاوەڵناو داناوە . ڕاستە لە زمانی ئینگلیزیدا لە یەکەم سەرنجدا ڕەنگە وا بێتە پێش‌چاو، کە هاتنی ژمارە لەگەڵ‌ناودا وەك« two boys- دوو کوڕ» جیاوازی لەگەڵ هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا « little boys - کوڕی بچووك» نەبێ ... بەڵام ئەگەر قووڵ لەو مەسەلەیـە وردببینـەوە

(٤) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٣٣ - ١٣٧ .

بە ئاسانی هەست بەوە دەکەین ، کە لە نێوان ژمارە و ئاوەڵناودا جیاوازی زۆرە • ئەو جیاوازی‌یەش بە ڕوونی لە پێوەندیی واتای پارچەکانی ژمارەی پێکەوەبەستراو و پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوەبەستراودا بەدەردەکەوێ •

وەك ئاشکرایە ، بۆ پێکهێنانی ئەو جۆرە ژمارانە ،دوو ڕێگەی (کۆکردنەوە) و (لێکدان) باون • بەڵام هەرچی پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوەبەستراوە ، لەسەر بناغەی ئەو دوو ڕێگەیە سازناکرێت • بەوێنە کە دەوترێ (شینی کاڵ) هیچ ئەوە ناگەیەنێ ، کە لە (شین + کاڵ) یاخود (شین × کاڵ) پێکهاتبێ ••• جا بڕێ لە نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ڕاست نین ، کە ژمارەیان خستووەتە نێو بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوەوە • هەرچی هەندێ نووسەری ڕێزمانی کوردی‌یشە ، کە لاسایی زمانی ئینگلیزی‌یان کردووەتەوە ، ئەگەر گوێ نەدەینە دەرك نەکردنیان بەو جیاوازییانەی لە زمانی ئینگلیزی و زۆر زمانی دی‌دا لە نێوان ژمارەو ئاوەڵناودا هەیە ، کە بەشێکیمان لە سەرەوە باس‌کرد ، خۆ دەبوو هەست بەوە بکەن ، کە لە ڕستەی کوردیدا ئاوەڵناو بەدوا ناودا دێت : (ژنی جوان) ••• بەڵام هەرچی ژمارەیە دەکەوێتە پێش ناو : (چوار ژن)••

لەو ڕووەشەوە ، کە مامۆستا نووری عەلی ئەمین ، وەك مامۆستا سەعید صدقی ژمارەی کەرتی (ئەوان واتە‌لی - ژمارەی تەوزیعی) بە جۆرێك لە ژمارە داناوە ، ئەوە دووپات ناکەینەوە ، کە لە باسی کتێبی «مختصر صرف و نحوی کوردی»دا وتوومانە ، بەڵکو تەنیا ئەو ڕستەیە دەخەینە پێش چاو - «گوێزەکانم پێنج‌پێنج ژمارد» (ل ١٣٦) ، کە مامۆستا نووری عەلی ئەمین کردوویەتی‌یە بەڵگە• پێویست ناکا ئەوە ئیسپات‌بکەین کە «پێنج‌پێنج» وەسفی کرداری «ژمارد» دەکا چونکە نووسەر خۆی

دەڵێ : « پێنج‌پێنج ژمارەی تەوزیعی‌یە وەسفی کرداری (ژمارد) ئەکا »
(ل ١٣٧) و دواتریش لە بەشی گاوەڵکرداردا ئەوەی دیاری‌کردووە ، کە
ئەرکی یەکەمی گاوەڵکردار ، ئەوەیە وەسفی کردار بکا (ل ١٨٦) .

نووسەر لەژێر سەرناوی «ژمارەی ڕیشەیی»دا لە ژمارەی بنجی دواوە و باسەکەی بە پێناسەیەك دامەزراندووە ، کە دەڵێ : «ئەو ژمارەیەیە ، کە کەرتی تیانی‌یە ، وەك (یەك ، هەشت ، پەنجا ، دوو)»(ل١٣٣) ... ناتەواوی هەرە دیاری ئەو پێناسەیە لەوەدایە ، کە مامۆستا نووری وای داناوە ژمارەی بنجی کەرتی تێدا نی‌یە ، کەچی تەئافەت بە سەرنجی سەرپێیی لە ژمارە بنجی‌یەکانی زمانی کوردی ، ئەوە دێتە بەرچاو ، کە زوربەی زۆری ئەو ژمارانە بەلای کەمەوە دوو کەرتیان تێدایە ... ئەوەتە جگە لە (ژمارەی سادە) ، هەروەها (ژمارەی دارێژراو) و (ژمارەی لێکدراو) و (ژمارەی پێکەوەبەستراو)یش هەیە . بەوێنە ژمارەی وەك (حەفتا ، هەشتا...) دارێژراون و لە مۆرفیمێکی ڕیشەیی و مۆرفیمێکی وشەدارێژ سازبوون ـ بە واتایێکی دی وشەیەکی سادە (حەفت، هەشت)و پاشگری (ـ ا) پێکهاتوون . هەرچی (ـ ا)شە (ـ ات)ی ئێرانی‌یە و لە کوردیدا (ت) تێداچووە ... ژمارەی وەك (یازدە ، دوازدە ... چواردە. نۆزدە)...(دووسەد ... چوارسەد ... نۆسەد)یش، کە لێکدراون و لە دوو وشەی سادە ، یا بڵێین لە دوو مۆرفیم پێکهاتوون ، دوو جۆرن : ١ ـ بەشێکیان ، وەك (یازدە...نۆزدە) گۆڕانی فۆنەتێکی‌یان بەسەردا هاتووە ٢ ـ بەشەکەی دی‌یان ، وەك (دووسەسەد...نۆسەد) هیچ گۆڕانێکی فۆنەتیکی‌یان بەسەردا نەهاتووە . ژمارەی پێکەوەبەستراویش ، وەك (سەدو چوار ، سەد و بیست و حەوت ...) لە یەك‌کەوتنی چەند ژمارەیەك پێك‌دێن و بە یاریدەی (و)ی پێوەندی پێکەوە دەبەسترێن .

دوا بەدوای ئەو پێناسەیە ، باسی چەند تایبەتێتی‌یەکی کەمی ژمارەی جی کردووە و ئنجا لە ڕووی ڕۆنانەوە لێی دواوە و دەڵێ :

«ژمارەی ڕیشەیی دوو بابەتە :

۱ ـ ژمارەی سادە . ئەمیش دوو بەشە :

أ ـ بەشێکیان لە (۱)ەوە دەست پێ ئەکا هەتا(۹) وەك (یەك، دوو، سێ، چوار ، پێنج ، شەش ، حەوت ، هەشت ، نۆ .

ب ـ بەشێکیشیان سەرگرێن (عقدە) وەك :

(دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شەست، حەفتا، هەشتا، نەوەد، سەد، هەزار)» (ل ١٣٤)

بەشی(أ) تەنیا ئەوانە ناگرنەوە کە لە (۱)ەوە دەست پێ دەکەن هەتا(۹)، بەڵکو گەلێ ژمارەی دیش دەگرنەوە ، وەك (دە) ، (سی) ، (چل) ، (سەد) (هەزار) ... و ئەمانیش هەر سادەن .

ژمارەیێکی زۆری بەشی (ب) ، وەك (دە) ، (سی) ، (چل) ، (سـەد) ، (هەزار) ... سەر گرێ (عقدە) نین و سادەی تەواون .

ژمارەکانی (پەنجا ، حەفتا....) ش دارێژراون ...

نووسەر لە باسی جۆری دووەمدا دەڵێ :

«۲ ـ ژمارەی لێکدراو . ئەمیش دوو بەشە :

أ ـ ژمارەی ئاوێتەیی . ئەوانەن کە لە دوو ڕیشەی تێکەڵاو بـەیەکتر پێك‌هاتوون ، کە لە (۱۱)ەوە دەست پێ ئەکا هەتا (۱۹)

یانگزە ، دوانگزە ، ... پانگزە ...

ب ـ ژمارەی پێ‌بەستی . ئەوانـەن کە لـە دوو ڕیشـە پێك‌دێن ، وە ئامرازی (و) ئەخرێتە بەینیانەوە ، بۆ ئەوەی کە بە یەکیانەوە گـرێ بـدا ، وەك : بیست‌وچوار.... هەشتاوهەشت » (ل ١٣٤ ـ ١٣٥).

لێرەدا وێڕای ئەوەی ناوی هەندێ ژمارەی بە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی تۆمارکردووە ، ناوی ژمارەی وەك (دووسەد ، سێسەد ... نۆسەد)یشی نەبردووە و نیشانی نەداوە ، کە ئەمانە سەر بە چ جۆرێکن .

لە لاپەڕە (١٢٥ – ١٣٦)یشدا بە ناوی «ژمارەی تەرتیبی» یەوە لە ژمارەی پلەیی دواوە . ناتەواویی گەورەی ئەم باسە ئەوەیە ، نووسەر ڕای داناوە ، کە جگە لە (ـ ەم ، ـ ەمین) ؛ (یەم ، یەمین) و (ـ هەم ، هەمین)یشی بە نیشانەی سازکردنی ژمارەی پلەیی داناوە ... وەك ئاشکرایە ، ئەو (ی)یە یان ئەو (ه)ە لەگەڵ ئەسڵی نیشانەکەدا نین . (ی ـ ٧)ی نیمچەبزوێن و (ه)ی نەبزوێن بۆ نەهێشتنی گرفتو ئاسانکردنی دەربڕین دێنە ناوانەوە ... پێویستە ئەوەش بڵێین ، ئەگەر ژمارە بنچینەیەك کۆتایی بە بزوێنی (وو) بێت ، ئەوە وەك بزوێنەکانی دی نیمچەبزوێنی (ی ـ ٧) یاریدە نادا ، بەڵکو نیمچەبزوێنی (و ـ ٣) ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ ...[٥] سەرەڕای ئەوەش ماموستا نووری ئەو نیشانانەی بە پاشگر داناوە ، بەڵام لە ڕاستیدا نیشانەن ...

لە نێو جۆرەکانی پێکهاتنی ژمارەی کەرتیدا ، نووسەر تەنیا باسی جۆری (چواریەك ، هەشتیەك ...)ی کردووە و ناوی ئەوانی دی : ١ – بە یارمەتیی پێشبەندی (لە) ، وەك : لە دە پێنج ... لە دەیان پێنج .. لە دەدا پێنج ... پێنج لە دە ... یەك لە چلان ... ٢ – بە هاریکاریی وشەی (لەسەر) ، وەك : دوو لەسەر پێنج ... ، ٣ – بە یارمەتیی نیشانەی ئیزافەی (ی) ، وەك : سەدی هەشت ، سەدی ... هتد[٦] نەبردووە .

---

(٥) بۆ لێکۆڵینەوەی تەواوی ئەو کێشەیە ، بڕوانە : ئەو باسەی لەم کتێبەدا لە بارەی (ژمارەی پلەیی)یەوە کراوە ، ل ٨٨ – ١٠١ .

(٦) بڕوانە : ئەو باسەی لەم کتێبەدا دەربارەی (ژمارەی کەرتی)کراوە ل ١٠١ – ١٠٨ .

له باسی ژمارەی کتێبی «اوا ئو دەستورا زمانێ کوردی»ی مامۆستا جگەخوێندا[7] ، باسی چوار جۆر ژمارە : (١ ـ ژمارەی بنجی ، کە ئەو «ژمارەی بنگەی»ی پێ وتووە ؛ ٢ ـ ژمارەی پلەیی ، کە بە «ژمارەی رەوتبی»ی ناوبردووە ؛ ٣ ـ ژمارەی دابەش ، کە ئەو ناوی ناوی «ژمارەی پشکی» ؛ ٤ ـ ژمارەی کەرتی ، کە ئەو بە ناوی «ژمارەی شکەستی»یەوە لێی دواوە) .

لەم بەرهەمەدا سەرەڕای ئەوەی ژمارە بە جۆرێك لە ناو دانراوە ، هەروەها ناتەواوی و هەڵەیەکی زۆر و تێکەڵکردنێکی نەشارەزایانە بەرچاو دەکەوێ .

کەم و کورتی و ناتەواویی باسی ژمارەی کتێبی «سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی»[8]ی مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی لەچەند خاڵێکدا کۆدەبنەوە :

١ ـ پێناسەی ژمارە بە جۆرێکی وا ساکار و نارێك کراوە ـ «هەر یەکێ ، لە هەر ژمارەیێ ، کە تۆ بتەوێ ناوێکی تایبەتی بەسەردا سەپێنراوە ...» (ل ١٧٦) ، کە نە لە پێناسە دەچێ و نە پێوەندی بە پێناسەوە هەیە .

٢ ـ لە دابەشکردنی ژمارەدا، کە چوار جۆر ـ «١ ـ ژمارەی سادە ؛ ٢ ـ ژمارەی لێکدراو ؛ ٣ ـ کەرتی ژمارە ؛ ٤ ـ ژمارەی ڕیزی»

---

(٧) جگرخوێن ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٣٢ ـ ٣٥ .

(٨) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٦٧ ـ ١٦٩ .

ل ١٦٧ ــ ١٨٦) دیاریکراوە ، ڕووی ڕۆنان و واتا تێکەڵ کراوە ، چونکە دوو جۆری یەکەم : (١ ــ سادە ؛ ٢ ــ لێکدراو) لـە ڕووی ڕۆنانەوەیە و هەرچی دوو جۆرەکـەی دیشـە : (٣ ــ کـەرتی ؛ ٤ ــ ڕیزی) لـە ڕووی واتاوەیە ••• سەرەڕای ئەوە لـە ڕووی ڕۆنـانـەوە جگـە لـە (سـادە) و (لێکـدراو) ؛ (داڕێـژراو) و (پێکەوەبـەستراو)یش هەیـە • لـە ڕووی واتاشەوە وێڕای (کەرتی) و (ڕیزی) ؛(بنجی)یش هەیە •

٣ ــ لە باسی ئەوری ژمارە لە ڕستەدا ئەو هەڵەیە کراوە ، کـە ژمـارە بە ئاوەڵناو دانراوە و ئاوەڵناویش بە ناو •••

••• و هـەنـدێـکـی دی

هەرچی لایەلی بـاشی ئـەم کارەشە ، بـەتـایبـەتی لـە دوو خـاڵـدا بـەدەردەکـەوێ :

١ ــ ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ تەماشاکراوە •

٢ ــ وشـەی وەك (یـەکـیـەك ، دوودوو •••) بـە ژمـارەی دابەش دانەنراوە •

مامۆستا ئەحمەد حەسەن ئەحمەد لە کتێبی «ڕێزمانی کـوردی»دا[٩] چـوار جـۆر ژمـارە : (١ ــ ژمارەی بنـجی ؛ ٢ ــ ژمارەی پلەیی ؛ ٣ ــ ژمارەی کەرتی ؛ ٤ ــ ژمارەی دابەش)ی جیاکردۆتەوە و ژمارەی پلەیی بە ئاوەڵناو داناوە و سێ جۆرەکەی دیش بە ناو •

ئەم نووسەرەش بە هەڵە چووە ، کە وەك مامۆستایان : سەعید صدقی کابان و نووری عەلی ئەمین ، وشەکانی (یەکـیـەك ، دوودوو •••دەدە••)ی بە جۆرێك لە ژمارە داناوە[١٠]•••

---

(٩) ئەحمەد حەسـەن ئەحمـەد ، ڕێزمانـی کـوردی ، بەغـدا ، ١٩٧٦ ، ل ١١٠ ــ ١٣٠ •

(١٠) لە باسی کتێبی «ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا نووری عـەلی ئەمینـدا وەلامی ئەو بۆچوونەمان داوەتەوە • بڕوانە : لاپەرە (٣١ ــ ٣٢)ی ئەم کتێبە •

خاوەنی کتێبی «ڕێزمانی کوردی» ، کە ژمارەی پلەیی بە ئاوەڵناو دانراوە ، دەبوو لە باسی ئاوەڵناودا لێی بدوێ... ژمارەی بنچی و ژمارەی کەرتیش ناو نین و دوو جۆری ئەو بەشە ئاخاوتنە سەربەخۆیە بە ناوی (بەشە ئاخاوتنی ژمارە)وە ناسراوە[11].

نووسەر ئەگەرچی باسی هەندێ تایبەتیتی ژمارەی بنچی کردووە ، بەڵام بەشێکی زۆریانی بە هەڵە باس کردووە و هەروەها گەلێ تایبەتیتی گرنگی دی هەیە ناوی نەبردوون ... ئەوەی پتر سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەشە ، کە زوربەی لێدوانەکانی ئەم باسەی پتر پێوەندی بە پیرۆزانی یەوە هەیەو بە دەگمەن کێشەی باسە بنەڕەتییەکە کراوەتە کەرەستە .

لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا بە هەڵە نیشانەکانی (لە ئەو ئاوەڵناوە پێوتوون) ژمارەی پلەیی بە(- م ، - مین) داناوە ، بۆیە دواتر لەبەردەم باسەکەیدا دەکەوێتە هەڵەی گەورەترەوە ... ئەوەتە وای بۆ چووە ، ئەگەر ژمارە بنچییەکە کۆتایی بە نەبزوێن بێت ، ئەوە لە نێوان نیشانەو ژمارە بنچییەکەدا (ە) پەیدا دەبێ ... خۆ ئەو کۆتایی بە بزوێنیش هاتبێ ، ناو دەمە (یە) لەجیاتی (ە) دێت ... لە گەلێ شوێندا باسی ئەو جۆرە تایبەتیتییانەی زمانی کوردیمان کردووە ، بۆیە بە کورتی دەڵێین ئەمە لەگەڵ هیچ یاسا و دەستوورێکی فۆنەتیکی زمانی کوردیدا ناگونجێ .

لە لاپەڕە (١٩ - ٣١)ی کتێبی پۆلی چوارەمی ئامادەیی[12] بەناوی ئاوەڵناوی ژمارەییەوە ، سێ باس دەبینرێ : (١ - ئاوەڵناوی

---

(11) بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو باسە ، بڕوانە : سەرەتای فەسڵی دووەمی ئەم کتێبە (ل ٥٤ - ٦١) .

(12) عەبدوللا شاڵی ، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، د. ئەمین عەلی ، نووری عەلی ئەمین، فەرەیدوون عەلی ئەمین، عەلائەددین سەجادی، کەمال مەحموود فەرەج ، ئەبووزەید مستەفا سەندی ، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٩ - ٣١ .

ژمارەی بنجی ل ١٩ – ٢٢ ؛ ٢ – ئاوەڵناوی تەرتیبی ل ٢٣ – ٢٦ ؛ ٣ – ئاوەڵناوی نەرتی ل ٢٧ – ٣١) • لێرەدا ئاشکرا ئەوە دەبینین ، کە ژمارە بە جۆرێك لە ئاوەڵناو دانراوە •

باسی ژمارەی بنجی ئەم کتێبە ، بە زۆری وەك ئەوەی کتێبی «ڕێزمانی کوردی»ی مامۆستا نووری عەلی ئەمین وایە[١٣] ، بەتایبەتی لە ڕووی ڕۆنانەوە ، کە وتراوە :

«ژمارەی بنجی سادەیە یا لێکدەر :

أ – سادە لە (١)ەوە دەست پێ ئەکات هەتا (٩)•بە ژمارەی دە، بیست، چل ، پەنجا ، هەشتا •••) دەگوترێت (سەرەگرێ) •

ب – لێکدراویش ، یا لە دوو ژمارەی بنجی تێکەڵ پێك دێت ، وەك (یانزدە•• شانزدە•• حەڤدە••) یا دوو ژمارەی بنجی، کە بە بۆنەی ئامرازی لێکدەری (و) دەدرێتە دەم یەکتر ، وەك :

بیست‌وچوار ، چل‌وهەشت » (ل ٢٠)

لێرەشدا دیسان دەڵێین : بۆ دەبێ تەنیا لە (١) ەوە تا (٩) سادەبن • (دە) یاخود (سی ، چل ، سەد ••) بۆ دەبێ (سەرەگرێ) بن و جیاوازییان لەگەڵ (١) تا (٩) چی‌یە؟•• خۆ (پەنجا، هەشتا•••) سادەنین و ـاڕێژراونو جیاوازییان لەگەڵ (دە ، سی ، چل •••)دا هەیە •

لە باسی ژمارەی لێکدراویشدا هەندێ ناتەواوی و هەڵە دەبینرێ :

ڕاستە (یانزدە•• شانزدە•• حەڤدە••) لێکدراون ، چونکە بوونەتە یەك وشە ، بەڵام ژمارەی وەك (بیست‌وچوار) یان (چل‌وهەشت) بە هیچ چەشنێك ڕاست نی‌یە بە لێکدراو دابنرێن ، چونکە نەبوونەتە یەك وشە و وەك ئەوە وایە بوترێ (بەهار و زستان)؛ (ژن و پیاو)؛ (سلێمانی و هەولێر)

(١٣) بڕوانە ئەو باسەی لەم بەرهەمەدا (ل ٣٠ – ٣١) دەربارەی کتێبی « ڕێزمانی کوردی »ی مامۆستا نووری عەلی ئەمین کراوە •

... سەرەڕای ئەوە باسی چۆنێتی پێکهاتنی ژمارەکانی (دووسەد ، سێسەد ..نۆسەد) نەکراوە ، بۆیە ئاشکرا نی‌یە ، لە ئەمانە دەلەوبە چ پەشێکەوە .

نووسەرانی ئەم کتێبە لە باسی ئاوەڵناوی پلەیی‌دا دەڵێن :
«لەو ئاوەڵناوە بنجی‌یانەی کە کۆتاییان بە پیتە دەنگی (واتە ۆنسۆنانت ـ ئەورەحمان) دێت بە پاشگری (ـ ەم) و (ـ ەمین) دروست دەکرێت ، بەڵام ئەو ئاوەڵناوە بنجی‌یانەی لە کۆتاییان بە پیتە بزوێن دێت پاشگری (ـ یەم) و (ـ یەمین) دروستدەکرێن » (ل ٢٤) . لەم چەند ێڕەدا گەلێ هەڵە کراوە :
١ ـ ئەو جۆرە وشانە ئاوەڵناو نین و ژمارەن .
٢ ـ کۆتاییان بە پیت نایەت ، بەڵکو بە دەنگ کۆتاییان دێت .
٣ ـ ئەو زیادی‌یەی دەخرێتە سەریان پاشگر نی‌یە و نیشانەیە .
٤ ـ نیشانەکان (ـ یەم) ، (ـ یەمین) نین و (ـ ەم) ، (ـ ەمین)ن ەرچی ئەو (ی)یەشە یاریدەدەرە .

لە باسی ژمارەی کەرتی (ئەوان واتەنی ـ ئاوەڵناوی کەرتی)یشدا ، لەگەڵ ئەوەدا کە هەندێ جۆری باو و ڕەسەنی زمانی کوردی‌یان ناونەبردووە ، کەچی شتی نەسازی وەك (سێ هەشت‌یەك ..)یان کردووەتە نموونە ، کە وا پێ‌دەچێ لەم ساڵانەی دواییدا دروستکرابێ .

مامۆستا صالح حسەین حەسەن پشدەری لە کتێبی «کورتەیەك لە ڕێزمانی کوردی» (ل٣٨ ـ ٤٠)دا[١٤] ، ئەگەرچی پێناسەی ژمارەی ەکردووە و گەلێ تایبەتێتی گرنگی ژمارەی بنجی یادداشت‌نەکردووە و باسی ژمارەی پلەیی نەکردووە و وەك جۆرێکی ژمارە جیای نەکردووە

(١٤) صالح حسێن حەسەن پشدەری ، کورتەیێك لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٨ ـ ٤٠ .

ئەوە[15]و لە بەشی ڕۆنانی ژماردا باسی ژمارەی (١١) تا (١٩)ی نەکردووە..

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەڕای ئێمە تا ڕادەیەك لێکۆڵینەوەیێکی سەرکەوتووە ، بەتایبەتی لە دوو ڕووەوە :

١ - ژمارەی بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ داناوە .

٢ - لە بواری ڕۆناندا باسی ژمارەی باشتر لە نووسەرانی دی ڕێزمانی کوردی کردووە .

لە بەشێك لەو ئارە زمانەوانییانەدا کە کوردناسانی سۆڤێت : د. قەناتی کوردۆ ، د. چەرکەزی بەکۆ ، د. کەریمی ئەیووبی و د. ی. ئا. سمیرنۆڤا، د. مەکسیمی خەمۆ، د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤ، د. زاری یووسف .. نووسیویانە ، چاومان بە باسی ژمارە دەکەوێ :

د. قەناتی کوردۆ لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی» (١٩٥٧)دا[16] ژمارەی بەسەر شەش جۆردا دابەش کردووە :

١ - ژمارەی بنجی ؛ ٢ - ژمارەی پلەیی ؛ ٣ - ژمارەی کەرتی ؛ ٤ - ژمارەی لێکدەر ؛ ٥ - ژمارەی ئاوەڵکرداری ؛ ٦ - ژمارەی دابەش.

هەرچی لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو» (١٩٧٨)شدایە[17] باسی پێنج جۆری

---

(١٥) ئەوەی پێوەندیی بە کێشەی ژمارەی پلەیییەوە هەبێ ، ئەوەیە کاتێ لە نیشانەکانی ژمارەی بنجی دواوە ، وای داناوە کە (ـ ەم) بۆ پلەی بەراورد و (ـەمین) بۆ پلەی باڵا بەکاردێ (ل ٣٩) . ئەگەرچی (ـین)ی (ـەمین) لە (ـین)ی «ـترین»ی پلەی باڵادەچێ ، بەڵام لە (ـەمین)دا مەسەلە پلەی باڵا نییە ...

(١٦) د. قەناتی کوردۆ (کوردۆیێف) ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٣٩ - ١٥٦ .

(١٧) د. قەناتی کوردۆ (کوردۆیێف) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٨٦ - ٩٩ .

گردووه : ۱ ـ ژمارەی بنجی (ل ۸۷ ـ ۸۹) ؛ ۲ ـ ژمارەی پلەیی (ل۸۹ ـ ۹۰) ؛ ۳ ـ ژمارەی دابەش (ل ۹۲) ؛ ٤ ـ ژمارەی لێکدەر (ل ۹۲ ـ ۹۳) ؛ ٥ ـ ژمارەی کەرتی (ل ۹۳ ـ ۹٥) .

جیاوازی بوونی شەش جۆر ژمارە لە کتێبی یەکەمدا و پێنج جۆر لە کتێبی دووەمدا ، ئەوەیە کە لە کتێبی یەکەمدا بەناوی (ژمارەی ئاوەڵکرداری)یەوە جۆرێك ژمارە جیاکراوەتەوە ، کە لە کتێبی دووەمدا ئەو سەرباسە نی یە . بەڵام ڕاستی یەکەی ئەوەیە ، کە ئەو جۆرە ژمارەیە لە کتێبی دووەمدا خراوەتە سەر باسی (ژمارەی لێکدەر) . بە هەر حاڵ جۆرەکانی ژمارە لای مامۆستا کوردۆ پێنج بن یان شەش ، ئەو ڕاستی یە ناگۆڕێ ، کە جگە لەم سێ جۆرە : (۱ ـ ژمارەی بنجی ؛ ۲ ـ ژمارەی پلەیی ؛ ۳ ـ ژمارەی کەرتی) ، ئەوانی دی ناکەونە بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە ... ڕاستی یەکەی ئەوەیە ، بەشێکیان ئاوەڵکردارن و بڕێکیان ئەنجامی هەندێ عەمەلیاتی حیسابین ... جا ئێمە بە پێویستی نازانین باسی ئەو شتە لاوەکی یانە بکەین ، بۆیە وەلاوەیان دەنێین و دێینە سەر هەڵسەنگاندنی باسی سێ جۆرە ڕاستەقینەکە. لەبەر ئەوەش کە کاری هەرە گەورە و دیار و زانستی دە. قەفاتی کوردۆ کتێبی «دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو)»ە و تێیدا بە وردی و دوورو درێژی لە ژمارە (ل ۸٦ ـ ۹۹)ی کۆڵیوەتەوە ، دەیکەینە کەرەستە و سەرچاوەی سەرەکیی ئەم باسەمان .

شایانی باسە ، کە دە. کوردۆ گەلێ ڕووی بەشە ئاخاوتنی ژمارەی لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی ـ کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو ـ دا ڕوونکردووەتەوە و زانیاریی باش و نوێی تۆمارکردووە و

به شێوەیێکی زانستی‌یانە کۆلیوەتەوە ، بەڵام ناوەناوە تێکەڵکردن لە
.رەلەیدا دەبینرێ و هەروەها گەلێ لایەنی گرنگیش هەن باس‌نەکراون :

بۆ نموونە . نووسەر لە ڕووی ڕۆنانەوە لە(ژمارەی بنجی) نەدواوە و
هیچ تایبەتێتی‌یێکی ئەوتۆی ئەم جۆرە ژمارەیەی باس نەکردووە ...

ناتەواوی دیاریش بەتایبەتی لەوەدایە ، کە فۆرمی هەندێ ژمارەی بە هەڵە
تۆمارکردووە :

لەکرمانجیی خوارووودا بەرانبەر ژمارەی (١٢) نووسیوێتی :
«دۆزدە» (ل ٨٧) ، کە ڕاستی‌یەکەی (دوازدە)یە . بەرانبەر (١٧)
نووسیوێتی « حەوتدە» (ل ٨٧) ، کە ڕاستی‌یەکەی (حەقدە)یە . بەرانبەر
(٥٠) نووسیوێتی «پێنجی» (ل ٨٨) ، کە ڕاستی‌یەکەی (پەنجا)یە ، بەرانبەر
(٩٠) نووسیوێتی «نەوێد» (ل ٨٨) ، کە ڕاستی‌یەکەی (نەوەد)ە ...

هەرچەندە دە کوردۆ لە باسی ژمارەی پلەیی (ل ٩٨ ــ ٩٠)دا نیشانە
ـەرەکی‌یەکانی (ــ ەم) ، (ــ ەمین) ، (ــ وم) و هەندێ نیشانەی دی
باس‌کردووە، کە دەچنە سەر ژمارەی بنجی و دەیانکەنە پلەیی ، بەڵام ناوی
ـیسانەکانی (ــ ۆم) ، (ومی) .. نەبردووە ... لە باسی ژمارەی کەرتی
ر ٩٣ ــ ٩٥)یشدا ناوی پێکهاتنی (سێ‌یەك ، چواریەك...)ی نەبردووە ،
ـە شێوەی هەرە دیار و باوە .

لە بەرهەمە زانستی‌یەکانی بەر لە ساڵانی حەفتای دەچەرکەزی بەکۆدا
ـنگی بە باسی ژمارە دراوە[18] . ساڵی ١٩٧٣یش لە کتێبی «زمانی

---

(١٨) بەوێنە :
اــ چ. خ. باکاییێف ، بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستان ، مۆسکۆ ،
١٩٦٢ ، ل ١٠٩ ــ ١١١ .
بــ چ. خ. باکاییێف ، زمانی کوردەکانی ئازربایجان ، مۆسکۆ، ١٩٧٣
ل ١١٧ ــ ١٢١ .

کوردەکانی سۆڤیێت»دا[19] باشتر لێی دواوە • مامۆستا بەکۆ لەم شێیەی دواییدا لەسەر بناغەی کەرەستەیەکی زۆری بەتە دیالێکتەکانی کوردی سۆڤیێت و بەراوردکردن لە نێوانیاندا زاناکانە و شارەزایانە لە ژمارەی نووسینەوەو چوار دەستەی دیاری کردووە : «۱ - ژمارەی بنجی» (ل ۱۲٦ - ۱۳٤) ؛ «۲ - ژمارەی پلەیی» (ل ۱۳٤ - ۱۳٦)؛ ۳ - ژمارەی کەرتی»(ل ۱۳٦) ؛ « ٤ - ژمارەی دابەش» (ل ۱۳۷) •

جیاکردنەوەی جۆرەکانی ژمارە لای د. بەکۆ هەر وەك مامۆستایان : سەعید صدقی و نووری عەلی ئەمین ••• وایە ، ئەوەتە ئەمیش چوار جۆر ژمارەی دیاری کردووە و چەشنی چوارەم - «ژمارەی دابەش» ، کە ژمارە نی‌یە ، بە جۆرێك لە ژمارە داناوە ••• لە ڕووی ڕۆنانی ژمارەکانیشەوە وەك د. کوردۆیە - واتە ئەو باسە گرنگەی خستووەتە پشت گوێ •

هەڵەیەکی دیاری ئەم بەرهەمە لە باسی شێوەی ئەو نیشانانەدایە کە یاریدەی پێکهێنانی ژمارەی پلەیی دەدەن • مامۆستا چەرکەزی بەکۆ (- وۆم) و (- وۆمی) و (- یۆم)یشی لەگەڵ (- ۆم) و (- ۆمی) داناوە (ل ۱۳٤ - ۱۳٥) ، بەلام ئاشکرا دیارە کە (و)ی سەرەتای (- وۆم) و (- وۆمی) نیمچەبزوێنە و پێویست هێناویەتی‌یە ناوانەوە و لەگەڵ ئەسلی نیشانەکاندا نی‌یە - واتە نیشانەکان (- ۆم) و (- ۆمی)ن ، نەك (- وۆم) و (- وۆمی) ••• هەرچی (- یۆم)یشە دیسان هەر (- ۆم)ە و (ی)یەکەی سەرەتای نیمچەبزوێنە و لە نێوان دوو بزوێندا پەیدا بووە •

د. کەریمی ئەیووبی و د. ئی. ئا. سمیرنۆڤاش لە کتێبی «دیالێکتی کوردی موکری»دا[20] چوار جۆر ژمارە : (۱ - ژمارەی بنجی ؛

---

(۱۹) چ. خ. باکاییێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤیێت ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۳ ، ل ۱۲٦ - ۱۳۷ .

(۲۰) ك. ڕ. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لینینگراد ، ۱۹٦۸ ، ل ۵۳ - ۵۵ .

۲ - ژمارەی پلەیی ؛ ۳ - ژمارەی کەرتی ؛ ٤ - ژمارەی دابەش)یان دیاری کردوە •

لەبارەی باسی (ژمارەی بنجی) ئەم بەرهەمەوە سەرنج بۆ چەند خاڵێك ڕادەکێشم :

۱ - گەلێ تایبەتیێتی ئاشکرای ئەو بەشە دیالێکنە یادداشت نەکراوە •

۲ - لە ڕووی ڕۆنانی ژمارەکانەوە هیچ لێدوانێك بەرچاو ناکەوێ •

۳ - ئەوە وتراوە ، کە ژمارەی (یەك) وەك پاشگری (- ێك) بەدەردەکەوێ، لەچی پەنجە بۆ ئەوە ڕانەکێشراوە، کە (- ێ)ی کورتکراوەی (- ێك)یش هەیە •

نووسەرانی ناوبراو لە باسی ژمارەی پلەیی (ل ٥٤ - ٥٥)دا وا ڕادەگەیەنن ، کە «لە ژمارەی (نۆ) ژمارەی پلەیی بە یاریدەی پاشگر (ڕاستتر نیشانە - ئەوڕەحمان)ی (- ێم) سازدەبێ»(ل ٥٤) • بەر لە هەر شت ئەوە ڕووندەکەینەوە ، کە وشەی (نۆ) کۆتایی بە بزوێن هاتووە و نیشانەی (- ێم) بە بزوێن دەستپێئەکات • جا دەزانین کە دوو بزوێن پێکەوە نایەن • ئەیووبیو سمیرنۆڤا خۆشیان لە زۆر شوێنی کتێبەکەیاندا ئەو ڕاستییەیان وتووە ••• وێڕای ئەوە ئاشکرا دیارە وشەی (نۆ) ، کە بزوێنی (ۆ) کۆتاییەتی ، وەك ئەو وشانەی بە (ا، ێ، ی، ە) کۆتاییان دێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و دەوترێ (نۆیەم) •

هەر لەم بەشەدا ئەوەشیان وتووە ، کە : «ئەو ژمارانەی کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێت (جگە لە نۆ) ، کاتێ نیشانەی (- ەم ، - ەمین)یان دەخرێتەسەر ، لە نێوان کۆتایی ژمارەکان و سەرەتای وشەکاندا نەبزوێنی (ە) یان (ی - y) پەیدا دەبێ» (ل ٥٤) • لەم بارەیەوە دەڵێین :

١ ـ نەبزوێنی (ە) لە زوودا نەبووە و تازە هاتۆتە ئاوانەوە و لـە لاوە هێنراوە • ئەمڕۆش کە بەکاردێنرێ ، تەنیا بـۆ ئـەو ژمارانـە نیـیـە ، کـە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ ، بەڵکو بۆ تێکڕای ژمارەکان ـ واتە بۆ ئەو ژمارانەشە ، کە بە نەبزوێن کۆتاییان دێت • بەوێنە چۆن دەوترێ (سێهەم) بە هەمان شێوە دەشوترێ (چوارهەم) •

٢ ـ هەرچی نیمچەبزوێنی (ی ـ y)یشە ڕاست‌نی‌یە بوترێ دەچێتـە سەر هەموو ئەو ژمارانەی کۆتاییان بە بزوێن دێ ، چونکە ئەوەتە ژمارەی (دوو) کۆتایی بە بـزوێن دێ و نـاشێ (ی ـ y)ی بخرێتـە سـەر ـ واتـە نـاوترێ (دوویەم) •

د• مەکسیمی خەمۆ لەو کارە زانستی‌یـەیدا ، کـە بەنـاوی «زمـانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق »ەوە بـڵاوی‌کردۆتـەوە[٢١] ، زۆر بە کورتی لە بەشە ئاخاوتنی ژمارە دواوە (ل ٣٣٤ ـ ٣٣٥) • ئـەمیش وەك گـەلێ ڕێزمان‌نووسی دی کوردی ، ژمـارەی بەسـەر چـوار جـۆردا : (١ ـ بنجی ؛ ٢ ـ پلەیی ؛ ٣ ـ کەرتی ؛ ٤ ـ دابەش) دابـەش‌کـردووە • لەم بەرهەمەدا باسی ژمارە نەك هەر بە کـورتی کـراوە و بـە لاپـەڕەیـەك کوتایی پێ‌هێنراوە ، بەڵکو ئەو زانیاری‌یـانەش کـە تۆمـارکراون تـەواو سادەن • بەوێنە لە باسی (ژمارەی بنجی)دا لەوە زیاتر کـە نـاوی ژمارەی یـەکـان ـ (١ تـا ١٠) و دەیـان ـ (٢٠ ، ٣٠ ••• ٩٠)و سـەدان (٢٠٠ ، ٣٠٠ ـ ٩٠٠) و وشەی (هەزار) و (دووهەزار) تۆمارکراوە ، هیچی دی باس نەکراوە ••• یاخود لە باسی (ژمارەی پلـەیی)دا هـەر ئـەوەنـدە

(٢١) د• مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێـراق ، کتێبی « وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و ناوەڕاسـت » ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٣٤ ـ ٣٣٥ •

وتراوە ، کە لە بەشە دیالێکتی بادینانندا (ــ ێ) دەچێتە سەر ژمارەی بنجیو دەیکاتە ژمارەی پلەیی ...

دە. ڕ. ڵ. تسابۆلۆڤ لە کتێبی «لەبارەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە»[٢٢] باسی (ژمارەی بنجی)و (ژمارەی پلەیی) کردووە (ل ٣٣ ـ ٣٦).

ڕووی باش و سەرکەوتووی ئەم کارە بەتایبەتی لەوەدایە کە لەسەر شێوازێکی زانستیو بەراوردیی مێژوویی نووسراوە و بەشێکی زۆری ئەو ژمارانەی باسیان کراوە ، لەگەڵ ئاوێستا و فارسیی کۆن و فارسیی ناوەڕاست و ... دا بەراورد کراون . ناتەواویی دیاریشی ئەمانەیە :

١ ـ نووسەر لەوەدا ڕاست نییە ، کە شێوەی پێشکەوتنی هەندێ ژمارەی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییە نوێکانی دی خستۆتە ژێر تەئسیری پێشکەوتنی زمانی فارسییەوە .

٢ ـ پێویست بوو باسی ئەو ژمارانەش بکات ، کە لە دوا (١٠)ەوە دێن و نەدەبوو لێکۆڵینەوەی لە ژمارەی بنجیی زمانی کوردی تەنیا بریتی بێ لە لێدوان لە دە ژمارەی سەرەتا .

٣ ـ لە باسی ژمارەی پلەییدا (ــ ەمە)ی بە نیشانەی سەرەکی داناوە ، بەلام ڕاستییەکەی ، ئەوەیە کە ئەو (ــ ەمە) لە زمانی کوردیدا بووە بە (ــ ەم) ...

٤ ـ دەربارەی تایبەتییەکانی ژمارەی بنجی و ژمارەی پلەیی هیچی نەوتووە و سەرەڕای ئەوەش ناوی ژمارەی کەرتی نەبردووە .

---

(٢٢) ڕ. ل. تسابۆلۆف ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣٣ ـ ٣٦ .

د• زارێ یووسف له کتێبی «دیالێکتی سلێمانی زمـانی کـوردی» (ل ٦٥ ـ ٦٨)دا[٢٣] دەربارەی ژماره زانیاریی باشی تۆمارکردووه• بەوێنه:

١ ـ ئەوەی یادداشت کردووه ، که له زمانی کوردیدا ژمـارەی بنجی کاتێ چەندێتی ناوێك ڕادەگەیەنێ ، له پێش ناوەکەوه دێت (ل ٦٥) •

٢ ـ لەوه دواوه که ژمارەی (یەك) زۆر جار لەگەڵ ناودا لـه شێوەی نیشانەی (ـ ێك)دا دێت (ل ٦٦) •

٣ ـ له باسی پێکهاتنی ژمارەی کەرتی به یاریدەی نیشانەی ئیزافـەی (ـ ی)دا ئەوەی دیاری‌کردووه ، کـه (ـ ی)یـەکه به ژمارەی یەکەمـەوه دەلـکـێ (ل ٦٧) •

٤ ـ له ڕووی ڕۆنانەوه له ژمارەی کۆڵیوەتەوه (ل ٦٥) •

•••و هەندێکی دی •

ئەگەرچی نووسەر تێکڕا له لێکۆڵینەوەی ژمارەدا سـەرکـەوتووه ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ناتەواوی و هەڵه له باسەکەیـدا دەبینرێ •

بـۆ نـمـوونـه :

١ ـ نووسەر لەوەدا ڕاسته ، ، ئەگەر له پێش ژمارەوه ئاوەڵکرداری «نزیك»بێت ، ئەوه ژمارەکه واتای تەقریبی وەردەگـرێ (ل ٦٦) ، بـەڵام وەك ئاشکرایه قالبی (نزیکی) ، (نزیکەی)یش هەیه و د• زارێ یـادداشتی نەکردوون • کەچی لەسەرێکی دی‌یەوه «نزیکـه» و «هەتـا»ی لـەتـەك «نزیك»دا داناوه••• وەك هەموو دەزانین، شێوەی «نزیکه» بەکارنایەتەو وشـەی «هەتـا»ش ئـەو دەوره نـابینـێ ••• بـەڵام ئەوەتـه وشـەی «دەوروبەری» هەیه ، که ئەو ئەرکه بەجێ‌دێنێ و نووسەر بەلایدا نەچووه•

٢ ـ بەڵێ باش بۆ ئەوه چووه ، کـاتێ ژمـارەی (یـەك) دەوری نـاو

(٢٣) زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٦٥ ـ ٦٨ .

دەبینێ نیشانەی (ـ یك)ی ئەنـاسیـاوی پێـوە دەلکـێ ، بـەڵام دەبـوو نیشانەی (ـ ێ)یش لەبیر نەکات .

٣ ـ د. زارێ هەموو ژمارە دەیی‌یـەکانی (دە ، بیست .. حەفتـا .. نەوەد) ی بە سادە داناوە (ل ٦٥) . وەك پێشتر ڕوونمان کـردەوە ، ژمـارە دەیی‌یەکان جگە لە سادە ، داڕێژراو و لێکدراویشیان تێدایە .

٤ ـ نووسەر لە باسی ژمارەی پلەیی‌دا بە هیچ چەشنێك لـەو دوخـە نەدواوە ، کە ژمارەی بنجی کۆتایی بەبزوێنی (ا ، ێ ، ی ، ۆ ، ە) دێت و نیمچە بزوێنی (ی ـ) پەیدادەبێ ، یاخود کە بە بزوێنی (وو)ش تـەواو y دەبێت نیـمچەبزوێنی (و ـ w) دەبێتە یاریدەدەر .

... و هەندێکی تر .

ئەگەر بۆ باسی ژمارە ئاوڕێك لەو کارانەش بدەینەوە ، کـە بە زمانـە ڕۆژئاواییەکان لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراون ، بـەداخـەوە شێکی ئەوتۆمان دەستگیر نابێ بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەمان کەڵکی لێ وەربگـرین و بیخەینە سەر خەرمانی لێدوانەکەمان ... چونکە لە بەشێکیاندا ئەو باسە نابینرێ و لە بەشەکەی دیشدا (جگە لە کتێبی -Manuel De Kurde ـ Dialecte Sorani)ی د. جۆیس بلو[٢٤] لێدوانێکی کورتی سەرپێیی کراوە . بۆ نموونە :

د. ئەرنست مەکارۆس لە کتێبی «ڕێزمانی کوردی»دا[٢٥] بـە هیچ چەشنێك دەربارەی ژمـارە نەدواوە ... د. مەکەنـزی لە لاپـەڕە (٧١ ـ ٧٢) و (١٦٩ ـ ١٧٠)ی ئەو کتێبـەی سـاڵی ١٩٦١ لـەبـارەی ڕێـزمـانی کوردیـیـەوە بڵاوی‌کردووەتەوە[٢٦] ، بـە کـورتی لە (ژمارەی بنجـی) و

24- Joyce Blau ,Manuel De Kurde, Paris, 1980, PP. 79-85.

25- Ernest N. Maccarus, A Kurdish Grammar, New-York, 1958. PP. 71-72, 169-170.

26- D.N. Machenzie, Kurdish Dialects Studies, London, 1961,

(ژمارەی پلەیی) دواوە و هەموو باسەکەشی تەنیا بریتی‌یە لە ناوی هەندێ ژمارەی بنجی لە بەشە دیالێکتەکانی سلێمانی و بنگرد و پژدەر و موکری•• سورچی و ئاکری و ئامێدی و زاخو ••• دا و پێکهاتنی ژمارەی پلەیی بە یاریدەی نیشانەی (ـ ەم ، ـ ەمین) و (ـ یً) •

دە جۆیس بلۆ لە لاپەڕە (٧٩ ـ ٨٥)ی کتێبی ناوبراودا تا ڕادەیەك باش لە (ژمارەی بنجی)و (ژمارەی پلەیی)و (ژمارەی کەرتی) دواوە و نموونە و بەڵگەی لەباری هێناوەتەوە و هەندێ تایبەتێتی‌یانی باس کردووە •••

* * *

بەم شێوەیە ـ واتە دوای کەمێ نیشاندانی ئەوەی چی لەبارەی ژمارەوە لە زمانی کوردیدا نووسراوە ـ دەتوانین ئەم ئەنجام و تێبینی‌یانە بخەینە پێش‌چاو :

١ ـ بەشێك لە نووسەران (ژمارە) یان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی (ناو)دا باس‌کردووە و بە جۆرێك لە جۆرەکانی ناویان لەقەڵەمداوە ، وەك : سەعید صدقی کابان ، جگەرخوێن •••

هەندێکیش بە جۆرێك لە ئاوەڵناویان داناوە ، وەك : تۆفیق وەهبی ، نووری عەلی ئەمین •••

برێکیش مامەڵەی بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیان لەگەڵ کردووە . وەك : محەمەد ئەمین هەورامانی ، صالح حەسەن ، دە قەناتی کوردۆ ••••••

چۆن بە هیچ جۆرێك ناتوانین ڕای ئەو نووسەرانە وەربگرین ، کە لەبەر ڕووناکیی ڕێزمانی‌عەرەبی ژمارەیان بەناو لەقەڵەمداوە،هەر بەو چەشنە ڕای ئەوانەش کە لەسەر شێوازی چاولێکەریی زمانی ئینگلیزی ژمارەیان

بە ئاوەڵناو دانراوە ، بە لامانەوە پەسەند نی یە . چونکە ئاشکرایە ، ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێك خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە بەگشتی ، کە وەك دیاردەیێکی تایبەتی ـ واتە وەك ژمارە بە تەنیا یان ژمارەی شتێك ... واتای گشتی ی ئەم بەشە ئاخاوتنە لە خاسیەتی ڕێزمانی دا ڕەنگ دەداتەوە. وێڕای ئەوە ، ژمارە لە ڕووی پێکهاتنەوە خاوەنی تایبەتیی یێکی دیاری کراوی وەهایە ، کە لە بەشە ئاخاوتنەکانی دی جیادەکاتەوە ... بۆ گەیاندنی واتای ژمارە لە سیستەمی بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا ڕێگەی ئەوتۆ بەکاردێنرێ ، کە لە سیستەمی بەشە ئاخاوتنی ناودا بەکارناهێنرێ . ئەم تایبەتیی یانەش خاسیەتی ژمارە دیاری دەکەن و وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ جیای دەکەنەوە و نیشانی ئەوە دەدەن ، کە ڕاست نی یە بخرێتە بەشە ئاخاوتنی ناوەوە ... ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا بتوانین ئەو چەند وێکچوونە ڕێزمانی یە کەمەی نێوان ژمارەی پلەیی و ئاوەڵناو بە بەڵگەی دانانی ژمارەی پلەیی بە ئاوەڵناو وەربگرین ، ئەوە بە هیچ چەشنێك ناتوانین ئەو ڕایەی هەندێ نووسەران پەسەند بکەین ، کە ژمارەی بنجی یش بە ئاوەڵناو لە قەڵەم دەدەن . ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا لە نێوان ژمارەی پلەیی و ئاوەڵناودا کەمێ وێکچوونی ڕێزمانی هەبێ ، ئەوە لە زمانی کوردیدا ئەو وێکچوونە زۆر کەمترە ...

٢ ـ نووسەرانی ڕێزمانی کوردی کاتێ لە ڕووی تایبەتیی واتا و چۆنێتی بەکارهێنانەوە ژمارە دابەش دەکەن بەسەر جۆری جیاوازدا ، جیاوازی یەکی زۆر لە نێوان دابەش کردنەکانیاندا بەدی دەکرێ . بەوێنە مامۆستا تۆفیق وەهبی جارێك دووجۆر ژمارە : (١ ـ بنجی، ٢ ـ پلەیی)و جارێکی دی سێ جۆر : (١ ـ بنجی ، ٢ ـ پلەیی ، ٣ ـ کەرتی)ی دیاری کردووە . مامۆستایان : سەعید صدقی کابان ، نووری عەلی ئەمین ،

جگەرخوێن ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، دە چەرکەزی بەکۆ ... چوار جۆر : (١ - بنجی ، ٢ - پلەیی ، ٣ - دابەش ، ٤ - کەرتی)یان یادداشت کردووە • دە قەناتی کوردۆ شەش جۆر : (١ - بنجی ، ٢ - پلەیی ، ٣ - کەرتی ، ٤ - لێکدەر ، ٥ - ئاوەڵکرداری ، ٦ - دابەش)ی دەستنیشان کردووە ...

ئەم جیاوازی‌یەش ئەوە نیشاندەدا ، کە هەندێ نووسەر ژمارەی کەرتی بە جۆرێك لە ژمارە دانانین ، برێك ژمارەی پلەیی ناخەنە نێو بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە ... بەپێچەوانەشەوە ، نووسەری وا هەیە ئەنانەت ئاوەڵکرداری (یەك‌یەك ، دوودوو ، سێ‌سێ ...)و وشەی چەندێتی نادیاری وەك (زۆر ، کەم ...)یش بە چەشنەکانی ژمارە لەقەڵەم دەدەن •

لە رێگای هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (ژمارە)دا کراون و بەپێی بۆچوون و لێکدانەوە و تۆژینەوەی تایبەتی خۆمان و بە هۆی کەڵك وەرگرتن لە تیۆریی زمانناسی‌یەوە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی لە زمانی کوردیدا سێ جۆر ژمارە : (١ - بنجی ، ٢ - پلەیی ، ٣ - کەرتی) دیاری‌بکەین •

٣ - برێ نووسەر ناوی ژمارەکانی نێوان (١١ - ١٩)یان بە شێوەی ئاخاوتنی سلێمانی و هەندێ شێوە ئاخاوتنی دی تۆمارکردووە : (یانزە - یانگزە ... پانزە - پانگزە ... حەڤدە ...) •

ئەسڵی ئەو وشانە کە (یازدە... پازدە... حەڤدە...)ن ، بێ‌گومان چ بۆ نووسین و چ بۆ زمانی ئەدەبی ، راست وایە پەیرەوی ئەسڵەکەیان بکرێ ...سوان و تێچوونی (د) روونکردنەوە و لێکۆڵینەوەی تەواوی دەوێ.

چونکه له زۆر شوێنی وشەدا دەقرتێ ، بۆیە ئەمڕۆ لە زۆر شوێنی کوردستاندا ، بەتایبەتی له ناوچەی سلێمانیدا دەنگی (د)ی ژمارەکانی (یازدە•• پازدە••• حەڤدە) سواوە و دەوترێ (یانزە - یانگزە - پانگزە - پانگزە••••حەڤقە)• لەبەرئەوەی قووتدانی ئەم (د)ە بووە بەهۆی قورسیی دەربڕینی ئەو وشانە ، بۆیە ئاخێوەر بۆ سووككردنی ئەو نالەبارییە . ناچار بووە دەنگی (ن) یان (نگ) بێنێتە ناو (یازە ••• پازە •••)ەوە و (ڤ)ی (حەڤە)ش دووبارە بکاتەوە •

٤ - بەشی هەرە زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ژمارە نەدواون و ئەو بەشە کەمەش کە باسیان کردووە . ژمارەی دەیانی (بیست ، سی ، چل ، پەنجا ، شەست ، حەفتا ، هەشتا ، نەوەد)یان بە سادە داناوە ••• بەڵام بەڵگەی مێژوویی وا ڕادەگەیەنێ (حەفتا ، هەشتا» و «پەنجا ، شەست ؟ » بە یاریدەی (-ات)ی ئێرانی سازبوونو لە کوردیدا (ت) تێداچووە و (ا) ماوەتەوە ••• وشەی «نەوەد / نەوەت» یش یان بە هاریکاری پاشگری (-تی) ئاوێستا یان (- ات)ی ئێرانی پێکهاتووە و هەندێ گۆڕانی بە سەردا هاتووە ••• هەرچی (بیست ، سی ، چل)ە ڕواڵەتیان سادەیە •

٥ - زوربەی توێژەران وایان نیشانداوە ، کە جگە لە(-ەم،-ەمین) و (-یەم ، - یەمین) و (- هەم ، - هەمین) یش نیشانەی سازکردنی ژمارەی پلەیین •••

وەك ئاشکرایە ، ئەو (ی)یە ، یان ئەو (ه)ە لەگەڵ ئەسڵی نیشانەکاندا نین• (ی - y)ی نیمچەبزوێن و (ه)ی نەبزوێن بۆ نەهێشتنی گرفت و

ئاسانکردنی دەربڕین دێنە ناوانەوە • وێڕای ئەوە ، پەنجە بۆ دوور ڕاستی‌یش ڕادەکێشین :

أ) ئەگەر ژمارە بنجی‌یەکە کۆتایی بە بزوێنی (وو) بێت . ئەوە وەك بزوێنەکانی دی نیمچەبزوێنی (ی – y) یاریدە نادا ، بەڵکو نیمچەبزوێنی (و – w) ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ •

ب) نەبزوێنی (ھ) لە زوودا نەبووە و تازە ھاتۆتە ناوانەوە و لە لاوە ھێنراوە • ئەمڕۆش کە بەکاردێنرێ ، تەنیا بۆئەو ژمارانە نی‌یە کەکۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ ، بەڵکو بۆ تێکڕای ژمارەکانە – واتە بۆ ئەو ژمارانەشە ، کە پە لەبزوێن کۆتاییان دێت • بەوێنە چۆن دەوترێ (سێ‌ھەم) ، بە ھەمان شێوە دەشوترێ (چوارھەم) •••

٦ – دەربارەی تایبەتێتی‌یەکانی ژمارەی بنجی و ژمارەی پلەیی و ژمارەی کەرتی ، ھەندێ نووسەر ھیچیان نەوتووە • ئەو نووسەرانەش کە باسیان‌کردووە ، بە لای گەلێ ڕووی گرنگ و ئاشکرادا نەچوون . لەگەڵ ئەوەدا کە تایبەتێتی ھەر یەکێك لەو سێ جۆر ژمارەیە : (١ – بنجی • ٢ – پلەیی ، ٣ – کەرتی)ی کوردی لە زۆر ڕووەوە سەرنجی تۆژەر ڕادەکێشێ و بواری باس‌کردنی یەکجار فراوانە •

٧ – ھیچ یەکێك لە نووسەران (جگە لە د• ڕ• ڵ• تسابۆلۆف) لە ڕووی بەراوردیی مێژوویی‌یەوە لە ژمارەکانی زمانی کوردی نەدواون – واتە لەگەڵ زمانی ئاوێستا و زمانی ھیندیی کۆن و زمانی فارسیی کۆن و ناوەڕاست و نوێ‌و زمانی پشتۆ و زمانی بلووچی • • • دا بەراوردیان نەکردوون – کە بەڕاستی ئەم ڕێگەیە گەلێ شتی نائاشکرامان بۆ ڕوون دەکاتەوە ••• ھەرچی بەراوردەکەی د• ڕ• ڵ• تسابۆلۆڤیشە ، بەداخەوە ، تەنیا لە مەیدانی دە ژمارەی سەرەتادایە •

- ٢ -

لێکۆڵینەوەکانی خۆم لەبارەی « ژمارە »وە

بەشە ئاخاوتنی ژمارە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە وا ئەرکی تەجریدی ناوی ژمارە (دوو + سێ = پێنج) دەگەیەنێ ، یان چەندێتی بەسەریەکەوە (هەشت کراس) ، یاخود کەرتێکی شتی دیاریکراوی هاوڕەگەز (سێیەکی گەنمەکە) نیشان دەدات . پلەی شتێك لە ڕیزدا (نهۆمی سێیەم) دیاری دەکا .

ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێك خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە بەگشتی ، کە وەك دیاردەیێکی تایبەتی - واتە وەك ژمارە بەتەنیا یان ژمارەی شتێك... واتای گشتی ئەم بەشە ئاخاوتنە لە خاسیەتی ڕێزمانی‌یدا ڕەنگ‌دەداتەوە . وێڕای ئەوە ژمارە لە ڕووی پێکهاتنەوە خاوەنی تایبەتێتی‌یێکی دیاریکراوی وەهایە ، کە لە بەشە ئاخاوتنەکانی دی جیادەکاتەوە .

لە باسی ژمارەدا پێویست دەکا جارێکی دیش بەتایبەتی ئەوە دووپات بکرێتەوە ، کە ئەوەی لە دیاریکردنی گرووپی وشەدا گرنگە و لەسەر بنەمای دابەش‌دەکرێن بەسەر بەشە ئاخاوتنی جیاوازدا ، ئەوەیە کە پێویستە پێوەندی هاوخاسیەتی ڕێزمانی لە نێوان وشەکانی هەر گرووپێکدا هەبێ . وا پێویست دەکا گرنگی‌یێکی تەواو بەم لایەنە بدرێ . لێرەدا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشین ، کە هەندێ جار ئەم لایەنە لەبەرچاو ناگرن و تەنیا لە ڕووی خاسیەتی واتاوە بەشە ئاخاوتنی ژمارە جیادەکەنەوە و وەك وشەیێك کە واتای ژمارە بدات یان پلەی ژمارە ڕابگەیەنێ ، دیاری‌دەکەن . بەوپێیە هەندێ وشە کە واتای ژمارەیان تێدایە ، دەکەونە ئەم بەشە ئاخاوتنەوە . بەلام لە ڕاستیدا ئەو جۆرە وشانە تەنیا واتای ژمارەیان تێدایە ، دەنا ژمارە

ین • بەوێنە ئەگەر تەماشای وشەکانی «حەفتە» ، «سەدە» ••• و «حەفت» ، «سەد» •••بکەین ، دەبینین هەرچەندە لە هەردوو دەستەدا وەك یەك مانای ژمارە هەیە ، بەڵام لە ڕووی خاسیەتی ڕێزمانی‌یەوە جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە و سەر بە بەشە ئاخاوتنی جیاوازن •

لە ڕاستیدا لە باری خاسیەتی ڕێزمانی‌یەوە وشەی «حەفتە»و هەروەها «سەدە»ش جیاوازییان لەگەڵ هیچ ناوێکی ئاسایی‌دا نی‌یە • چۆن دەوترێ «چوار پیاو» هەر بەو چەشنەش دەشێ بوترێ «چوار حەفتە» ، «چوار سەدە» ••• چۆن دەوترێ «پیاوێك ، پیاوەکان •••» بەهەمان جۆر دەشوترێ «حەفتەیەك ، حەفتەکان •• سەدەیێك ، سەدەکان •• »••هتد •

ئەگەرچی لەباری چەندێتی‌یەوە «حەفتە» لەگەڵ «حەفت» و «سەدە» لەگەڵ «سەد» وەك یەکن ، بەڵام «حەفت»و «سەد» ژمارەن و «حەفتە»و «سەدە»ش ناون و لە ژمارەوە بوونەتە ناو •

بۆ پتر ڕوونکردنەوە ، ئەوەش دەڵێین ، کە ژمارە لەباری واتاوە ڕێتی‌یە لە تەجریدی ناوی ژمارە بێ ئاڵۆزبوونی واتا • بەوێنە وشەی «چل» و «چلە» چەندێتی ڕادەگەیەنن ، بەڵام تەنیا وشەی «چل» دەکەوێتە نێو بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە • هەرچی «چلە»یە سەر بە بەشە ئاخاوتنی ناوە • وشەی «چل» ژمارەیە ، چونکە واتای تەجریدی ژمارەی تێدایە • ئەم وشەیە یەك مانای هەیە و ماناکەی لە چوارچێوەی نیشاندانی ژمارەیێك لە ژماردنی دانەی دیاری‌کراودایە • وشەی «چلە» ، ئەگەرچی دیسان واتای چەندێتی هەڵگرتووە ، بەڵام مانای لە سنوورێکی بەرین و فراواندا پێوەندی بە زۆر شتەوە هەیە : ١) بە ژماردنی «چل»ەوە ، ٢) تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر لەدایك‌بوونی منداڵێکدا یان مردنی یەکێکدا یان هێنانی بووکێکدا ، ٣) چل ڕۆژ لە ناوەڕاستی هاوین و زستاندا ••• هتد • ڕاگەیاندنی واتای چەندێتی لە وشەی «چلە»دا بێ‌بەشە

...و خاسیەتی تەجریدەی لە ژمارەدا هەیە •

ژمارە کاتێ لەگەڵ ئەو جۆرە ناوانەدا دێ ، کە لە ژمارەوە وەرگیراو دەبێتە دیارخەری • وەك : چوار حەفتە ـ حەفتەی چوارەم ، حەوت سەدە سەدەی حەوتەم •••

لە زۆر زماندا کاتێ تەماشای ئەو وشانە دەکرێ کە سەر بە ژمارەن ، پتر وا باوە بەسەر بنجی (چوار ، شەش ، بیست •••)و ژمارەی پلەیی (چوارەم ، شەشەم ، بیستەم ••) دا دابەشی‌دەکەن ، کە خاوەنی هەندێ خاسیەتی جیاوازن •

لە زمانی ئینگلیزی‌دا ئەوەی پێوەندی بە ژمارەی پلەیی‌یەوە هەیە ، ئەوەیە بە ئاسانی هەست دەکرێ خاوەنی هەمان خاسیەتی ڕێزمانی‌یانەیە ، کە ئاوەڵناو هەیەتی‌و هیچ تایبەتێتی‌یێکی ئەوتۆ نی‌یە لە ئاوەڵناوی جیابکاتەوە و ببێتە هۆی ئەوەی بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ دابنرێ ، ڕێ‌ای ئەوە ، بنەمای وا نی‌یە ببێتە بەڵگەی دانانی لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا[1] •••«ژمارەی پلەیی جیاوازی لەگەڵ ئاوەڵناوی ئاساییدا تەنیا لە ڕووی واتاوەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ژمارەی پلەیی تەرتیبی شت لە ڕیزدا دیاری‌دەکا • ژمارەی پلەیی تایبەتێتی‌یێکی ڕێزمانیشی نی‌یە ، کە ئەو مانایەی پێ‌دەربڕێ • وەك هەموو ئاوەڵناوێکیش حاڵەتی کۆ ودۆخیان نی‌یە ••• ڕاستە لەو تایبەتێتی‌یە ئاشکرایەی ئاوەڵناو ، واتە ـ پلەی بەراورد و پلەی باڵا ـ بێبەرە ، بەڵام ئەمە پێوەندی بە تایبەتێتی واتای ئەو وشانەوە هەیە و ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێ کە لە ریزی ئاوەڵناو دابنرێ و وەك ئاشکراشە، وەنەبێ هەموو ئاوەڵناوێك پلەی بەراورد و پلەی باڵای هەبێ •

---

(۱) ئا• ئی• سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ، ۱۹۵۹ ، ل ۱٦۳ •

حاسیەتی واتای لێکسیکی ژمارەی پلەیی ، لەوەشدایە کە دەبێتە بەشە ئاخاوتنی دی»[٢] »

ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا بتوانین ئەو چەند وێکچوونە ڕێزمانیی‌یە ئەمەی نێوان ژمارەی پلەیی و ئاوەڵناو بە بەڵگەی دانانی ژمارەی پلەیی بە ئاوەڵناو وەربگرین ، ئەوە بە هیچ چەشنێك ناتوانین ئەو ڕایەی هەندێ نووسەرانی دی پەسەندبکەین ، کە ژمارەی بنجیش بە ئاوەڵناو لەقەڵەم دەدەن ••• ئەگەر لە زمانی ئینگلیزیدا لە نێوان ژمارەی پلەیی و ئاوەڵناودا کەمێ وێکچوونی ڕێزمانی هەبێ ، ئەوە لە زمانی کوردیدا ئەو وێکچوونە زۆر کەمترە ، کەچی هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لەسەر پەیڕەوی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی چاولێکەریی ئینگلیزی گشت جۆرەکانی ژمارەیان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناو داناوە[٣] •••وێڕای ئەوە بڕێکیش لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لەبەر ڕوونـاکیی ڕێزمانی عەرەبی ژمارەیان بە ناو لەقەڵەم داوە[٤]••• وا دەردەکەوێ هیچ یەکێك لەو دوو دەستەیە خاوەنی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆی خۆیان نین و تایبەتێتی زمانی کوردی‌یان نەخوێندووەتەوە •

---

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٣ – ١٦٤ .

(٣) بۆ نموونە :

ا – تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ ، ل ٧٤ – ٧٥ .

ب – نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٣٤ – ١٣٥ .

...و هەندێکی دی

(٤) بەوێنـە :

ا – سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ ، ل ١٢ .

ب – ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١١٠ .

...و هەندێکی تر .

له زمانی کوردیدا گرنگیی ژماره له تایبه‌تیتی پێکهاتنیدایه • به‌وێنه بۆ گه‌یاندنی واتای ژماره‌ی شتێك ـ واته کاتێك ژماره له‌گه‌ڵ ناودا دێت : (پێنج سێو •••) وا باوه که هه‌ر یه‌ك ڕێگه ده‌گیرێ ، ئه‌ویش ڕێگه‌ی لێکدانه • **له حاڵه‌تی (پێنج سێو •••)دا ، مه‌رج وایه ضه‌ربی پێنج بکرێ :**

سێو × ٥

بۆ ده‌ربڕینی ژماره‌کانی زمانی کوردی ڕێگای هه‌مه‌جۆر هه‌یه • ڕێگه‌ی هه‌ره باو (کۆکردنه‌وه)و (لێکدان)ه •

★ **ڕێبازی کۆکردنه‌وه :**

له ژماره (١١)ه‌وه تا (١٩) ، به‌وێنه ژماره‌ی (چوارده) به‌پێی پێکهاتنی واتایی **بریتی‌یه له (چوار + ده) • ئه‌م ڕێگه‌یه هه‌روه‌ها بۆ گه‌لێك له‌و** ژمارانه‌ش به‌کاردێنرێ ، که له سه‌روو (بیست)ه‌وه‌ن : (بیست و دوو) واته (٢٠ + ٢) ؛ (چل و شه‌ش) ـ واته (٤٠ + ٦) •••

له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ، پێویسته سه‌رنج بۆ ئه‌وه‌ش ڕابکێشین ، ڕێگه‌ی کۆکردنه‌وه‌ی **ژماره‌کانی وه‌ك (بیست و دوو)** ؛ (چل و شه‌ش) ••• هه‌ندێ جیاوازی **له‌گه‌ڵ ڕێگه‌ی کۆکردنه‌وه‌ی** ژماره‌کانی وه‌ك (چوارده)دا هه‌یه • ژماره‌ی **وه‌ك (بیست و دوو) ؛ (چل و شه‌ش)** •• به‌یاریده‌ی (و)ه‌وه پێکه‌وه **به‌ستراون • چۆن ده‌شێ وا بیربکرێته‌وه** که وشه‌ی لێکدراون‌و له دوو **ژماره پێکهاتوون و به یاریده‌ی ئاوبه‌ندی** (و) پێکه‌وه به‌ستراون . هه‌روه‌ها ده‌لوێ وا لێك‌بدرێته‌وه ، که وشه‌ی لێکدراو نه‌بن و دوو وشه بن و (و)ی پێوه‌ندی له نێوانیاندا هه‌بێ • هه‌رچی بۆ ژماره‌کانی جۆری (چوارده)یه . چۆن ده‌شێ وا بیربکرێته‌وه که وشه‌یێکی لێکدراوه **و له دوو ژماره بێ یاریده پێکهاتبێ ، هه‌روه‌ها ده‌لوێ** بوترێ که به‌شی دووه‌می ئه‌و وشه ناساده‌یه شتێکه له نێوان وشه و پاشگردا •

به‌ڵام خاسیه‌تی ژماره‌ی وه‌ك (بیست و دوو) وه‌ك وشه‌ی کۆکراوه له ڕووی پێکهاتنی واتاوه جیاوازی له‌گه‌ڵ ناوی کۆکراوه‌دا زۆره • ئه‌و جیاوزییه‌ش له‌وه‌دایه ، که وا ژماره‌ی وه‌ك (بیست و دوو) له‌سه‌ر

بناغەی کۆکردنەوە پێك‌دێ ، بەلاّم پێکهاتنی ناوی کۆکراوە لەسەر بناغەی کۆکردنەوە بە ئەنجام ناگەیەنرێ . بەوێنە (کۆبوونەوەی خێزان) لەبەری واتاوە ، ئەوە ناگەیەنێ کە لە (کۆبوونەوە + خێزان) سازبووبێ .

★ڕێبازی لێکدان :

هەرچی ژمارەی وەك (دووسەد) ؛ (چوارهەزار) .... لە ڕێگای لێکدانەوە سازبووە - واتە : (٢ × ١٠٠) ؛ (٤ × ١٠٠٠) .. لێرەشدا ئەگەر لەگەڵ لێکدانی ناودا بەراوردی بکەین ، هەندێ جیاوازی بەدی دەکەین ...

بەو چەشنە بۆ گەیاندنی واتای ژمارە لە سیستەمی بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا ڕێگەی ئەوتۆ بەکاردێنرێ ، کە لە سیستەمی بەشە ئاخاوتنی ناودا بەکارناهێنرێ . ئەم تایبەتێتی‌یانەش خاسیەتی ژمارە دیاری‌دەکەن و وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ جیای‌دەکەنەوە و نیشانی ئەوە دەدەن . کە ڕاست نی‌یە بخرێنە بەشە ئاخاوتنی ناوەوە .

وەك پێشتر وتمان هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی . بەپێی پەیڕەوی‌کردنی نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ژمارەیان بە ئاوەڵناو داناوە. ڕاستە لە زمانی ئینگلیزیدا لە یەکەم سەرنجدا ڕەنگە وا بێتە پێش‌چاو . کە هاتنی ژمارە لەگەڵ ناودا ، وەك « two boys - دوو کوڕ» جیاوازی لەگەڵ هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا - « little boys- کوڕی بچووك» نەبێ ... بەلاّم ئەگەر قوول لەو مەسەلەی‌یە وردبینەوە. بە ئاسانی هەست بەوەدەکەین ، کە لە نێوان ژمارەو ئاوەڵناودا جیاوازی زۆرە . ئەو جیاوازیيەش بە ڕوونی لە پێوەندیی واتای پارچەکانی ژمارەی پێکەوەبەستراو و پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوەبەستراو بەدەردەکەوێ[٥] . وەك پێشتر وتمان بۆ پێکهێنانی ئەو جۆرە ژمارانە .

---

(٥) سەرچاوەی ناوبراو ، ئی. ئا. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، ل ١٦٧ .

دوو ڕێگەی (کۆکردنەوە) و (لێکدان) باون • بەڵام هەرچی پێوەندیی واتای پارچەکانی ئاوەڵناوی پێکەوەبەستراوە . لەسەر بناغەی ئەو دوو ڕێگەیە سازناکرێت • بەوێنە ، کە دەوترێ (شینی کاڵ) هیچ ئەوە ناگەیەنێ کە لە (شین + کاڵ) یاخود (شین × کاڵ) پێکهاتبێ •

هەروەها جیاوازی لە بوونی ژمارە بە ناو و بوونی ئاوەڵناو بەناویشدا زۆرە • ئەمانە و هەندێ لایەنی دی هەن . کە بڵێین • بڕێ لە نووسەرانی ڕێزمانی ئینگلیزی ڕاست نین ، کە ژمارەیان خستووەتە ناو بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناوەوە • هەرچی هەندێ نووسەری ڕێزمانی کوردیشە ، کە لاسایی زمانی ئینگلیزی کردووەتەوە . ئەگەر گوێ نەدەینە دەرکنەکردنی بەو جیاوازییانەی لە زمانی ئینگلیزی و زۆر زمانی دیدا لە نێوان ژمارە و ئاوەڵناودا هەیە و کە بەشێکیمان لەسەرەوە باس کرد ، خۆ دەبوو هەست بەوە بکا کە لە ڕستەی کوردیدا ئاوەڵناو بەدوا ناودا دێت : (ژنی جوان) ••• ؛ بەڵام هەرچی ژمارەیە دەکەوێتە پێش ناو : (چوار ژن) •••

لە ڕووی ڕستەسازییشەوە ژمارە بە شێوەیێکی سەربەخۆ خۆی دەنوێنێ ••• ڕاستە وەك ئاوەڵناو بە زۆری لەگەڵ ناودا دێت و ئەم پێکەوە هاتنەش ، پێکەوە هاتنی ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا دێنێتەوە یاد (پێنج گوڵ) ؛ (گوڵی سوور) ••• ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا . لەو جۆرە بەکارهێنانەدا ناشێ ژمارە ناوبنرێ دیارخەر ، بەڵام هەرچی ئاوەڵناوەکەیە ، لەبەر ئەوەی خاسیەتی شتێك دەردەخا دەبێ بە دیارخەر • لە دەستەواژەی (پێنج گوڵ) ، ژمارە دەورێکی تایبەتی دەبینێ و خاسیەتی شتێك ئاشکرا ناکا ، بەڵکو تەنیا ئیشارەت بۆ چەندێتی شتێك دەکا •

ژمارە لە ڕووی وشەسازییەوە خاوەنی ئەم خاسیەتانەیە :

١ ـ تەنیا لەگەڵ ناودا دێ و پارچەکانی ئەو جۆرە دەستەوازانەش بەپێی دەستووری ڕستەسازی دابەش ناکرێن و سەرپاکیان بەسەریەکەوە دەبنە ئەندامێکی ڕستە ، وەك : «دوو ڕۆژ ؛ چوار کچ ، شەش مەڕ...» .

٢ ـ ناتوانێ ئاوەڵناو دیاری بکا[٦] .

مەفهوومی ژمارە لە ئەنجامی مێژوویێکی درێژی پێشکەوتنی ئادەمیزادەوە پەیدابووە . ف. ئینگیلس دەڵێ : «مەفهوومی ژمارە و ئەنەکان لە شوێنێکی نادیارەوە وەرنەگیراوە ، بەڵکو لە واقیعی دەوروبەرەوە هاتووە» ... «دە پەنجە ، کە مرۆڤ لەسەری فێری ژماردن دەبوو ـ واتە یەکەم عەمەلی‌یەی حیسابی دەکرد»[٧] لە کاتی ژماردندا توانستی لادان لە شتی دیاری‌کراو «بریتی‌یە لە ئەنجامی پشت‌بەستنی دوورو درێژ بە تەجروبەی پێشکەوتنی مێژوویدا» . بۆ نموونە ، وشەی «پێنج ، دە ، سەد ...» دەشێ بۆ هەر شتێك بەکاربهێنرێ کە بژمێررێن . بەوێنە : پێنج پیاو ، پێنج مریشك ، پێنج بەرد ، پێنج شەقام ، پێنج باوەڕ ... هتد . ئەمەش ئەنجامی گشتی‌بوون و تەجرید بوونە[٨] .

* * *

نووسەرانی ڕێزمانی کوردی و زمانانی دی ، کاتێ لە ڕووی تایبەتێتی واتا و چۆنێتی بەکارهێنانەوە ژمارە دابەش دەکەن بەسەر جۆری جیاوازدا ، جیاوازی‌یەکی زۆر لە نێوان دابەش‌کردنەکانیاندا بەدی دەکرێ . بەوێنە

---

(٦) ن. س. ڤالگینا ، د. ن. ڕۆزێنتال ، م. ئی. فۆمینا ، ف. ڤ. تساپکێڤیچ ، زمانی ڕووسی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١ ، ل ٢١٥ ـ ٢١٦ .

(٧) ئا. ئی. گولانۆڤ ، وشەسازیی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٢٥ .

(٨) هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٦ ـ ١٢٧ .

ههندێ نووسەر ژمارەی کەرتی (کەسری) بە جۆرێك لە ژمارە دادەنێن ؛ هەندێك ژمارەی پلەیی (تەرتیبی ، ڕوتەبی) ناخەنە نێو بەشە ئاخاوتنی ژمارەوە ... بەپێچەوانەشەوە نووسەری وا هەیە تەنانەت ئاوەلکرداری (یەك یەك ، دوودوو ، سێ سێ ...)و وشەی چەندێتی نادیاری وەك (زۆر ، کەم ...)یش بە چەشنەکانی ژمارە لە قەڵەم دەدەن .

لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (ژمارە)دا کراون و بە پێی بۆچوون و لێکدانەوە و تۆژینەوەی تایبەتیی خۆمان و بەهۆی کەڵك وەرگرتن لە تیۆریی زمانناسییەوە ، گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی لە زمانی کوردیدا سێ جۆر ژمارە دیاری بکەین :

١ - ژمارەی بنجی .

٢ - ژمارەی پلەیی .

٣ - ژمارەی کەرتی .

١ - ژمارەی بنجی :

ژمارەی بنجی کە دەشێ ژمارەی چەندیشی پێ بوترێ . ئەو ژمارانە دەگرێتە خۆ ؛ کە وا بەگشتی لە تەواوی دانەکاندا تەجریدی ژمارە ڕادەگەیەنێ (دوو کەرەت دوو چوار) ، یان ژمارەی دیاریکراوی شتی هاورەگەز نیشان دەدا (شەش کتێب)...

تایبەتێتی وشەسازیی ژمارەی بنجی پێوەندە بە واتا لێکسیکییەکەوەی . ژمارەی بنجی خاوەنی حاڵەتی تاك و کۆ[9] و ناسیاوی ... نییە ، چونکە لە مانایدا ئەو دیاردەیە هەیە . ژمارەی بنجی هەروەها دۆخیشی نییە ، چونکە واتای شت ناگەیەنێ . نەبوونی حاڵەتی تاك و کۆ و ناسیاوی و دۆخ بەشە ئاخاوتنی ژمارە لە بەشە ئاخاوتنی

---

(٩) ڕاستە هەندێ ژمارە،وەك (دە ، سەد ، هەزار ...) نیشانەی (ـان) یان (ـەها)ی کۆ وەردەگرن و دەوترێ : (دەیان ، سەدان ، هەزاران ...) یان (دەها ، سەدەها ، هەزارەها ...) ، بەڵام بۆ ئەمە دوو تێبینی دەخەینە پێش‌چاو :

١ - وەرگرتنی نیشانەی کۆ لە لایەن ژمارەوە دەستووریکی گشتی نییە و ئەو ژمارانەی نیشانەی کۆ وەردەگرن زۆر کەمن . =

ناو جیادەکەنەوە • بەپێی پێوەندیی وشەڕۆنان لە نێو ژمارەی بنجیدا ، وشەکانی : یەك ، دوو ، سەد ، هەزار ••• پتر دیار و چالاکن •

ژمارەی بنجی ئەگەر بەبێ ناو بەکاربهێنرێ ، ئەوە تەنیا ناوی ژمارەیێك ڕادەگەیەنێ ، بەڵام کە لەگەڵ ناوێکدا دێت ، ئەوە دەتوانێ ببێتە دیارخەری چەندێتی ناوەکە و ناوەکەش دەبێتە دیارخەری ژمارەکە: (یەكدار ؛ هەزار منداڵ)• ژمارە لەم بارەدا نە دەبێ بە ئاوەڵناوو نە دەشتوانێ ببێ بە دیارخەری ئاوەڵناو • ئاوەڵناویش نابێ بە دیارخەری شتی ژمارەکە •

تایبەتێتی ژمارەی بنجی لەنووسیندا ئەوەیە ، کە دەشێ بە ڕەقەمیش دەرببڕرێ ، وەك (چل - ٤٠) ، (سەد - ١٠٠) ، بەڵام هەرچی ئەو ناوانەیە، کە واتای چەندێتییان تێدایە ، وەك : (چلە) ، (حەفتە) ، (سەدە) ••• ناشێ بە ڕەقەم نیشان بدرێن • ئاوەڵناو دەتوانێ ببێتە دیارخەری ناوی چەندێتی ، بەڵام ناتوانێ ببێ بە دیارخەری ژمارەی بنجی •

وشەی «یەك» ، جگە لە واتای چەندێتی ژمارە : (یەك ساڵ ؛ یەك ژن •••) ، دەتوانێ واتای دیش بگەیەنێ • بۆ نموونە :

---

٢ - ژمارەکانی (دە ، سەد ، هەزار ...) ، کاتێ نیشانەی کۆ وەردەگرن ، دوو گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا دێت :

أ - واتای چەسپیویان نامێنێ - واتە لە چەندێتی دیارەوە دەبنە چەندێتی نادیار . بۆ نموبە نە دەوترێ (سەد پیاو) ، ئەوە مەبەست (سەد پیاو)ە بێ کەم و زیاد ، واتە نە (٩٩)ن و نە (١٠١)ن ، بەڵام کە دەوترێ (سەدان پیاو) ، ئەوە چۆن دەشێ (چوارسەد) بن ، دەشێ (هەشت سەد)یش بن ...

ب - لە بەشە ناخاوتنی ناو نزیك دەبنەوە ...

هەرچی ژمارەی (دوو ، سێ)یشە ، تەنیا دەمێ دەتوانن (ان) وەربگرن ، کە ناوەکە لابرێ و جێی بگرنەوە . وەك :

دوو پیاو هاتن	دوان هاتن
سێ پیاو هاتن	سیان هاتن

١) به واتای ناو ، وەك «یەك لە ئێمە دەرناچێ» ؛ ٢) بە واتای جێناو ـ ئاوەڵناو ، وەك «ئێمە پێکەوە یەك فوتـابخانەمان تەواوکـردووە» ؛ ٣) بە واتای جێناوی نادیار ، وەك «منو ئازاد لە یەك ڕێگاوە هاتووین»..

وشەی «هەردوو ، هەرسێ ..» لە ژمارەی بنجی «دوو ، سێ..»وە نزیکنو هەرهەمان ئەندازە ڕادەگەیەنن، بەڵام واتای بنەرەتیی «هەردوو، هەرسێ ...» ڕاگەیاندنی چەندێتی نییە ، بەڵکو تەنیا پەنجە بۆ نیشاندانی چەندێتی ڕادەکێشێ . وشەی «هەردوو ، هەرسێ...» ناکەونە نێو بەشە ناخاوتنی ژمارەوە ، بەڵکو سەر بە جێناون . ئەم جێناوانەش کە لە ژمارەی بنجی و جێناوی «هەر» پێکهاتوون ، واتای کۆکردنەوە دەگەیەنن ، وەك :

هەردوو ژنەکە ڕۆیشتن .

هەرسێ کتێبەکەم خوێندەوە .

لە زمانی کوردیدا ژمارەی بنجی کاتێ چـەندێتی نـاوێك (سـادە بێ یان نادسادە) ڕادەگەیەنێ ، لەپێش ناوەکەوە دێت . هەرچی نـاوەکەشە لـە شێوەی تاکدا بەدەردەکەوێ (کەمێ جاریش لە شێوەی کۆدا ، ئەویش جگە لە ژمارەی «یەك»)[10]. وەك :

---

(١٠) شایانی باسە ، د. زارێ یووسف باسی ئەو تایبەتێتییەی ژمارەی بنجی کردووە (بڕوانە : دیانێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٦٥) . مامۆستا تۆفیق وەهبیش لەو تایبەتێتییـە دواوە ، بـەڵام جیـاوازی لەوەدایە ، ئـەم وا دادەنێ ، کە « ناوەکـە هەمیشـە تـاك ئەمێنێتەوە » (دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکـەم ، بەغـدا ، ١٩٢٩ ، ل ٧٤) .

لە زمانی فـارسیی نـاوەڕاستیدا نـاو کـە لەگەڵ ژمـارە دێت ، بـە زۆری لە شێوەی تاکدا بەدەردەکەوێ . وەك :

دۆ ژەن — دوو ژن

هەفت کیشفەر ـ حەوت وڵات

ناوەناوەیەکیش ناوەکە لە فۆرمی کۆدا بەدەردەکەوێ . وەك :

دوڤازدەهـ ئەختەران ـ دوازدە ئەستێرە

(بڕوانە : ڤ. س. ڕاستۆرگویڤـا ، زمانـی فارسیـی ناوەڕاسـت ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٧٥ – ٧٦) .

لای چەپی ژوورەکەیش دوو پەنجەرەی گەورە هەبوو.
(نەخەوما ، ل ٤٤)

ئازاد تەمەنی چوار ساڵە / ئازاد تەمەنی چوار ساڵانە[11]

ئەگەر ناوەکە بە ناو تەواو کرابێ ، ژمارەی هەر کامێکیان مەبەست بێ . ئەوە ژمارەی بنجی دەخرێتە پێش ئەو ناوەوە[12] . وەك :

چوار دەرگای ماڵ

دەرگای چوار ماڵ

پێنج چرای کۆلان

چرای پێنج کۆلان

ژمارەی (یەك) زۆر جار لەگەڵ ناودا لە شێوەی نیشانەی (ـ ێك / ـ ەك)دا دێت ، وەك :

بزنێك	بزنەك
شوانێك	شوانەك
ساڵێك	ساڵەك

ژمارەی بنجی کە ژمارەی ناوێك ڕادەگەیەنێ ، دەشێ ناوەکە بێ نیشانەیێك بێ و دەشلوێ نیشانەی لەگەڵ بێ ، بۆ نموونە :

١ ـ بێ نیشانە :

سێ پیاو

چوار ژن

---

(11) لە ڕاستیدا ئەو ناوانەی ئەندازەی کاتیان تێدایە ، وەك (سەعات ، ڕۆژ ، شەو ، مانگ ، ساڵ ...) ، کاتێ لەگەڵ ژمارەی بنجیدا بەکاردێنرێن ، دەتوانن قاڵبی کۆ وەربگرن ، وەك : دوو شەوان (دوو شەو) ، حەوت ساڵان (حەوت ساڵ) ... (بڕوانە : ك. ر. یەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لینینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٥٤) .

(12) مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەو تایبەتێتییەی یادداشت کردووە (بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ ، ل ٧٤-٧٥) .

پێنج قوتابی

٢ ـ لەگەڵ نیشانە :

أ ـ (ەکە)ی ناسیاوی :

سێ پیاوەکە ڕۆیشتن .

چوار ژنەکە هاتن .

ب ـ (ە)ی ناسیاوی :

سێ پیاوە کەوتنە ڕێ .

چوار ژنە لە کاتی گەڕانەوە .

ج ـ (ان)ی کۆ :

چوار ڕۆژان بەپێ ڕۆیشتن

د ـ (ێك)ی نەناسیاوی :

سێ ڕۆژێك لەمەوبەر .

تێبینی :

١ ـ ئەگەر ژمارە بنچیەیەکە (یەك)بێ ، ئەوە نـاوەکـە نـاتوانێ هیچ یەکێك لەو نیشانانە وەربگرێ .

٢ ـ کاتێ ناوی دوای ژمارەکە نیشانەی (ێك)ی نەناسیاوی دەچێتـە سەر ، ئەوە ژمارەکە واتای نێزیکی (تەقریبی) لە خۆیەوە وەردەگرێ . بۆ نموونە ، کە دەوترێ «سێ ڕۆژ» ، ئەوە گومان لە ژمارەی «ڕۆژ»ەکـاندا نییە و ئاشکرایە و دیاریکراوە ، کە بێ زیاد و کەم «سێ»ن . بـەڵام کە دەوترێ «سێ ڕۆژێك» ، مانای وایە نزیکەی «سێ ڕۆژ» . جـا دەشێ لـە سـێ زیـاتر بـن یـان کـەمتـر . لـەم بـارەدا ژمـارەی «سـێ» واتـای چەسپـاوی نـامێنێ .

ئەم واتای نزیکیەی ژمارە لەو بارەشدا بەدەردەکەوێ ، کە لە پێش ژمارەکەوە وشەی (نزیك ـ نزیکەی ـ نزیکی ... دەوروبەری...)بێت .

ئەم حالـەتـەشـدا دەشێ نـاوەكـە نیشانـەی (ێـك)ی پێـوە بـێ یـان پێوە نەبێ وەك :

نزیكەی سێ ڕۆژ لەمەوبەر
نزیكەی سێ ڕۆژێك لەمەوبەر
دەورووبەری سێ ڕۆژ لەمەوبەر
دەورووبەری سێ ڕۆژێك لەمەوبەر

٣ ـ یێتو ناوەكە لابیرێ ، ئەوە ژمارەكە نیشانەی (ـ ەكە) و (ـ ە) و (ـ ان) وەردەگرێ و دەوری ناو دەبینێ ، وەك :

چوارەكە هاتن
چوارە كـەوتنـەڕێ
سیانێ ڕۆیشتـن

٤ ـ ژمارەی «یەك» كە دەوری ناو دەبینێ ـ واتـە كـاتێ نـاوەكـە لادەبرێ ـ نیشانەی (ـ ێ ، ـ ێك)ی ئەناسیـاوی پێـوە دەلكێ . وەك :

یەكێ (یەكێك) لەو وێنانە هەڵدەبژێرم .
یەكێ (یەكێك) هاتە ژوورەوە[13].

* * *

لە زمانی كوردیدا لە (یەك)ەوە تا (دە) ـ «یەكان» ؛ لـە (دە)ەوە تـا (سەد) ـ «دەیان» ؛ لە (سەد)ەوە تا (هەزار) ـ «سەدان» ، لە (هەزار)ەوە تا ملیۆن ـ «هەزاران»یان پێ دەوترێ[14] .

ناوی یەكەم دە ژمارەی زمانی كوردی بەم چەشنەی خوارەوەیە

---

(١٣) د. زارێ یووسف لە كتێبی «دیالێكتی سلێمانی زمانـی كـوردی » ، مۆسكۆ ، ١٩٨٥دا لە بەشی زۆری ئەو تایبەتێتی‌یانەی ژمارەی بنجـی دواوە ((ل ٦٥ ـ ٦٦) .

(١٤) شایانی باسە ، مامۆستا سەعید صدقی كابان ئەوەی یادداشت كردووە (مختصر صرف و نحوی كوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ ، ل ١٣) .

دیالێکتی خواروو		دیالێکتی ژووروو	
زمانی ئەدەبی	شێوە جیاوازەکانی	زمانی ئەدەبی	جیاوازەکانی
١ ـ یەك		یەك ، ئێك	[illegible]
٢ ـ دوو		[illegible]	دوو ، دۆ ، دوێ ،
			سە ، سێ ...
٣ ـ سێ		سێ	دوێ دوێ ...
٤ ـ چوار	چار [illegible]	چار	[illegible]
٥ ـ پێنج	[illegible]	پێنج	[illegible]
٦ ـ شەش		شەش	شێش
٧ ـ حەوت	حەفت	حەفت	هەفت
٨ ـ هەشت		هەیشت	هەشت
٩ ـ نۆ		نە(هـ)	نەهـ
١٠ ـ دە		دە(هـ)	[illegible]

وشەی «یەك»ی کوردی لە زمانی ئاوێستادا «ئەیڤە»[١٥] ، لە ئێرانیی کۆندا «ئەیڤەکە ، ئێڤەك»ە ، لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا «ئێڤەك»ە ، لە زمانی فارسیی نوێدا «یەك»ە ، لە زمانی بلوچیدا «یەك ، یە»یە ، لە زمانی هیندیی نوێدا «أیك»ە ، لە زمانی لاتینیدا « unus » لە زمانی فەرەنسیدا «ئان»ە ، لە زمانی ڕووسیدا «ئەدین»ە ...

هاوواتای وشەی «دوو»ی کوردی لە زمانی ئاوێستادا «دڤە»یە ، لە زمانی هیندیی کۆندا «دڤا»یە ، لە زمانی فارسیی کۆندا «دوڤیتیە»یە ، لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا «دۆ»یە ، لە زمانی فارسیی نوێدا «دو»ە ،

(١٥) مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی دەڵێ : « لە ناوچەی هەورامانی عێراقدا وشەی (یووە) ، بە واتای (یەك) بەکاردێ ، بەڵام لە هەورامانی ئێراندا ، ئەمە دەبێ بە (یوڤە = یڤقە) » (بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٧١) .

له زمانی بلووجیدا «دۆ ، دو»ه ؛ له زمانی هیندی نویدا «دو»ه ؛ له زمانی ئینگلیزیدا «تو»ه ؛ له زمانی لاتینیدا «onp»ه ؛ له زمانی فەرەنسیدا «دوێ»ه ؛ له زمانی رووسیدا «دڤا»یه ...

زمارەی «سێ»ی کوردی له زمانی ئاوێستادا له شێوەی «ثری . ترەی» دایه و له هیندی کۆندا «ترى ، تیس»ه ؛ له زمانی فارسیی ناوەراستدا «سێ ، Si»یه ؛ له زمانی فارسیی نوێدا «سه»یه ؛ له زمانی ئوردیدا «سێ»یه ؛ له زمانی بلووجیدا «سەی»ه ؛ له زمانی هیندی نویدا «تین»ه ؛ له زمانی ئینگلیزیدا «ثری»یه ؛ له زمانی لاتینیدا «tres»یه ؛ له زمانی فەرەنسیدا «تروا»یه ؛ له زمانی رووسیدا «تری»یه و له بولگاریشدا هەر «تری»یه ...

بەرانبەر وشەی «چوار»ی کوردی له زمانی ئاوێستادا «چەتور ، چەتقار» دەبینین ؛ له زمانی هیندی کۆندا «چەتقار» ؛ له زمانی فارسیی ناوەراستدا «چەهار» ؛ له زمانی فارسیی نوێدا «چهار» ؛ له زمانی بلووجیدا «چار» ؛ له زمانی رووسیدا «چیتری» ؛ له زمانی هیندی نوێدا «چار» ؛ له زمانی لاتینیدا «quattuor» ؛ له زمانی فەرەنسیدا «کاتر» ...

بۆ وشەی «پێنج»ی کوردی له زمانی ئاوێستادا «پەنجە» دەبینین ؛ زمانی هیندی کۆندا «پەنجە» ؛ له زمانی هیندی نوێدا «پانچ» ؛ له زمانی فارسیی ناوەراستدا «پەنج» ؛ له زمانی فارسیی نوێدا «پنج» ؛ له زمانی بلووجیدا «پەنج ، پنچ» ؛ له زمانی رووسیدا «پیات» ....

وشەی «شەش»ی کوردی له زمانی ئاوێستادا «خشیڤەش»ه ؛ له زمانی هیند و ئێرانیدا «سیڤەکس» ؛ له زمانی هیندی کۆندا «شاش» ؛ له زمانی فارسیی ناوەراستدا «شەش» ؛ له زمانی فارسیی نوێدا «شش» ؛ له زمانی بلووجیدا «شەش» ؛ له زمانی رووسیدا «شێست» ؛ له زمانی بولگاریدا «شێست» ...

هاووتای «حەوت»ی کوردی لە زمانی ئاوێستادا «هەپتە»یە ؛ لە زمانی هیندی کۆندا «سەپتە»یە ؛ لەزمانی هیند و ئەوروپایی‌دا «سەپتم»ە؛ لە زمانی فارسیی ئاوەڕاستدا «هەفت» ە ؛ لە زمانی فارسیی نوێدا «هفت»ە ؛ لە زمانی بلووجیدا « هەپت»ە ؛ لە زمانی لاتینی‌دا « Septem »ە ؛ لە زمانی فەرەنسی‌دا « سیت»ە ؛ لە زمانی ڕووسیدا «سێم»ە ....

ژمارەی «هەشت»ی کوردی لە زمانی ئاوێستادا لە شێوەی «ئەشتا» دایە ؛ لە زمانی هیندو ئەوروپایی‌دا «ئۆکتۆ»یە ؛ لە زمانی هیندی کۆندا «ئەشتە»یە ؛ لە زمانی فارسیی ئاوەڕاستدا «هەشت ، ئەشت»ە ؛ لە زمانی فارسیی نوێدا «هشت»ە ؛ لە زمانی بلووجیدا «هەشت ، هەژدە»ە ؛ لە هیندی نوێ‌دا «ئەت»ە ، لە زمانی ئینگلیزیدا «ئەیت»ە....

بەرانبەر وشەی «نۆ»ی کوردی ئەمانە دەبینین : لە زمانی ئاوێستادا «نەڤە» ؛ لە زمانی هیندو ئەوروپایی‌دا «نیوم» ؛ لە زمانی هیندی کۆندا «نەڤە» ؛ لەزمانی فارسیی ئاوەڕاستدا «نەه،نوه»؛ لەزمانی فارسیی نوێدا «نُه» ؛ لە زمانی بلووجیدا «نوه» ؛ لە زمانی هیندی نوێدا «نو°» ، لە زمانی لاتینیدا « Novem » ؛ لە زمانی فەرەنسیدا «نۆف» ؛ لە زمانی ئەڵەمانیدا «نوێن» ؛ لە زمانی ئینگلیزیدا «ناین» ؛ لە زمانی ئیتالیدا «نۆڤی» ...

هەرچی وشەی «دە»شە وێنەی لەم شێوانەدا بەدی دەکرێ : لە زمانی ئاوێستادا «دەسە» ؛ لە هیند و ئەوروپایی‌دا «دەکم» ؛ لە زمانی هیندی کۆن «داسە» ؛ لە زمانی هیندی نوێدا «دس» ؛ لە زمانی فارسیی ئاوەڕاستدا «دەه» ؛ لە زمانی فارسیی نوێدا «دەه» ؛ لە زمانی بلووجیدا «دەه» ؛ لە زمانی لاتینیدا « Decem » ؛ لە زمانی فەرەنسیدا «دیز» ، لە زمانی ئیتالیدا «دیتشی» ؛ لە زمانی ڕووسیدا «دێست» ؛ لە زمانی بولگاریدا «دێسەت» ...

له بەراوردکردنی فۆرم و ناوی ژمارەی یەك تا دەی کوردی لەگەڵ فۆرم و ناوی ئەو ژمارانەدا لە زمانی ئاوێستا و هیند و ئەورووپی کۆن و نوێ و ئێرانیی کۆن و ناوەڕاست و نوێدا نێزیکیی‌یەکی زۆر لە نێوانیاندا دەبینرێ • ئەم جۆرە نێزیکیی‌یە تەنانەت دەشێ ناوبنرێ یەکێتی و وێکچوون • «هەرچەندە لە نێوان ئەو زمانانەدا خزمایەتیی تەواو هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا له مەسەلەی پێشکەوتنی دەنگسازی‌دا هەر یەکەیان خاوەنی یاسای تایبەتی خۆیانن»[١٦]• بۆ نموونە وشەی «دڤە»ی ئاوێستا لەگەڵ «دڤا»ی زمانی هیندی کۆن و زمانی ڕووسیی ئەمڕۆدا جیاوازییان تەنیا لە دەنگی (ه) و (ا)ی کۆتاییاندایە • هەر ئەو (ه)یەی کۆتایی «دڤە»ی ئاوێستا لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بووە بە (ۆ) و لە زمانی کوردیدا بە (وو) و لە زمانی فارسیی نوێدا بە (و) ••• یاخود وشەی «دەسە»ی ئاوێستا لە زمانی هیندی نوێدا تەنیا دەنگی (ه)ی کۆتایی سواوە و بووە بە (دس) ، بەڵام له زمانی کوردیدا تەنیا بڕگەی یەکەمی – (دە) ماوەتەوە و بڕگەی دووەمی – (سە) تێداچووە[١٧] •••

---

(١٦) ڕ. ل. تسابۆلۆف ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣٤ .

(١٧) مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی ئەوەی یادداشت کردووە ، کە « تا ئێستاش لە ناوچەی هەوراماندا ، (دەسە) بە واتای (دە) بۆ ژمارە هەر ماوە و باویشە ، بەتایبەتی بۆ ژماردنی (گوێز) .

بۆ وێنە دەوترێ :

(دە دەسە گوێز) ، واتا : (سەد گوێز)

(سەد دەسە گوێز) ، واتا : (هەزارێ گوێز) » .

(بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ١١٠) .

کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
زمانی ئەدەبی	شێوە جیاوازەکانی	زمانی ئەدەبی	شێوە جیاوازەکانی
١١ – یازدە	یانزە ، یانگزە ، یانزدە	یانزدە (ھ)	دەهیەک
١٢ – دوازدە	دوانزە، دوانگزە، دوانزدە	دوانزدە (ھ)	دەهدو
١٣ – سیازدە	سیانزە ، سیانگزە سیانزدە ، سێزدە	سێنزدە (ھ)	دەهسێ
١٤ – چواردە	چاردە	چاردە (ھ)	دەهچار
١٥ – پازدە	پانزە ، پانگزە ، پانزدە	پانزدە (ھ) ، پەنجزدە (ھ)	دەهپێنج
١٦ – شازدە	شانزە ، شانگزە ، شانزدە	شانزدە (ھ)	دەهشەش
١٧ – حەڤدە	حەڤڤە	حەڤدە (ھ)	هەفتاە (ھ) ، دەهحەفت
١٨ – هەژدە		هێژدە	دەهەشت
١٩ – نۆزدە		نۆزدە (ھ)	دەهنە (ھ) (١٨) ، (١٩)

(١٨) ق . کوردۆ (کوردۆییف) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی

له ژماره (١١)ەوە تا (٢٩) بە لێکدانی ژمارەی یەکان (بە هەندێ گۆڕانەوە) لەگەڵ ژمارەی دە (دەه) سازدەبن ، وەك :

دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٨٧ .

(١٩) ماموستا چەرکەزی بەکۆ وا ڕادەگەیەنێ ، کە لە نێو کوردەکانی ئازربایجاندا بەتایبەتی لە نێوان بەسالاچووەکاندا ، ژمارەی (١١) تا (١٩) بەم شێوەیەش دەبینرێ :

١١ ــ دە و یەك

١٢ ــ دە و دوی

.. .. ..

١٩ ــ دە و نەه

بە زۆریش (د)ی سەرەتای (دە) دەکەنە (ت)و دەڵێن : تە و یەك ، تە و دوی . . . تە و نەه (بڕوانە : چ . ح . باکایێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، ل ١٢٨

ماموستا محەمەد ئەمین هەورامانی‌یش ئەوەی ڕوون‌کردووەتەوە ، کە «لە ناو هەندێ ناوچەدا ، ناوچەی کوردەواري ، بەتایبەتی لە ناو ئافرەتاندا ، (دە و یەك ، دە و دوو ، دە و سێ) بۆ مەبەستی (یانزە) ، (دوانزە) ، (سیانزە) بەکاردێ » (بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٧٢)

سوانی (د)ی ئەم ژمارانەش ، هەروەك سوانی (د)ی هەندێ وشەی دی لە سالانی بیستدا لە گەڕدا بوو . بەڵگەش ئەوەیە ، کە [illegible]

ـسوان و تێچوونی (د) ڕوونکـردنـەوە و لێکۆڵینـەوەی تـەولوی دەوێ ، چونکە لە زۆر شوێنی وشەدا دەفرتێ • بەوێنـە ئـەمڕۆ لە هەندێ شوێنی کـوردستـاندا ، بەتایبـەتی لە ناوچـەی سلێمانیـدا دەنگی (د)ی ژمارەکانی (یازدە ، سیازدە ، پازدە ، شازدە • حـەڤدە) سواوە و دەوترێ (یانزە ، دوانزە ، سیانـزە • پانـزە • شانـزە • حـەڤقە) • لەبـەر ئـەوەی فووتدانی ئەم (د)ە بووە بەهۆی قورسی دەربڕینی ئەو وشانـە ، بـۆیـە بۆ سووکـکردنی ئەو نالەبارییە ناچار بووە دەنگی (ن) بێنێتە ناو (یـازە ، دوازە ، سیازە ، پازە • شازە)دوە و (ڤ)ی (حەڤە)ش دووبارەبکاتەوە[20] •

ئەسڵی ئەو وشانە کە (یـازدە ، دوازدە ، سیـازدە ، پـازدە ، شـازدە حەڤدە)ن ، بێ‌گـومان چ بۆ نووسین و چ بۆ زمـانی ئەدەبی ڕاست وایـە پەیڕەوی ئەسڵەکەیان بکرێ • شایانی باسە کۆڕی زانیاری کـوردیش لەو ڕایەدا بووە ، کە دەبێ «ئەسڵی ئەو ژمارانە لە نووسیندا بپارێزرێت»[21] • چاپەمەنییەکانی ئەو سەردەمەدا شێوەی جیاوازی بەکارهێنانیـان ـ واتـە نـەسـوان ـ دەبینـرێ [22] •

---

(20) شایانی باسە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد بە شێوەیێکی زانستـی و بەڵگەی زۆر و ڕاست و لەبار دەربارەی چۆنیەتی نووسینی ژمارەکـان دواوە (بڕوانە : مەسعوود محەمەد ، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووس و ئەلفوبێی کوردی ، « گۆڤاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق ـ دەستەی کورد » ، ب٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٣٤١ ـ ٣٤٤ .

(21) کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێنووسی کوردی ، «گۆڤاری کۆڕی زانیـاری کورد» ، ب١ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٧٠ .

(22) بۆ زانستی زیاتر لەم بارەوە ، بڕوانە : د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل ١٢٢ـ١٢٣ .

له زمـانی ئاوێستادا نـاوی ژمـارەکان لـه (١١)ەوە تاکـو (١٩) بـه لێکداتێکی ئاسایی سازدەبێ ، ئەمەش بەڵگەیەتی :

پـەنچـەدەسـە (پـازدە)

خشقەش دەسە (شازدە) (٢٣)

واتـە نـاوی ژمـارەی یەکـان + دەسـە .

له زمانی کوردیدا ئەگەرچی لەم پێکهاتنەدا هەندێ گۆڕان له نـاوی بەشێ لـه ژمـارەکانـدا ڕووی داوە ، بـەڵام هـەمان بنـەما و دەستـوور بـەکـاردێنـرێ . بـەوێنـە :

چـوار + دە = چـواردە

هـەشـت + دە = هـەژدە

نـۆ +ز + دە — نۆزدە

له زمانە ئێرانییەکانی دیشدا ، هەروەك زمـانی ئـاوێستـا و زمـانی کوردی ، ناوی ژمارەکانی نێوان (١١) و (١٩) دیسان له یەکگرتنی نـاوی ژمارەی یەکان و ناوی ژمارەی (١٠) سازدەبێ ، لەگەڵ هـەندێ گـۆڕانی فۆنەتیکیدا . بەوێنە :

---

(٢٣) س. ن. سۆکۆلۆڤا ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکو ، ١٩٦٠ ، ل ٧٠ .

فارسیی ناوەڕاست	فارسیی نوێ	بلووجی
١١ ـ یازدەه	یازدە	یزدەه
١٢ ـ دوڤازدەه	دوازدە	دوازدەه
١٣ ـ سێزدە	سیزدە	سێزدەه ، سێنزدەه
١٤ ـ چەهاردەه	چهاردە	چاردەه
١٥ ـ پانزدەه	پانزدە	پانزدەه
١٦ ـ شازدەه	شانزدە	شانزدەه
١٧ ـ هەفتدەه	هفدە	هەودەه
١٨ ـ هەشتدەه	هجدە	هەژدەه
١٩ ـ نەڤەزدەه[٢٤]	نوزدە[٢٥]	نۆزدەه ، نۆزد[٢٦]

تێبینی :

١ ـ لە زمانی ئاوێستادا ناوی ژمارەکانی (١١) تا (١٩) لە ڕێگەی یەکگرتنی ناوی ژمارەی یەکان + ناوی ژمارەی دەوە پێکدێ ، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکی فۆنەتیکی ڕووبدات .

٢ ـ ئەگەرچی زمانە ئێرانییەکانیش لەپێکهێنانی ناوی ئەو ژمارانەدا لەسەر هەمان دەستوور ڕۆیشتوون ، بەڵام هەندێ گۆڕانی فۆنەتیکی ڕوویداوە ... وێرای ئەو گۆڕانە گشتییە ، دوو دەنگی (ز) و (ن) هاتوونەتە ناو بەشێك لە پێکهاتنەکەوە :

(٢٤) بڕوانە : ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ١٩٦٦ ، ل ٧٥ .

(٢٥) بڕوانە : ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ـ تهران ، ١٣٤٣ ، ل ٦٣ .

(٢٦) ف. ئا. فورۆلژڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٣٨ .

أ ـ دەنگی (ز) •

ئەم دەنگە تازە پەیدانەبووە ، بەڵگەش ئەوەیە نەک هەر لە لوغاتە ئێرانییە نوێکاندا هەیە ، بەڵکو لە فارسیی ناوەڕاستیشدا بەهەمان شێوە دەبینرێ و لە بەشێکی زۆری ناوی ژمارەکاندا بەشداری دەکا :

(یازدەه ، دوقازدەه ، سێزدەه ، شازدەه ، نەڤەزدەه) •

ب ـ دەنگی (ن)

وا پێدەچێ دەنگی (ن) زۆر درەنگ هاتبێتە نێو پێکهاتنی ناوی ئەو جۆرە ژمارانەوە ، چونکە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بە هیچ چەشنێک نابینرێ • لە زمانی فارسیی نوێ و زمانی بلوجیدا تەنیا لە وشەی (شازدەه)دا هەیە (هەرچی «ن»ی وشەی «پانزدەه»ە ڕەسەنە و هی ئەسڵی وشەکەیە) ••• لە زمانی کوردیشدا لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەموو شێوەکاندا نییە و پتر تایبەتە بە ناوچەی سلێمانی ، پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم •

ژمارەی دەیان بەم جۆرە ناودەبرێن :

کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
١٠ ـ دە		دە(ھ)	دەھ
٢٠ ـ بیست		بیست	
٣٠ ـ سی		سی	سیھ
٤٠ ـ چل		چل	
٥٠ ـ پەنجا		پێنجی	پێنجە
٦٠ ـ شەست	شێس	شێست	
٧٠ ـ حەفتا	جەوتا	هەڤتە	هەفتێ
٨٠ ـ هەشتا		هەیشتە	هەشتێ
٩٠ ـ نەوەد		نۆد	نووت ، نۆت

له زمانی ئاوێستادا ناوی ژماره دەیی‌یەکانی لـه (بیست)ەوه تـاکـو (پەنجا) له (نـاوی ژمـارەی یەکـان) + (ســەت) پێك‌دێت ... هـەرچی (سەت)یشه له ئێرانیدا (ات)ە[٣٧] .

بـۆ ژمـارەی (بـیســت) فـۆرمی جنسی مـێ - (ڤیسـەتـی)یـش بەکاردێ [٣٨] .

ناوی ژمـاره دەیی‌یەکانی لـه (شـەست)ەوه تـا (نەوەد) له (نـاوی ژمارەی یەکان) + پاشگری (تی) سازدەبێ ، وەك :

خشڤەشتی (شـەست)

هـەپتاتی (حـەفتـا)

ئـەشـتـاتی (هـەشتـا)

نـەڤـەتی[٢٩] (نـەوەد)

له هەندێ له زمانه ئێرانی‌یەکاندا ناوی ئەو ژمارانه بەم چەشنەیـه :

---

(٢٧) سەرچاوەی ناوبراو ، س. ن. سۆکۆلۆڤا ، زمانی ئاوێستا ، ل ٧٠ .

(٢٨) هەمان سەرچاوه ، ل ٧١ .

(٢٩) هەمان سەرچاوه ، ل ٧١ .

فارسیی ناوەڕاست	فارسیی نوێ	بلووجی
٢٠ ـ ڤیست	بیست	گیست
٣٠ ـ سیە	سی	سی
٤٠ ـ چیهل	چهل	چل
٥٠ ـ پەنجاه	پنجـــاه	پەنجاه
٦٠ ـ شەست	شصت	ئەشتاد
٧٠ ـ هەفتات	هفتاد	هەفتاد
٨٠ ـ هەشتات ، ئەشتات	هشتاد	هەشتاد(٣٢)
٩٠ ـ نەهەڤەت(٣٠)	نود(٣١)	

تێبینی :

١ ـ وا دیارە وشەی «ڤیست»ی زمانی فارسیی ناوەڕاست و «بیست»ی کوردی و فارسی دەچنەوە سەر وشەی «ڤیسەتی» ، کە لە ئاوێستادا بۆ فۆرمی جنسی مێیە •

٢ ـ لەوە دەچێ وشەکانی «سی» و «چل»ی کوردی و زمانە ئێرانی‌یەکانی دی شێوەی پەیدابوونیان لە ئاوێستاوە دووربێ •

٣ ـ وشەکانی «هەپتاتی ، ئەشتاتی»ی ئاوێستا کە بەیاریدەی پاشگر (تی) سازبوون ، وا پێدەچێ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا (ات)ی

(٣٠) سەرچاوەی ناوبراو ، ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، ل ٧٥ .

(٣١) سەرچاوەی ناوبراو ، ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، ل ٦٢ .

(٣٢) سەرچاوەی ناوبراو ، ڤ. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، ل ٣٨ .

ئێرانی وەرلیگوە: «هەفتاب، هەشتاب ـ هەشتاب». لە زمانی فارسی
ئوێ و زمانی بلوجیدا (ت)ەکە بووە بە (د) ـ «هەفتاد، هەشتاد».
لە زمانی کوردیدا (ت) تێداچووە و (ا) ماوەتەوە و وشەکان بوون بە
«حەفتا، هەشتا».
٤ ـ وا دیارە کەوی «شەست»یش لەسەر هەمان دەستووری
«حەفتا، هەشتا» پێکهاتبێ و جیاوازی لەوەدا بێ کە لەمدا (ا)کەش
کەوتووە. بەڵگەش ئەوەیە، کە لە زمانی بلوجیدا دەوترێ «شەستاد».
جێی خۆیەتی، ئەگەر بۆ پەیدابوونی وشەی «شەست»، ئەو رایەش
بخەینە پێش چاو، کە دوور نی‌یە لە وشەی «شەش» (بە کەمێ گۆڕانەوە)و
«سەت»ی ئاوێستا سازبووبێ.
٥ ـ بۆ وشەی «نەوەد ـ نەوەت» پتر وا دێتە پێش‌چاو، کە
بەیاریدەی «ات»ی ئێرانی سازبووبێ. بەڵام دووریش نی‌یە (ی)ی
پاشگری (تی) ئاوێستا سوابێ و (ت) مابێتەوە. هەرچی بوونی (ت)ە بە
(د)، یان بە پێچەوانەوە بوونی (د) بە (ت) دیاردەیێکی فۆنەتیکی
بێ‌دەمەتەقێیە. ئەوەش، کە ئەم بۆچوونەی دووەم پتەو بکا، ئەوەیە
لە زمانی فارسی کۆندا دەوترێ «نەڤەتی» و ئاشکرا دیارە، کە پاشگری
(تی) چووەتە سەر وشەی «نەڤە» ...[٣٣]
لە زمانی کوردیدا ئەو ژمارانەی لە نێوان (بیست) و (سەد)ان
(جگە لە دەیی‌یەکان) بەو شێوەیەی خوارەوە سازدەبن:
ژمارەی دەیان + و + ژمارەی یەکان
٢١ ـ بیست + و + یەك = بیست و یەك
٢٢ ـ بیست + و + دوو = بیست و دوو
....

(٣٣) لە بەشێ دیالێکتی کوردەکانی ئازربایجاندا ژمارە دەیی‌یەکان بەم
شێوەیەش ناودەبرێن.

۲۹ – بیست + و + نۆ = بیست و نۆ

۳۱ – سی + و + یەك = سی و یەك

---

۲۰ – دوی دەهـ
۳۰ – سێ دەهـ
. . . .
۹۰ – نەهـ دەهـ
یاخـود :
٤۰ – دوی بیست
٦۰ – سێ بیسـت
. . . . .
۸۰ – چـار بیسـت
یـــان :
٥۰ – دوی بیست دەهـ
۷۰ – سێ بیست دەهـ
۹۰ – چار بیست دەهـ
. . . هتد .

(بڕوانە : چ. خ. باکاییێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤیێت ، مۆسکـــۆ ، ۱۹۷۳ ، ل ۱۲۹ .

مامۆستا قەناتی کوردۆش دەڵێ : « لە زمانی کوردیدا لـــە پـــاڵ ژماردنی دەیی‌دا ، ژماردنی بیستی‌یش هەیە ، کە پێی دەوترێ (ژماردنی ژنانە) . لەم جۆرە ژماردنەدا ، نەك دە ، بەڵکو دوو دەیی دەکرێتە بنەما . بەوێنـــە (دوو بیســـت) لە بریتـــی (چل) ؛ (ســـێ بیســـت) لەجیاتـــی (شەست) ...» (دەستووری زمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتـــی کرمانجیی ژووروو و خواروو ، مۆسکۆ ، ۱۹۷۸ ، ل ۸۹) .

ئەم جۆرە بەکارهاتنە لە زمانی بلوجیشدا هەیە :
۲۰ – گیست
٤۰ – دۆ گیست
٦۰ – سەی گیست
۷۰ – سەی گیست و دەهـ
۹۰ – چار گیست و دەهـ
۱۲۰– هەپت گیست
. . . هتـــد .

(بڕوانە : ڤ. ئا. فوروۆلۆڤا ، زمانی بلوجـی ، مۆسکـۆ ، ۱۹٦۰ ، ل ۳۸) .

٣٢ ـ سی + و + دوو = سی و دوو

•••••••

٣٩ ـ سی + و + نۆ = سی و نۆ

٤١ ـ چل + و + یەك = چل و یەك

•••••••

٤٩ ـ چل + و + نۆ = چل و نۆ

•••••••

٩١ ـ نەوەد + و + یەك = نەوەد و یەك

•••••••

٩٩ ـ نەوەد + و + نۆ = نەوەد و نۆ

ئەمە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بەهەمان چەشنە ، بەوێنە :

٢٤ ـ بیست + و + چار = بیستوچار

٢٩ ـ بیست + و + نه(ه) = بیستونه(ه)

ئـەو جـۆرە ژمـارانـە لـە زمـانی ئـاوێستـادا بـەم شێـوەیـەی خوارەوە پێكدێ :

پەنجە ـ چە فیسەتی[٣٤] **(بیست و پێنج)**

لێرەدا دەبینین ، کوردی لە ئاوێستا جیادەبێتەوە ـ واتە هـەرچی لـە ئاوێستادایە لە پێشەوە «پەنجە» (پێنج) دێت و ئەوجا «ڤیسەتی» (بیست)

(٣٤) سەرچاوەی ناوبراو ، س. ن. سۆکۆلۆڤا ، زمانی ئاوێستا ، ل ٧١ .

...م له کوردیدا بەپێچەوانەوەیە ـ واتە لە سەرەتادا «بیست» دێت و ئنجا «پێنج»[٣٥].

ئەم دیاردەیە لە زمانی هیندیی نوێ و زمانی عەرەبیدا وەك زمانی ئاوێستایە .. بە نموونە لە هیندی نوێدا دەوترێ :

چار (چوار) + بیس (بیست) = چوْبیس

چێ° (شەش) + بیس (بیست) = چبیس[٣٦]

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا شێوەی پێکهاتنی ژمارەکانی نێوان (بیست) و (سەد) ، هەروەك زمانی کوردییە :

ژمارەی دەیان + وت + ژمارەی یەکان

٢٢ ـ ڤیست + وت + دۆ = ڤیست وت دۆ[٣٧]

ئەو (وت)ەی لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا ژمارەکان پێکەوە دەبەستێ ، لە زمانە ئێرانییە نوێکاندا لە شێوەی (و) دایە :

زمانی کوردی : بیست و دوو

زمانی فارسیی : بیست ودو

زمانی بلووجی : گیست و دۆ

لە زمانی کوردیدا جیاوازیی وتنی ژمارەکانی (١١) تا (١٩) لەگەڵ ژمارەکانی (٢١) تا (٩٩) لەوەدایە ، کە کۆمەڵی یەکەم لە پێشدا یەکانیان دەوترێ و بە دوایاندا دەیان ، بەڵام کۆمەڵی دووەم بەپێچەوانەوە لە

---

(٣٥) شایانی باسە ، مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانی ئەو جیاوازییەی زمانی ئاوێستا و زمانی کوردیی ئەمڕۆی یادداشتکردووە (بڕوانە : سۆکۆلۆڤ زمانی ئاوێستا ـ وەرگێڕان و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ـ محەمەد ئەمین هەورامانی ، بەغدا ، ١٩٨٨ ، ل ٢٠٤ ، پەراوێزی ژ ٢) .

(٣٦) سیامەند سەلیم ، چۆن فێری ئەم سێ زمانە دەبیت (هیندی ، کوردی ، عەرەبی) ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١١ ـ ١٢ .

(٣٧) سەرچاوەی ناوبراو ، ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، ل ٧٦ .

سەرەتادا دەیان دەوترێ و ئەوجا یەکان • بەوێنە :

چواردە ٤ و ١٠

بیست و چوار ٢٠ و ٤

ژمارەی «سەد»ی کوردی لە زمانی ئاوێستادا «سەتەم»ە ؛ لە **زمانی هیندیی کۆندا «چەتەم»ە ؛ لە زمانی لاتینیدا** «سەتتوم»ە ؛ لە **زمانی فەرەنسیدا «سەنت»ە ؛ لە زمانی ڕووسیدا** «ستۆ»یە ؛ لە **زمانی هیندیی نوێدا «سو»ە ؛ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا** «سەتا»یە ؛ لە **زمانی فارسیی نوێدا «صەد»ە ؛ لە زمای بلووجیدا** «سەد»ە •••

لە زمانی کوردیدا پێکهاتنی ژمارەی سەدان بەم چەشنەیە :

ژمارەی **یەکان + وشەی (سەد)**

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
دوو + **سەد — دوو**سەد	دو + **سەد — دو**سەد
سێ + **سەد — سێ**سەد	سێ + **سەد — سێ**سەد
نۆ + **سەد — نۆ**سەد	**نە(هـ)** + سەد — نەسەد/ نەهسەد

لە زمانی ئاوێستادا ناوی ژمارەی سەدان یان بە شێوەی پێکەوەبەستنی سادە – (دوثەی سەتەی) ، یان بە شێوەی لێکدانی سادە – (خشفەش سەتە) **پێكدێ • شێوەی پێکهاتنی ژمارەی** سەدانی کوردی چەشنی **لێکدانی سادەی ئاویستاییە • هەرچی زمانی فارسیی** ناوەڕاستو زمانی **فارسیی نوێ و زمانی بلووجی •••یشە** لەسەر هەمان ڕێگە ڕۆیشتوون :

فارسیی ئاوەڕاست : دەڤێ سەت

سێ سەت

فارسیی نوێ : سیصد

بلووجی : دۆسەد

دەربڕینی ژمارەکانی نێوان (١٠٠) و (١٠٠٠)یش بەم چەشنەیە :

سەدان + و + دەیان + و + یەکان

٢٤٥ دووسەد و چل و پێنج

٩٧٦ نۆسەد و حەفتا و شەش

بۆ وشەی «هەزار»ی کوردی لە زمانی ئاوێستادا وشەی «هەزەهرەم» دەبینین ؛ لە زمانی هیندیی کۆندا «سەهەسرەم» ؛ لە هیندیی نوێدا «هزار» ؛ لە فارسیی ئاوەڕاستدا «هەزار» ؛ لە فارسیی نویدا «هزار» ؛ لە بلووجیدا «هەزار ، هەدار» ...

پێکهاتنی ژمارەی هەزارانیش بەم جۆرەیە :

ژمارەی یەکان ، دەیان ، سەدان + وشەی (هەزار)

دوو + هەزار — دووهەزار

هەشت + هەزار — هەشت هەزار

چوارسەد + هەزار — چوارسەد هەزار

ئەمەش لە زۆر زمانی هیند و ئەورووپایی‌و زمانانی دی گرووپی جیاوازدا بەهەمان چەشنە . بەنموونە :

فارسیی ئاوەڕاست : دۆ هەزار

هیندی نوێ : چار هزار ... هتد .

لە زمانی کوردیدا ژمارەکانی نێوان (١٠٠٠) و (١٠٠٠٠٠٠)یش بەم جۆرە دەردەبڕرێن :

هەزاران + و + سەدان + و + دەیان + و + یەکان

١٨٩٤ هەزار و هەشتسەد و نەوەد و چوار

١٢٤٧٣ دوازدەهەزار و چوارسەد و حەفتا و سێ

٥٤٢٢٤٩ پێنجسەد و چل و دوو هەزار و دووسەد و چل و نۆ

٩٩٩٩٩٩ نۆسەد و نەوەد ونۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ

... هتد.

هەرچی وشەی «ملیۆن»یشە ، لە هەموو ئەو زمانانەدا کە من

شتێکیان لێهەڵدەکرێنم ، هەر «ملیۆن»ە بە کەمێ جیاوازیی دەربڕینەوە .

* * *

لە ڕووی ڕۆنانیشەوە دەکرێ ناوی ژمارەکانی زمانی کوردی

بەسەر سێ جۆردا دابەشبکرێن :

١ ـ سادە .

ژمارەی سادە ئەو ژمارەیەیە ، کە یەك بنەمای هەبێت . وەك :

یەك ـ دوو ـ سێ .... دە ـ بیست ـ سی ـ چل ـ سەد ـ هەزار ...

٢ ـ ناسادە .

ئەمیش دوو جۆرە :

آ) دارێژراو .

دارێژراویش ئەوەیە لەوشەیێکی سادە و پاشگرێك پێکهاتبێ ، وەك :
حەفتا ، هەشتا ....[38]

ب) لێکدراو .

لێکدراو لە دوو بنەما سازدەبێ ، وەك :
یازدە ، دوازدە ... چواردە ... نۆزدە .
دووسەد ، چوارسەد ... نۆسەد .[39]

٣ ـ پێکەوەبەستراو [40].

لە یەککەوتنی چەند ژمارەیەك پێكدێت . کە بە یاریدەی (و)ی

---

(٣٨) هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ژمارەی دەیانی (بیست ، سی ، چل ، پەنجا ، شەست ، حەفتا ، هەشتا ، نەوەد)یان بە سادە داناوە (بڕوانە : د. زاری یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ١٩٨٥ ، ل ٦٥) . وەك پێشتر لێی دواین ، بەڵگەی مێژوویی وا ڕادەگەیەنێ « حەفتا ، هەشتا »و «پەنجا ، شەست ؟ » بە یاریدەی (ـا ت)ی ئێرانی سازبووبن و لە کوردیدا (ت) تێداچووە و (ا) ماوەتەوە ... وشەی «نەوەد / نەوەت»یش یان بە هاریکاری پاشگری (ـتی) ئاوێستا یان (ـا ت)ی ئێرانی پێکهاتووە و هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە ... هەرچی (بیست ، سی ، چل)ە ڕواڵەتیان سادەیە . شایانی باسە ، مامۆستا صالح حسەین پشدەری وشەکانی (پەنجا ، شەست ، حەفتا ، هەشتا ، نەوەد)ی بە دارێژراو داناوە و (بیست ، سی ، چل)یش بە سادە (بڕوانە : کورتەیەك لە زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٣٨)

(٣٩) وەك پێشتر لێی دواوین ، ئەو (ا)یە چووەتە سەر وشەی «حەفت ، هەشت ...»و کردوونی بە «حەفتا ، هەشتا ..» کورت کراوەی (ات)ی ئێرانییە .

(٤٠) ژمارە لێکدراوەکانیش دوو جۆرن :

=

پێوەندی پێکەوە دەبەسترێن • وەك :

سەد و چوار ، سەد و بیست و حەوت •••••

ژمارەی سادە بنەما و کەرەستەی ڕۆنانی ژمارەی ناسادە و ژمارەی پێکەوەبەستراوە • ژمارەی ناسادەی (١١) تا (١٩) بە ڕێگای لێکدانی ژمارەی سادەی (١) تا (٩) لەگەڵ (١٠) هێنراوەتە ئەنجام • ژمارەی (دووسەد) تا (نۆسەد)یش لە (دوو سەدی ، دوو جار سەد •••)دوە سازکراوە ••• هەرچی ژمارەی پێکەوەبەستراویشە لە ئەنجامی یەکگرتنی ژمارەی سادە و ناسادەدا دروستدەبێ بەپێی پلە ، وەك (هەزار و سێسەد و چل و شەش) ••••

* * *

۲ ـ ژمارەی پلەیی :

ژمارەی پلەیی بەو وشانە دەوترێ ، کە لە ژماردندا ڕیزی شتی هاوڕەگەز ڕادەگەیەنن ، وەك (پرسیاری یەکەم ، کتێبی دووەم ، شەوی سێیەم ، کوری چوارەم •••)

=

١ ـ بەشێکیان گۆڕانی فۆنەتیکییان بەسەردا هاتووە . وەك :
یازدە ، پازدە ، شازدە ، حەڤدە •••
٢ ـ بەشەکەی دییان هیچ گۆڕانێکی فۆنەتیکییان بەسەردا نەهاتووە ، وەك :
دووسەد ، چوارسەد ، نۆسەد

لە زمانی ئاوێستادا بۆ ژمارەی پلەیی «یەکەم» ، ئــاوەڵناوی «فــرە ــ تەرە» بەکاردێ ، کە واتای «پێشین ــ (یەکەمی دوان)» دەگەیەنێ •

«فرە ــ تەمە»ش واتای (یەکەمی فرە ، یەکەمی کۆمەڵێکی زۆر)دەدات • ئەمە بە زمانی هیندیی کۆن دەبێتە «پرە ثەمەس»[41] •

لە زمانی ئاوێستادا دە ژمارەی سەرەتای پلەیی بە یارییدەی پاشگری جیاواز سازدەبن • بەوێنە :

دفیتــیــە ــ دووەم

تــرتیــە ــ سێیــەم

ك(تووریە) ــ چوارەم

پنــکثــە ــ ــ پێنجــەم

خشتڤــە ــ شــەشــەم

هەپتەثە ــ حــەوتــەم

ئەشتەمە ــ هــەشتەم

نەڤــەمــە ــ نــۆیــەم

دەســەمــە ــ دەیــەم

بۆ ناوی ژمارەی پلەیی (یازدەیەم) تاکو (نۆزدەیەم) ، ئــاوی ژمــارە بنچییەکە بەکاردێنرێ و وەك جۆری قەدی (ا)دار گەردان دەکرێ• وەك :

یازدە ــ پەنچەدەسە

یازدەیەم ــ پەنچەدەسە[42]

لە زمانی هیندیی کۆندا ژمارە پلەییەکان ئەم شێوانەیان هەیە :

دڤیتــیــە ــ دووەم

تــرتیــە ــ سێیــەم

---

(٤١) سەرچاوەی ناوبراو ، س. ن. سۆکۆلۆڤا ، زمانی ئاوێستا ، ل ٧١ .

(٤٢) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٢

سوریە ــ چوارەم

پەنچەمە ــ پێنجەم

سەشتە ــ شەشەم

سەپتەتە ــ حەوتەم

ئەشتەمە ــ هەشتەم

نەڤەمە ــ نۆیەم

دەچەمە ــ دەیەم(٤٣)

ئەگەرچی لە زمانی ئاوێستا و زمانی هیندیی کۆندا هەندێ ژمارەی پلەیی بە جۆری جیاواز سازدەبن ، بەڵام لە نموونەکاندا ئەوەش بەدی دەکەین ، کە بەشێکی زۆریان بە یارمەتیی نیشانەی (ــ دمە)ەوە پێکهاتوون ... هەرچی ئەو نیشانەیەی (ــ ەمە)یشە تا دێ پتر پەرە دەستێنێ و زیاتر بەکاردێنرێ . بەوێنە ئەگەر لە زمانی ئاوێستاو زمانی هیندیی کۆندا لە پێکهاتنی ژمارەی (هەشتەم ، نۆیەم ، دەیەم ...)دا بەشداریی کردبێ ، ئەوەتە لە زمانی فارسیی کۆندا بە ئاشکرایی چووەتە سەر ژمارەی (حەوت)یش ...«حەوتەم» لەزمانی ئاوێستادا «هەپتەڤە»یە و لە زمانی هیندیی کۆندا «سەپتەتە»ن ، بەڵام لە زمانی فارسیی کۆندا «هەپتەمە»یە .

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا ژمارەی پلەیی بە یارمەتیی نیشانەی (ــ وم) سازدەبێ ، وەك :

چەهاروم ــ چوارەم

پەنجوم ــ پێنجەم

شەشوم ــ شەشەم

---

(٤٣) هەمان سەرچاوە ، ل ٧٢

لەگەل ئەمەشدا بۆ ژمارەی (یەکـەم) و (دووەم) و (سێیـەم) ، ئەم وشانەش دەوترێن :

فرەتوم ـ یەکەم

دیت ، دیتیکەر ـ دووەم

سیتیکەر ـ سێیەم[٤٤] •

لە زمانی پشتۆدا ژمارەی پلەیی بە یاریدەی نیشـانـەی (ـ ەم) بـۆ نێـر و (ـ ەمە) بـۆ مێ پێكدێ • بـەوێنـە :

پێنجەم ـ پێنجەمێکی نێر

پێنجەمە ـ پێنجەمێکی مێ[٤٥]

لە زمانی بلوجیدا بۆسازکردنی ژمارەی پلەیی نیشانەی (ـ ومی ، ـ ەمی) دەخرێتەسەر ژمارەی بنجی • بەوێنە :

چـارومی ـ چـوارەم

هەژدەمی ـ هەژدەیەم

گیستوومی ـ بیستەم[٤٦]

وێرای ئەوە لە هەندێ حاڵەتی سازکردنی ژمارەی پلەییدا ڕێگەی لە دەستوور لادانیش دەبینرێ • وەك :

پێشی ـ یـەکـەم

دوهمی ، گودی ـ دووەم

سەمی ، سۆهی ـ سێیەم

دەهمی ـ دەیەم[٤٧]

---

(٤٤) سەرچاوەی ناوبـراو ، ف. س. ڕاستۆرگـویڤا ، زمـانی فارسیـی ناوەڕاست ، ل ٧٧ •

(٤٥) ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٤٤ •

(٤٦) سەرچاوەی ناوبراو ، ف. ئا فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، ل ٣٩ •

(٤٧) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٩ •

لە زمانی کوردیدا ژمارەی پلەیی بەم ڕێگایانەی خوارەوەدا پەیدادەبێ :

یەك ـ بە یاریدەی نیشانەی (ـ ەم) ، کە دەخرێتە سەر ژمارەی بنجی ، وەك :

یەك + ەم = یەکەم

دوو + ەم = دووەم

. . . . . .

دە + ەم = دەیەم

تێبینی :

١ ـ نیشانەی (ـەم)ی زمانی کوردی هەر (ـ ەمە)ی ئاوێستایەو (ە)ی کۆتایی سواوە .

٢ ـ شێوەی (ـ ەم) لەنێو زمانە ئێرانییە نوێکاندا لە زمانی پشتۆدا دەبینرێ ، کە ئەویش بۆ حاڵەتی نێرە .

٣ ـ ئەم نیشانەیە لە زوربەی زۆری دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەکاردێ .

٤ ـ کاتێ (ـ ەم) دەچێتە سەر ژمارەی بنجی ، بەو شێوەیەی خوارەوە خۆی دەنوێنێ :

أ) ئەگەر ژمارە بنجییەکە کۆتایی بە دەنگی نەبزوێن بێت ، ئەوە (ـ ەم)ی بە ڕەوانی پێوە دەلکێنرێ ، بێ ئەوەی هیچ زیادی و کەمییەك بێتە گۆڕێ ، وەك :

یەك + ەم = یەکەم

چوار + ەم = چوارەم

بیست + ەم = بیستەم

ب) ئەگەر ژمارە بنجی‌یەکە کۆتایی بە بزوێنی (ا ، ێ ، ۆ ، ە ، ی)بێت ئەوە لە نێوان ژمارە و نیشانەکەدا (ی - y)ی نیمچەبزوێن پەیدادەبێ ، وەك :

سێ + ی + ەم = سێیەم

نۆ + ی + ەم = نۆیەم[٤٨]

دە + ی + ەم = دەیەم

سی + ی +ەم = سی‌یەکەم

پەنجا + ی + ەم = پەنجایەم

ج) کاتێ ژمارەی بنجی کۆتایی بە بزوێنی (وو)دێت ، ئەوە لە نێوان ژمارە و **نیشانەکەدا** نیمچەبزوێنی (و - w) دێتە کایەوە ؛ هەروەها بزوێنی (وو)ی کۆتایی وشەکە کەمێك لە باری ئاسایی کورتتر دەوترێت .

دوو + (و - w) + ەم = دووەم

dû+w+em=dûwem

---

(٤٨) کەریمی ئەیووبی و سمیرنۆڤا دەڵێن : **لە ژمارەی (نۆ) ژمارەی پلەیی بە یاریدەی پاشگر (ڕاستتر نیشانە - ئەورەحمان)ی (-یَم) سازدەبێ»** (دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل٥٤) .

بەر لە هەرشت ئەوە ڕوون‌دەکەینەوە ، کە وشەی (نۆ) کۆتایی بە بزوێن هاتووە و نیشانەی (-یَم)یش بە بزوێن دەست‌پێ‌دەکات ...

جا دەزانین کە دوو بزوێن پێکەوە نایەن و ئەیووبی و سمیرنۆڤا خۆشیان لە زۆر شوێنی کتێبەکەیاندا ئەو ڕاستی‌یەیان وتووە ... وێڕای ئەوە ، ئاشکرا دیارە وشەی (نۆ) کە بزوێنی (ۆ) کۆتایی‌یەتی، وەك ئەو وشانەی بە بزوێنی (ا ، ێ ، ی ، ە) کۆتاییان دێ ، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و دەوترێ (نۆیەم) ...

دوو ـ بـه هـاریکاری نیشانـەی (ـ ەمین) ، کـە ئیزافـەی سـەر
ژمارەی بنجی دەکرێت ، وەك :

یەك + ەمین = یەکەمین

دوو + ەمین = دووەمین

••••••

دە + ەمین = دەیـەمین

تێبینی :

١ ـ بە شێوە دیارە ، کە نیشانەی (ـ ەمین) لـە یەکگـرتنی نیشانەی
(ـ ەم) و (ـ ین) پێکهاتووە •

٢ ـ نـەمـاتتوانیـوە سـەردەمی پـەیدابوونی نیشانـەی (ـ ەمین)
دیاری‌بکەین ، بـەلآم ئـەوەی دەیـزانین ، ئـەوەیە کـە ئـەو نیشانـەیـە
لە ئاوێستا و لە فارسیی کۆندا و لە فارسیی ناوەڕاستدا نی‌یە ••• هەروەها
لە یەشێکی زۆری زمانە ئێرانی‌یە نوێکانیشدا نی‌یە ، بەلآم لە زمانی فارسیی
نوێدا (اُمین) هەیە وەك : سومین ، چهارمین ••••(٤٩)

٣ ـ نیشانـەی (ـ ەمین)یش ، وەك نیشانـەی (ـ ەم) لـە زوربـەی
دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا هەیە •

٤ ـنیشانەی (ـ ەم) کە دەچێتە سەر ژمارەیێکی بنجی کۆتایی هاتوو
بە بزێن یان نەبزوێن چۆن بەدەردەکەوێ ، ژمارەی (ـ ەمین)یش بـەهەمان
شێوە خـۆی دەنـوێنێ •

---

(٤٩) سەرچاوەی ناوبراو ، ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای
فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ ، ل ٦٨ .

گەلێ جار ئەوە بەدی دەکرێ ، کە لە نێوان ژمارە بنجی‌یەکە و نیشانەی (ـ ەم) و (ـ ەمین)دا نەبزوێنی (ه) بەکاردێنرێ ، وەك :

سێ + ه + ەم/ەمین = سێهەم/سێهەمین

دە + ه + ەم/ەمین = دەهەم/دەهەمین

ئەگەر بۆ دەست نیشانکردن و ڕوونکردنەوەی دەمی پەیدابوونی ئەو (ه)ە ، گەشتێك بە دیوانی شاعیرانی زووی کورددا بکەین ، ئەوە ئەو (ه)ە بە هیچ جۆرێك نابینین ... تەنانەت لە ئەدەبیاتی کوردی سەرەتای ئەم سەدەیەشدا بەرچاو ناکەوێ . بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا سەرنجڕاگرتن لە ژمارەکان ، ئەو ڕاستی‌یەمان پێ‌دەسەلمێنێ کە ئەو (ه)یەی ئەمڕۆ هەندێ لە نووسەران دەیخەنە نێوان ژمارە و نیشانەی (ـەم ، ـ ەمین)ی پلەیانەوە ، شتێکە لە لاوە هێنراوەتە ناوانەوە ، لەگشت شوێنێك و تێکڕای وتارەکانی «تێگەیشتنی ڕاستی»دا ، تاکە ژمارەیەك چی‌یە (ه)ی لەگەڵ نەنووسراوە ، بەوێنە بڕوانە : (ژ۲۱ ، ل۱ ، س۲ ، د٦ – «دومین») ؛ (ژ۲۱ ، ل۱ ، س۲ ، د۱٥ «سیمین») ؛ (ژ۲۱ ، ل۱ ، س۲ ، د۲۰ – «چوارمین») ؛ (ژ۲۸ ، ل۳ ، س۳ ، د۲۰ «دومین») ؛ (ژ۲۸ ، ل۳ ، س۳ ، د۲۸ – «دوم») .

هەروەها نەبینی ئەو (ه)ە لە چاپەمەنی‌یە کوردی‌یەکانی دی ئەو سەردەمەدا ، ڕای دانانی بە شتێکی لە لاوە هێنراو پتەو دەکات . بۆ نموونە بڕوانە : «ڕۆژی کوردستان» (ژ۱ ، ل۲ ، س۱ ، د۲۷ – «بیستەمین») .

دەبینین کاتێ نیشانەی (ـ ەم) ، (ـ ەمین) دەچنە سەر هەندێ ژمارە دەربڕینیان کەمێ گرانە ... جا وا پێ‌دەچێ لە سەرەتادا ئەو (ه)ە بۆ

ئاسانکردنی پێکەوەبەستنی ژمارە و نیشانەکە و وتنی ئەو جۆرە ژمارانە
هاتبێتە ناوانەوە و دواتر پەرەی سەندبێ...[50] پێویستە بەنجە بۆ
ئەوەش ڕابکێشین ، کە لە نێو زمانە ئێرانییە نوێکاندا لە زمانی بلوجیدا
ئەو (ە)ە دەچێتە سەر چەند ژمارەیەك ، وەك : سۆهسی (سێیەم)
دەهسی (دەیەم) ...[51]

لە زمانی کوردیدا ئەگەر ژمارەکە پێکەوەبەستراو بوو ، ئەوە
نیشانەی (ـ ەم) و (ـ ەمین) دەچنە سەر دوا ژمارە ـ واتە تەنیا دوا ژمارە
نیشانەی پلە وەردەگرێ . بۆ نموونە :
سەد و چل و یەك
سەد و چل و یەکەم / سەد و چل و یەکەمین

بەپێی دەستووری زمانی کوردی ئەگەرچی ژمارەی پلەیی بەدوا

---

(50) کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا دەڵێن : «ئەو ژمارانەی کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێت (جگە لە نۆ) ، کاتێ نیشانەی (ـەم ، ـ ەمین)یان دەخرێتە سەر ، لە نێوان کۆتایی ژمارەکان و سەرەتای وشەکاندا نەبزوێنی (ھ) یان (ی ـ V) پەیدا دەبێ» (دیالێکتی کوردی موکری. لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٥٤) . لەم بارەوە دەڵێین

١ ـ نەبزوێنی (ھ) لە زوودا نەبووە و تازە هاتۆتە ناوانەوە و لە لاوە هێنراوە . ئەمڕۆش کە بەکاردێنرێ ، تەنیا بۆ ئەو ژمارانە نییە کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ ، بەڵکو بۆ تێکڕای ژمارەکانە ـ واتە بۆ ئەو ژمارانەشە کە بە نەبزوێن کۆتاییان دێت . بەوێنە چۆن دەوترێ (سێهەم) ، بە هەمان شێوە دەشوترێ (چوارهەم) ...

٢ ـ هەرچی نیمچەبزوێنی (ی ـ Y)یشە ڕاست نییە بوترێ دەچێتە سەر هەموو ئەو ژمارانەی کۆتاییان بە بزوێن دێ ، چونکە ئەوەتە ژمارەی (دوو) کۆتایی بەبزوێن دێ و ناشێ (ی ـ Y)ی بخرێتە سەر ـ واتە ناوترێ (دوویەم) ...

(51) سەرچاوەی ناوبراو ، ڤ. ئا. فرۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، ل ٣٩ .

ناودا دێت[٥٢] و وەك ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ پێش ناوەکە بخرێ . بەوێنە :

نامەی دووەم (دووەمین) / دووەم (دووەمین) نامە

ساڵی چوارەم (چوارەمین) / چوارەم (چوارەمین) ساڵ[٥٣]

ژمارەی پلەیی ئەگەر بەدوا ناودا هات بە یاریدەی (ـ ی) ئیزافە پێکەوە دەبەسترێن ، بەڵام کە بکەوێتە پێش ناوەکەوە ، هیچ نیشانەیەك پەیدا نابێ ـ واتە بێ یاریدەی نیشانەی ئیزافە بەدوا یەکتردا دێن .

لەبەر ئەوەی ژمارەی پلەیی لەگەڵ ئاوەڵناودا هەندێ خاسیەتی وێکچوویان هەیە ، بەشێك لە زانایان بە جۆرێك لە ئاوەڵناوی دەژمێرن . دانانی ئەو جۆرە وشانە لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناودا شتێکی چاولێکەری یە .

تێزیکی ژمارەی پلەیی لەگەڵ ژمارەی بنجی‌دا بووەتە هۆی ئەوەی ، هەندێ جار ژمارەی بنجی بە واتای ژمارەی پلەیی بەکاربهێنرێ . بۆ نموونە (پۆلی چوار) لە بریتی (پۆلی چوارەم) ...

سێ ـ نیشانە (ـ وم)

لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کرمانجیی ژووروو و هەندێ بەشە دیالێکتی ئەمڕۆی زمانی کوردیدا ، دەبینین بە یاریدەی نیشانەی (ـ وم) ، ئەوە دەخرێتە سە ژمارەی بنجی ، ژمارەی پلەیی پێك‌دێ . وەك :

یەکوم ، دووم .... چاروم ...

---

(٥٢) لە زمانی ڕووسیدا بە پێچەوانەی کوردی‌یەوەیە ـ واتە ژمارەی پلەیی هەمیشە لە پێش ناوەوە دێت .

(٥٣) ئەم پاش و پێشکەوتنە لە زمانی فارسیشدا باوە و لەم بارەیەوە ذو النور دەڵێ : « اصولا تقدیم و تأخیر عددهای ترتیبی (صفت‌های شمارشی ترتیبی) در مقابل معدود جایز است چنانکه : سومین روز ، پنجمین سال ... روز سوم ، سال پنجم ...» (در صرف و نحو و املای فارسی ، ل ٦٨) .

نیشانەی (ـ وم) لە زمانی فارسیی ناوەڕاست و زمانی فارسیی نوێدا نیشانەی سەرەکی پێکهێنانی ژمارەی پلەیی یە •

وێڕای ئەو نیشانانە ، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و بەشە دیالێکتەکانیدا بۆ سازکردنی ژمارەی پلەیی کەرەستەی دی‌یش بەکاردێنرێ :

١ ـ نیشانەی (ـ انی) ، کە دەخرێتە سەر ژمارەی بنجی ، وەك :

یەکانی

دوانی

•••••••

چارانی[٥٤]

٢ ـ نیشانەی (ـ ێ) ، کە ئیزافەی سەر ژمارەی بنجی دەکرێ • لە پێکهاتنی ئەم فۆرمەدا هەمیشە جێناوی (یا) بۆ تاکی مێ و (یێ) بۆ تاکی نێر و (یێد/یێت) بۆ کۆ بەکاردێنرێ • وەك :

یا یێکێ

یێ یێکێ

یا سێیێ

یێ سێیێ

---

(٥٤) بڕوانە :

أ ـ ق. کوردۆ (کوردۆیێف) ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٤٠ ـ ١٤١ .

ب ـ ڕ. ل. تسابۆلۆف ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣٦ .

یێد / یێت سێیێ[55]

٣ ـ ژمارەی پلەیی لە ژمارەی بنجیی (دوو)ەوە و بەرەو ژوور بە یاریدەی نیشانەی کۆی دۆخی تیان (ـان) یاخود (ـ ا) سازدەکرێ • لەم بارەدا بەپێی ئەرك ، لە پێشی ژمارەکەوە جێناوی (یا) یاخود (ا) ؛ (یێ) یاخود (ێ) بۆ تاك دادەنرێ و بۆ کۆش (یێد/ێد) یاخود (یێن/ێن) • جێناوەکە جنسی ژمارە پلەیی‌یەکە دیاری‌دەکا • وەك :

یا چاران یا دەهان	بۆ تاکی مێ
یێ چاران یێ دەهان	بۆ تاکی نێر
یێد چاران یێن بیستان	کۆ ـ نێر و مێ[56]

٤ ـ ژمارەی بنجی کە دەوری ناوی دیارخەر دەبینێت و نیشانەی (ـ ان) یان (ـا)ی کۆی دەچێتە سەر، وەك ژمارەی پلەیی خۆی دەنوێنێ •

---

(٥٥) بڕوانە : د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی «ولاتان و میللەتانی ڕۆژهەلاتی نێزیك و ناوەڕاست» ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٤٥ .

ق. کوردۆ (کوردۆیێف) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خوارووی) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨، ل ٩٠ .

(٥٦) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٠ •

بۆ نموونه :

سالا پیتا (ن)

رۆژا دمها (ن)[٥٧]

٥ ــ له بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستاندا نیشانەی (ـ ۆم) :
(ـ ۆمی)یش دەچنە سەر ژمارەی بنجی و دەیانکەنە ژمارەی پلەیی[٥٨] .

(ـ ۆم) له (ـ وم)ی زمانی فارسیی ناوەڕاست و زمانی فارسیی نوێوە نزیکە . هەرچی (ـ ۆمی)یشە له (ـ ومی) زمانی بلووجی دەچێت .

له زمانی کوردیدا وێڕای ڕێگەی وشەسازی ـ واتە ئەو ڕێگەیەی کە نیشانە سەرەکییەکان و ئەوانی دی دەچنە سەر ژمارەی بنجی و دەیانکەنە ژمارەی پلەیی ـ هەروەها ڕێگەی ڕستەسازی و وەرگرتنیش هەیە . بەوێنە :

کاتێ ژمارەی بنجی وەك دیارخراو خۆی دەنوێنێ و نیشانەی (ـ ی)ی ئیزافە وەردەگرێ ، وەك ژمارەی پلەیی لێ‌دێ . ئەم شێوە پێکهاتنە بە زۆری لەگەڵ ناوی مانگەکاندا دێت ، وەك :

یەکی گایار

شەشی ئەیلوول

چواردەی گەلاوێژ

---

(٥٧) هەمان سەرچاوە ، ل ٩٠ .

(٥٨) مامۆستا چەرکەزی بەکۆ (ـوۆم) و (ـوۆمی)و (ـیۆم)یشی لەگەڵ (ـۆم)و (ـۆمی) داناوە (بڕوانە : زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل١٣٤ـ١٣٥) ، بەڵام ئاشکرا دیارە کە (و)ی سەرەتای (ـوۆم)و (ـوۆمی) نیمچەبزوێنە و پێویست هیناویەتی‌یە ناوانەوە و لەگەڵ ئەسڵی نیشانەکاندا نی‌یە ـ واتە نیشانەکان (ـۆم)و (ـۆمی)ن ، نەك (ـوۆم)و (ـوۆمی) ... هەرچی (ـیۆم)یشە دیسان هەر (ـۆم)ە و (ی)یەکەی سەرەتای نیمچەبزوێنە و لە نێوان دوو بزوێندا پەیدابووە .

نۆزدەی حوزەیران

بیستی مانگ

ئەم حاڵەتە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بە هەمان شێوە دەبینرێ ۰ ئەوەندە هەیە (ـ ی)ی ئیزافە لەوێدا دەبێ بە (ـ ێ) ۰ وەك :

یەکێ گولانێ[٥٩]

نموونەی وەرگرتنیش ئەوەیە کە ژمارەی (یەك) جگە لە فۆرمی (یەکەم) و (یەکەمین) ۰۰۰ هەروەها فۆرمی (ئەوەڵ ، هەوەڵ) و (هەوەڵین)یشی هەیە ، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە[٦٠]

* * *

٣ ـ ژمارەی کەرتی :

ژمارەی کەرتی ئەندازەی کەرت رادەگەیەنێ ـ واتە چەندێتی ئەم یان ئەو بەشی دانەکە نیشان دەدا و دەردەخا ، وەك (سێیەك ، چواریەك ۰۰۰)[٦١] ۰ لە پێکهاتنی ژمارەی کەرتیدا ناوی پارچەکانی لە واتای پلە بێ بەرن ۰

---

(٥٩) شایانی باسە ، مامۆستا قەناتی کوردۆ لەم کێشەیە دواوە (بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی ـ بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو ـ ل ٨٩) ۰

(٦٠) هەندێ لە نووسەران ئەوەیان یادداشتکردووە ، بڕوانە :
أ ـ قەناتی کوردۆ ، هەمان سەرچاوە ، ل ٨٩
ب ـ کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری، لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٦٥ ۰

(٦١) لە زمانی ڕووسیدا پێکهاتنی ئەم جۆرە ژمارانە بەپێچەوانەوەیە ـ واتە (یەك) لەپێش (سێ)و (چوار)ەکەوە دێت ۰
لە زمانی هیندیی نوێدا هەروەك کوردییە ، واتە (یەك) لە دوای (سێ) و (چوار)ەکەوە دێت ۰ بەوێنە بڕوانە (تینوا حصە ، چوتها حصە ۰۰۰) (بڕوانە : سیامەند سەلیم ، چۆن فێری ئەم سێ زمانە دەبیت ـ هیندی ، کوردی ، عەرەبی ـ بەشی ،یەکەم ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١٩ ۰

لەزمانی کوردیدا ژمارەی کەرتی (سێیەك ، چواریەك ...) ، کە جۆری هەرە دیار و باون ، وشەی لێکدراون و لە دوو ژمارەی بنجی پێکهاتوون : (سێ + یەك ، چوار + یەك ...) . لە دیالێکتی زوورووشدا بە هەمان شێوە دەوترێ : (سێیەك ، چاریەك ...)[62] . وێنەی ئەم پێکهاتنە لە زمانە ئێرانی‌یەکانی دی‌یشدا بە هەمان جۆر بەرچاو دەکەوێ . بەوێنە لە زمانی فارسیی نوێدا دەوترێ : «چهاریك ، صدیك ...»[63] و بە زمانی بلووجیش «سەیەك ..»[64] ..هتد .

ئەم جۆرە پێکهاتنەش تەنها لەو ژمارانەدا ڕەنگ‌دەداتەوە ، کە ژمارەی دووەمیان (یەك)بێت ... بەڵام ئەگەر ژمارەی دووەم ژمارەی (یەك) نەبێت ، ئەوە ژمارە کەرتی‌یەکە وەك وشەیێکی لێکدراو بەدیار نایە[65] ، بەڵکو لە شێوەی دەستەواژەیەکدا دەردەکەوێ ، کە دەشێ دەربڕینی وەسفی پێ‌بوترێ . بۆ سازبوونی ئەمەش لە زمانی کوردیدا چەند حاڵەتێك بەرچاو دەکەوێ :

بە یارمەتیی پێشبەندی (لە) . ئەمیش بە دوو چەشن دەبینرێ

آ) پێشبەندی (لە) لە سەرەتای دەستەواژەکەوە دێت ، بە واتایێکی دی لە پێش ژمارەی یەکەمەوە دەبێ . ژمارە گەورەکە لە پێشدا دێت و بە دوایدا

---

(62) جگرخوین ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، 1961 ، ل 34

(63) ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی تهران ، 1343 ، ل 69 .

(64) ف. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، 1960 ، ل 39 .

(65) شایانی باسە ، مامۆستا تۆفیق وەهبی پەنجەی بۆ ئەو ڕاستی‌یە ڕاکێشاوە (بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، 1929 ، ل 76) .

ژماره بچووکەکە ـ واتە ژمارە گەورەکە دەبێتە یەکەم و بچووکـەکـەش
دووەم ، وەك :

ـە دە پێنــج
ە ســەد دە
لـە هـەزار دوو
.....هــتــد .

زۆر جار لەم پێکهاتنەدا دوو دیاردە سەرهەڵدەدەن :

یـەك :

ژمارەی یەکەم نیشانەی (ان)ی کۆ وەردەگرێ ، وەك :

لـە دەیـان پێنــج
لـــە ســـەدان دە
لـە هـەزاران دوو

دوو ـ

بۆ تەواوکردنی پێشبەندی (لە) پاشبەندی (دا) دەچێتە سەر کۆتایی ژمارەی
یەکەم و لەشێوەی کورتکراوەدا، واتە وەك (ا) بەدەردەکەوێ،وەك:

لە دەدا (دەیا) پێنج
لە سەددا (سەدا) چل
لە هەزاردا (هەزارا) دوو

ئەم دوو دارشتنە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بەهەمان شێـوە
دەبینرێ ، تەنیا ئەوەندە هەیە (ژ) لەبریتی (لـە) بەکاردێنـرێ و ژمـارەی
یەکەم هەمیشە نیشانەی کۆی (ان) یان (ا) وەردەگرێ ، وەك :

ژ پێنـجـان سێ
ژ دەهــان چـار[٦٦]

لەم پێکهاتنەدا گەلێ جار لە دیالێکتی خواروودا وشـەی (بـەش کەرت ...) و لـە دیـالێکتی ژووروودا وشـەی (پـار ، سـەلـەف ...) بەشداری دەکەن[٦٧] . وەك :

لە شەش بەش سێ بەش
لە دە کەرت چوار کەرت
ژ چـار پـارا سـێ پـار
ژ حەفتا سێ پار / ژ حەفت پارا سێ[٦٨]
ژ سەدان نـەھ سەلـەف
دەھ سەلەف ژ سەدا[٦٩]
...هـتـد .

---

(٦٦) مامۆستا قەناتی کوردۆ لـە کتێبی (دەستووری زمـانی کـوردی ــ بـە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو ــ ل ٩٤)دا باسی ئەو تایبەتێتی‌یەی کردووە .

(٦٧) نموونەی ئەو جۆرە وشە بەشداری‌کەرانە لە زمانی پشتۆدا وشـەی (بەرخە) (بڕوانە : ن. ئا. دفۆریانکۆف ، زمانی پشتۆ ، موسکو، ١٩٦٠، ل ٤٤) و لە زمانی بلووجی‌دا وشەی (بەهر ، بەهەر)ن (بڕوانە : ڤ. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٤٠)

(٦٨) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، چەرکەزی بەکۆ ، زمانی کوردەکانـی سۆڤێت ، ل ١٣٦ .

(٦٩) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، قەناتی کوردۆ ، دەستووری زمانـی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٤٣ .

ب) لە سەرەتادا ژمارە بچووکەکە و لە ناوەڕاستدا پێشبەندی (نە)و
لە کۆتاییدا ژمارە گەورەکە ، وەك :

پێنج لە سەد

سەد لە هەزار

هەندێ جار لەم پێکهاتنەدا ئەو دیاردەیەش سەرهەڵدەدا ، کە دوا
ژمارە ، بەواتاییکی دی ژمارە گەورەکە نیشانەی (ـ ان)ی کۆ وەردەگرێ

یەك لە چلان

٢ ـ بە هاریکاریی وشەی (لەسەر) ، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو
ژمارەکەوە ، هەرچی ژمارەکانیشە ، بچووکەکەیان لە سەرەتاوە دێت و لە
کۆتاییدا ژمارە گەورەکە ، وەك :

دوو لەسەر پێنج

چوار لەسەر هەشت

پێنج لەسەر بیست(٧٠)

تێبینی :

ئەم چەشنە دەربڕینەو دەربڕینی جۆری (ب)ی خالی یەکەم پتر لە
بیرکاریدا باوە ، بەوێنە :

---

(٧٠) لە بەشە دیالێکی ئەترووش و بامەڕنی‌دا ئەم جۆرە دەربڕینە ڕێگەی
سەرەکیی پەیدابوونی ژمارەی کەرتی‌یە ، وەك :

سێ لسەر چارا

چار لسەر حەفتا

(بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی
بادینانی کوردستانی عێراق ، ل ٣٣٥) .

که دەوترێ (پێنج لە سەد) مەبەست (٪٥)ە .

که دەوترێ (سەد لە هەزار) مەبەست (٪١٠٠)ە

. . . . . .

که دەوترێ (دوو لەسەر پێنج) مەبەست (٥/٢)ە .

که دەوترێ (چوار لەسەر هەشت) مەبەست (٨/٤)ە

. . . . . .

٣ ـ به یاریدەی نیشانەی ئیزافەی (ی) ، که به ژمارەی یەکەمەوە دەلکێ[٧١] . لەم بارەدا لە سەرەتادا وشه گەورەکه دێ و ئەوجا بە دوایدا وشه بچووکەکه . وەك :

سەدی هەشت

سەدی چوار

٤ ـ لە هەندێ بەشە دیالێکتی موکری[٧٢] و بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستان[٧٣] و هەندێ ناوچەی دیدا ژمارە گەورەکە بەدوا ژمارەبچووکەکەدا دێو نیشانەی (ـ ەم)ی پلەش وەردەگرێ. وەك :

لە بەشە دیالێکتی موکریدا :

پێنج هەشتەم ـ واتە (پێنج لە هەشت)

سێ سەدەم ـ واتە (سێ لە سەد)

لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستاندا :

---

(٧١) د. زاری یووسف ئەو دەستوورەی باسکردووە (بڕوانە : **سەرچاوەی ناوبراو ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، ل ٦٧**) .

(٧٢) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، کەریمی ئەیووبی و ئی ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، ل ٥٥ .

(٧٣) بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، چەرکەزی بەکۆ ، **زمانی کوردەکانی سۆڤێت** ، ل ١٣٦ .

سێ چارۆمی ـ واتە (سێ لە چوار)

چار پێنجۆمی[٧٤] ـ واتە (چوار لە پێنج)

٥ ـ لە بەشی زۆری دیالێکتی ژووروودا (ـ انی) دەچێتە سەر ژمارە گەورەکە و ژمارە گەورەکەش بە دوا ژمارە بچووکەکەدا دێت و ژمارەی کەرتی سازدەبێ ، وەك :

پێنج بیستانی

یەك چارانی[٧٥]

و هەندێ رێگەی دی ...

وشەی (چارەك) و (نیو)یش ، کە ژمارەی کەرتین ، واتای چەندێتییان تێدایە . (چارەك) ـ (چواریەك)ی شتێکە و تەنانەت پێکهاتنەکەشی دیارە بریتییە لە (چوار ـ چار) + (یەك ـ ەك) ... (نیو)یش لە دوو بەش بەشێك رادەگەیەنێ . ئەم وشانە لە هەندێ شێوە کوردیدا

(٧٤) لە زمانی پشتۆدا هەمان شێوە پێکهاتن دەبینرێ ، بڕوانە : سەرچاوەی ناوبراو ، ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، ل ٤٤) .

(٧٥) بڕوانە :

أ ـ سەرچاوەی ناوبراو ، قەناتی کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و کرمانجیی خواروو) ، ل ٩٤ .

ب ـ سەرچاوەی ناوبراو ، قەناتی کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٤٣ .

ج ـ سەرچاوەی ناوبراو ، چەرکەزی بەکۆ ، زمانی کوردەکانی سۆڤیێت ، ل ١٣٦ .

(چارەگـ) ؛ (نیم ، نیڤـ)ن ۰ (نیـو)و (نیم)یش فـۆرمی (نیـوە)[٧٦]و (نیمە)شیان هەیە[٧٧] ۰

* * *

ژمارەی دابـەش ؟

لە هەردوو دیالێکتی سـەرەکیی کـوردیـدا ژمـارەی دابـەش بـە دوویاتکردنەوەی ژمارەی بنجی پێكدێ

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
یەك یەك	یەك یەك
دوودوو	دودو ، دۆدۆ

(٧٦) مامۆستا تۆفیق وەهبی وشـەی «نیو»ی بە ژمارەی بنجی داناوە و وشـەی «نیوە»یش بە ژمارەی کەرتی (دەستووری زمانی کـوردی ، ل ٧٧) . وەك ئاشکرایە « نیو »و « نیوە » هەردووکیان لە دوو بەش بەشێـــك ڕادەگەیەنن · بۆ نموونە چـۆن دەشێ بوترێ «منداڵەکـە نیو سێـوی خوارد » ، بەهەمان چەشن دەلوێ بوترێ «منداڵەکە نیوەی سێوەکەی خوارد». یاخود «قوتابییەکە نیو دەفتەری پڕکردەوە » / «قوتابییەکە نیوەی دەفتەرەکەی پڕ کردەوە»···جا مەسەلە ئەوە نییە «نیو» ژمارەی بنجی بێت و «نیوە»یش کەرتی ، بەڵکو مەسـەلە ئەوەیە «نیو» شتـــی (مطلق ، تجرید) ڕادەگەیەنی و «نیوە»یش «مجسمە ، محدود»ە ...

(٧٧) وشـــەی (نیو ، نیم) لــە ئێریەن ڤاچدا «نەیمە»یە و لە هیندیی کۆنـدا (نێمە)و لەفارسیی ناوەڕاستدا(نێم، نێمەك)ە···(بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی، فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل١٨٣)· لەزمانی پشتۆدا (نیم ، نیمە)یە (بڕوانە : ن· ئا· دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتـۆ · ل ٤٤) ؛ لــە زمانی بلووجیدا (نێم)ە (بڕوانە : ف· ئا· فورۆلۆڤا، زمانی بلووجی ل ٤٠) ···

سێ‌سێ　　　　　　سێ‌سێ

چوارچوار　　　　　　چوارچوار

... هتد .

شێوەی (یەکەیەکە ، دوان‌دوان ، سیان‌سیان)یش بەکاردێ . وێـڕای ئەوە ، ئەوەش دەبینرێ ، کە لە دووپات‌کردنـەوەی ژمـارە بنچی‌یـەکـەدا پێشبەندی (بە) لە ناوەڕاستدا پەیدادەبێ . وەك :

یـەك‌بـەیـەك

دووبـەدوو

سێ‌بـەسێ

چـواربـەچـوار

... هـتـد .

هەرچی ئەو پێشبەندەشە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە شێوەی (بـ bi)دایە ، وەك :

یـەك‌بـیـەك

دوبـدو

سێ‌بـسێ

چـاربـچـار

ئەو پێشبەندە لە هەلدێ بەشە دیالێکتی هـەردوو دیـالێکتـدا لـە شێوەی (وە)دا دەبینرێ . وەك :

یەك‌وەیەك　　　　یەك‌وەیەك

دووەدوو　　　　دووەدو

سێ‌وەسێ　　　　سێ‌وەسێ

چوارەچوار　　　　چارەچار

... هتـــد .

تیکرای ئەو نووسەرانەی باسی ئەم کێشەیەیان کردووە ، نەك هەر بە چەند دێڕێك کۆتاییان بـە لێدوانەکەیان هێنــاوە و هـەڵەی گـەورەیـان کردووە ، بەڵکو مەبەستیشیان نەپێکاوە :

١ ــ بەلێ (یـەکـیـەك ، دوودوو ، سێسێ ، چـوارچـوار ...) لـە دووپات کردنەوەی ژمارەی بنجی پێکدێن ، بەڵام پێویستە بزانین ، دەشێ ئەو جۆرە وشانە لە بەشە ئاخاوتنی ژمارەدا دابنێین یان تـا ...

(یەك ، دوو ، سێ ، چـوار ...) ژمـارەن و دەوتـرێ (یـەك پیـاو هات ، دوو کوڕ هاتن ...) . لێرەدا ئاشکرا دیارە ، کە (یەك ، دوو ..) ژمارەی (پیاو ، کوڕ...) نیشان دەدەن ــ واتە چەندێتی ئاو دیاری‌دەکەن ، بەڵام کە دەوترێ (پیاوەکان یەیەك هاتن ، کوڕەکان دوودوو هاتن ...) ، ئەوە (یەکیەك ، دوودوو ...) بـەدوا یەکتر هـاتنی کردارەکـە (هـاتن) نیشان دەدەن . کەواتە کە وەسفی چۆنێتی (هـاتن)ەکـە بکـەن و وەسفی (پیـاو ، کـوڕ ...) نـەکەن ، ئـەوە دەبنـە ئـاوەڵکـردار . بـەو پێیـە (یەکیەك ، دوودوو...) ژمارە نین و (ئاوەڵکرداری تەرتیبی)ین .

٢ ــ چ لە ڕووی ڕاگەیاندنی واتاو چ لە بواری بەکارهێنانەوە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو جۆرە پێکهاتنەدا هەیە . بەوێنە ئەگەر بڵێین :

(دوودوو دانیشتبووین) ، ئەوە ناشێ تەنیا دوو کـەس بین ، بـەڵکو دەبێ چـەندین کـەس بین و هـەر دوانمـان پێکـەوە دانیشتبین . بـەڵام کە دەڵێین (دووبەدوو دانیشتبووین) ، بەپێچەوانەوە دەبێ تەنیا دوو کەس بین پێکەوە دانیشتبین و ناکرێ مەبەستی کەسانی زۆر بگرێتە خۆ ..ئەمەو گەلێ جیاوازیی دی هەیە ، کـە لێرەدا بـە پێویستی نـازانین بـە درێـژی لێی بـدوێین .

سێ پا

....

چوارپێ

چوارچاو

چوارگۆشە

چوارقوڕنە

....

پێنج تیر

....

چل چرا

....

شەست پەڕ

....

هەزارپێ

....هتد .

تێبینی :

زۆر جار لە دوا ناوەکەوە هەندێ مۆرفیمی دیش دێ ، وەك :

١ ـ پاشگر :

أ ـ پاشگری (ـ ە) :

یەکشەوە

دووڕۆژە

سێ ڕۆژە

چوارچێوە

چوارشانە

چـوارنـالـه

... هتـــد .

ب ـ پاشگری (ـ ەکی)

دووبەرەکی

چـوارخشتـەکی

...هتد .

ج ـ پاشگری (ـ انه = ان + ە)

سێڕۆژانه

... هتـد .

٢ ـ لەگەڵ ئاوەڵناوی نادیاردا :

یـەکتـر

یەکدی

...هـتـد .

٣ ـ لەگەڵ ئاوەڵکرداردا :

دوولا

چـــوارلا

... هتد .

٤ ـ لەگەڵ چاوگدا :

یەككەوتن

یەكگرتن

یەكبوون

... هتـد .

❋ ❋ ❋

ژمارەی چەندێتی نادیار ؟

ـ هەندێ لێکۆڵینەوەی زمانە ئەوروپاییەکاندا ، ئەوە بەرچاو دەکەوێ ، کە هەندێ وشەی وەك : زۆر ، فرە ، گەلێك ، کەم ، هەندێ ، چەند... بە جۆرێك لەژمارە دانراون و لەژێر سەرباسی «ژمارەی چەندێتی نادیار»دا لێیان کۆڵراوەتەوە [٧٨].

بە ڕای من ڕاست نی یە ئەو جۆرە وشانە بە ژمارە دابنرێن ، چونکە ئەو گرووپە وشە کەمەی بە «ژمارەی چەندێتی نادیار»دانراوە ، لە باری واتاوە ناتوانێ چەندێتی ژمارە نیشان‌بدا ... نادیاریی ئەم گرووپە وشەیە (زۆر ... فرە ... هەندێ ...) لەو گرووپە وشەیە (یەك ، دوو ...دە ...) جیادەکاتەوە ، کە بەتەواوی سەرژمێریی ناوێك دەخاتە ڕوو . بۆ نموونە کە دەوترێ «پێنج کرێکار»، ئەوە ژمارەی کرێکاران (پێنج)ن و نە چوارن و نە شەش ـ واتە بەتەواوی ژمارەیان دیاریکراوە . بەڵام ، ئەگەر بوترێ «هەندێ کرێکار» ، ئەوە نەك ژمارەیان نەزانراوە ، بەڵکو دەشێ (دە) کەس بن و دووریش نی یە (سەد) .

وشەی چەندێتی نادیاری (زۆر ، کەم...) لە بەکارهێنانیاندا خاسیەت‌و تایبەتێتی و قاڵبی وایان لێ دروست دەبێ ، کە ژمارەی بنجی نی یەتی . جیاوازیی وشەکانی (زۆر ، کەم ...) لەگەڵ ژمارەی (یەك ، دوو ...)دا ، لەوەدایە کە دەتوانن وەك دیارخەری چەندێتی لەگەڵ

---

(٧٨) بەوێنە :
أ ـ ف. ف. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ (وشەسازی) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ ، ل ٢٢٧ ـ ٢٢٨ .
ب ـ ن. س. ڤالگینا ، د. ن. ڕۆزێنتال ، م. ئی. فۆمینا ، ف. ڤ. تساپکێڤیچ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم مۆسکۆ ، ١٩٧١ ، ل ٢٢٥ ـ ٢٢٦ .
...و گەلێکی دی .

ناوی واتای ڕۆنراودا بێن . بۆ نموونە (زۆر پیاوەتی ؛ زۆر دۆستایەتی ؛ زۆر جوانی...) ، یاخود لەگەڵ ئاوەڵناودا بێن : (کەم جوان ؛ زۆربەرز) . دەتوانن پلەی ئاوەڵناو دیاری بکەن (زۆر گەورە ، کەم ڕووناك ...) . هەرچی ژمارەی بنجی یە لەو حاڵەتانەدا ، کە باسمان کردن بەکارناهێنرێ . وشەی (زۆر ، کەم ...) خاوەنی پلەی بەراورد (زۆرتر ، کەمتر ...)و پلەی بالا (زۆرترین ، کەمترین ...)ن .

لە ڕووی تایبەتیی واتا و دەستووری زمانەوە ئەو وشە چەندێتییە نادیارانە بە زۆری وەك ئاوەڵکردار بەکاردێن .

وشەی چەندێتی نادیاری (چەند ، ئەوەندە ، هەندێ ...) ئەگەرچی لە ڕووی پێوەندییانەوە لەگەڵ ناودا لە ژمارەوە نزیك دەبنەوە ، بەوێنە (پێنج پرسیار – هەندێ پرسیار) و ئیشارەت بۆ ژمارە دەکەن ، بەڵام ژمارە دەرناخەن . جا بۆیە ڕاستتر وایە لە ڕیزی جێناوی نادیار و جێناوی پرسیار دابنرێن ...

ناول کردار

—١—

کورتە هەڵسەنگاندنێکی
ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی «ناوەڵکردار» دا کراون

لە کتێبی «مختصر صرف و نحوی کوردی»ی مامۆستا سەعید صدقی کابانەدا ، (ناوەڵکردار)یش وەك (ژمارە) لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی (ناو)دا باس کراوەو بە جۆرێك لە جۆرەکانی ناو دانراوە[1]. وێڕای ئەوەش ، سەرپاکی ئەو باسەی لەو بەرهەمەدا پێوەندیی بەو کێشەیەوە هەیە ، بریتییە لە چەند دێڕێك لەبارەی (ناوی کات)و (ناوی شوێن)ەوە ، کە تێیدا وتراوە :

«ئیسم دوو قیسمە : ١ ـ ئیسمی زەمان ، ٢ ـ ئیسمی مەکان .

ئیسمی زەمان ـ ئیسمێکە مەعنای زەمانی تێدا بێ ، یەعنی دەلالەت لە زەمان بکا . وەکو : ئەمڕۆ ، ڕۆژ ، سەعات ، دەقیقە ، دوێنێ، پێرێ ، وەقت ، مانگ ، ساڵ ، پار ، پێرار ...

ئیسمی مەکان ـ ئیسمێکە دەلالەت لە مەکان بکا . وەکو : سەر ، ژێر ، پێش ، پشت ، تەنیشت ، دوور ، نزیك ، ئێرە ، ئەوێ ، لا ، ناو ...» (ل٢٤) .

---

(١) سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ ل٢٤

باسی ئاوەڵکردار لە کتێبی «دەستووری زمانی کوردی»ی مامۆستا تۆفیق وەهبی‌دا[٢] بریتی‌یە لە پێناسەیەك و چەند نموونەیەك ، کە تێیدا وتراوە :

«زەرف کەلیمەیەکە کە بۆ تەواوکردنی مەعنای فیعلێ یان سفەتێ یان زەرفێکی‌تر بەکەلك ئەهێنرێ • سفەتێ چۆن مەعنای ناوێ تەواو ئەکا . ئەمیش هی سیفەت و فیعل و زەرف تەواو ئەکا ، وەکو :

ئەو زۆر ئەنوێ

لێرەدا (زۆر) زەرفە ، فیعلی (ئەنوێ) تەواو ئەکا •

بەفرێکی زۆر ئەستوور باری

لێرەدا (زۆر) زەرفە ، سفەتی (ئەستوور) تەواو ئەکا •

ئەو زۆر خێرا ڕۆیی

لێرەدا (زۆر) زەرفە ، زەرفی (خێرا) تەواو ئەکا» (ل ١٧ – ١٨) •

شایانی باسە ، مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە کتێبی «ڕێزمانی کوردی»دا ئاوەڵکرداری بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ داناوە و بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لێی کۆڵیوەتەوە[٣] و لە چوار لایەنی گرنگی دواوە :

١ – پێناسەی ئاوەڵکردار (ل١٨٦)

٢ – ئەرکی ئاوەڵکردار لە ڕستەدا (ل١٨٦)

٣ – جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە (ل١٨٦ – ١٨٧)

٤ – جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە (ل ١٨٧ – ١٩٢)

---

(٢) تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ ، ل ١٨ – ١٧ •

(٣) نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٨٦ – ١٩٢

ئەگەرچی دەربارەی ئەو پێناسەیەی مامۆستا نووری عەلی ئەمین بۆ ئاوەڵکرداری داناوە ، هەندێ سەرنج و تێبینیمان هەیە و باسی دیاری کردنی ئەرکەکانی ئاوەڵکرداریش لە کەم و کورتی بەدوور نی یە ••• بەلام ئەوانە جێدێلین و چەند ناتەواوی یەکی بەشی سێیەم و چوارەم دەخەینە پێش چاو :

لە کتێبی «ڕێزمانی کوردی»دا باسی ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە دوو کەلێنی بنەڕەتیی تێدایە :

١ ـ هەندێ ئاوەڵکرداری ناسادە لە ڕیزی سادەکان دانراون •

٢ ـ بە هیچ چەشنێك باسی ئاوەڵکرداری داڕێژراو نەکراوە •

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە ڕووی واتاوە شەش جۆر ئاوەڵکرداری دیاری کردووە :

١ ـ ئاوەڵکرداری کات ـ ئەو (ئاوەڵکاری تانی)ی پێ وتووە (ل١٨٧ ـ ١٨٨) ،

٢ ـ ئاوەڵکرداری شوێن ـ ئەو (ئاوەڵکاری شوێنی)ی پێ وتووە (ل١٨٨) •

٣ ـ ئاوەڵکرداری چەندێتی ـ ئەو (ئاوەڵکاری چەندی)ی پێ وتووە (ل١٨٩)

٤ ـ ئاوەڵکرداری چۆنێتی ـ ئەو (ئاوەڵکاری ئاوەڵناوی)ی پێ وتووە (ل١٨٩ ـ ١٩٠)

٥ ـ ئاوەڵکرداری نەفی ـ ئەو (ئاوەڵکاری نەفی)ی پێ وتووە (ل١٩٠ ١٩١)

٦ ـ ئاوەڵکرداری وەرام ـ ئەو (ئاوەڵکاری وەرامی)ی پێ وتووە (ل١٩١ ـ ١٩٢)

ئانەواوی و کەم‌وکورتیی ئەم باسە سێ چەشنە :

١ ـ زۆر وشە ئاوەڵکردار نین و بە ئاوەڵکردار لە قەڵەم دراون .

بەوێنە لەژێر باسی ئاوەڵکرداری کاتدا وشەکانی (بەهار ... زستان ...شەو .. ڕۆژ .. ساڵ .. سەدە) ڕیزکراون . ئاشکرایە ، ئەو جۆرە وشانە ناوی کاتن ... یاخود (قا ، نە ...) ، کە (ئامرازی نەفی)ین بە ئاوەڵکرداری نەفی دانراون ... و گەلێکی دی .

٢ ـ هەندێ ئاوەڵکردار خراونەتە نێو جۆرێك ئاوەڵکردارەوە . کەچی سەر بە جۆرێکی دین .

بۆ نموونە ئاوەڵکرداری (پشتاوپشت ... پاشەوپاش ...) بە ئاوەڵکرداری شوێن دانراون ، بەڵام لە ڕاستیدا ئاوەڵکرداری چۆنێتین .. یاخود (هەمیشە ...) کە ئاوەڵکرداری کاتە لەتەك ئاوەڵکرداری چەندێتیدا دانراوە ... و هەندێکی دی .

٣ ـ چەند جۆرێکی گرنگ لە ئاوەڵکردار یادداشت نەکراوە ، وەك (ئاوەڵکرداری شێوە یان جۆری جێ‌بەجێ‌بوون ؛ ئاوەڵکرداری تەئکیدی؛ ئاوەڵکرداری هۆو مەبەست؛ ئاوەڵکرداری دووبارەکردنەوە)، کەچی‌دوو جۆری (ئاوەڵکرداری نەفی) و (ئاوەڵکرداری وەرامی) جیاکراونەتەوە... بەڵێ لە زمانی کوردیدا جۆرە ئاوەڵکردارێك بە نێوی (ئاوەڵکرداری نەفی)یەوە هەیە و وشە و دەستەواژەی وەك (هەرگیز ، هەرگیزاوهەرگیز ، بە هیچ جۆرێ ...) دەگرێتە خۆ ، بەڵام نەك ئەو ئامرازی نەفییانەی مامۆستا نووری عەلی ئەمین بە ئاوەڵکرداری نەفی دانااون ... هەرچی وشەو و دەستەواژەی (بەڵێ ، ئا ، ئەرێ ، نەخێر ، خراپە ، جوانە ، دروستە ، باشە ، ڕاستە)شە ،کە لەژێر سەرناوی (ئاوەڵکرداری وەرامی)دا ڕیزکراون بە هیچ چەشنێك ئاوەڵکردار نین و بابەتی هەمەجۆرن .

له كتێبی «اوا ئو دەستوورا زمانێ كوردی»ی ماموّستا جگەرخوێن‌دا[٤] ئاوەڵكردار نەك هەر وەك بەشە ئاخاوتنێك جیانەكراوەتەوە ، بەڵكو ئەو دوو كورتە باسەش ، كە لە شوێنی جیاوازدا كراون و پێوەندییان بە ئاوەڵكردارەوە هەیە ، یەكجار پڕ هەڵە و كەم و كورتین .

نووسەر لە باسی بەشە ئاخاوتنی (ناو)دا لە (ناوی كات)و (ناوی شوێن) دواوە (ل٢١ ـ ٢٢) . لەژێر باسی ناوی كاتدا هەندێ وشەی جۆربەجۆری سەر بە بەشە ئاخاوتنی ناو (شەڤ ، ساڵ ، ڕۆژ ..)و ژمارە (سێیەك ، چارێك ...) و ئاوەڵكردار (ئێستا ، نهۆ ، ئیرۆ ...)ی ڕیزكردووە ... ئەوەی پتر سەرنج ڕابكێشێ ، ئەوەیە ژمارەیەك پاشگری : (ـ گە ، ـ لان ، ـ ستان ...)ی كردووەتە نموونەی ناوی شوێن ...

لە لاپەڕە (٥٥)یشدا بە چەند دێڕێك لە (حاڵ) دواوە و لە نێو نموونەكانیدا ـ (بەسواری) پتر لەبارە ...

ماموّستا محەمەد ئەمین هەورامانی لە كتێبی «سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی كوردی» دا[٥] ئاوەڵكرداری وەك بەشە ئاخاوتنێكی سەربەخۆ جیاكردۆتەوە و زانیاریی باشی لەبارەیەوە تۆماركردووە ...

نووسەر لەم كتێبەدا لە دوو ڕووی گرنگی ئاوەڵكردار دواوە :

---

(٤) جگر خوێن ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ كوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ ، ل ٢١ ـ ٢٢ ، ٥٥ .

(٥) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی كوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١٦٥ ـ ١٦٧ .

١ - پێناسەی ئاوەڵکردار .

٢ - جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە .

ناتەواویی دیاری پێناسەکەی لەوەدایە ، کە وای دانـاوە گـوایـە ئاوەڵکردار تەنیا «تاریفی فرمان یاخود ئـاوەڵناو دەکـەن » ، بـەڵام وەك دەزانین ئاوەڵکردار وێڕای نیشاندانی خـاسیەتی کـردار و ئـاوەڵنـاو . خاسیەتی ئاوەڵکرداریش دیاریدەکا - واتە ماناى ئـاوەڵکـردارێکی دی تەواو دەکا(٦) .

لە ڕووی ڕۆنانیشەوە مامۆستا هەورامانی ئاوەڵکرداری بەسەر دوو جۆر : (١ - سادە ، ٢ - لێکدراو)دا دابـەشکـردووە و (ئـاوەڵکـرداری دارێـژراو)و (ئـاوەڵکـرداری دەسـتـەواژەیـی)ی لـە نـێـو دابەشکردنەکەیدا دانەناوە .

لە لاپەڕە (٧٣ - ٨٤)ی کتێبی پۆلی دووەمی ناوەندیدا سێ بـاس بەناوی «ئاوەڵفرمان» (ل٧٣ - ٧٦) ، «ئاوەڵفرمـانی کات - ئاوەڵفرمـانی شوێن» (ل٧٧، - ٨٠) ، «ئەرکی ئاوەڵفرمان لە ڕستەدا» (ل ٨١ - ٨٤)ەوە دەبینرێ . لە کتێبی پۆلی چوارەمی ئامادەییشدا بەنـاوی «ئـاوەڵفرمـانی چۆنی» (ل٦٠ - ٦٣)یەوە لە ئاوەڵکرداری چۆنێتی کۆڵراوەتـەوە ...(٧) ئەم باسانەی ئاوەڵکردار لەگەڵ ئەوەشدا کە بە زۆری لە کتێبی «ڕێزمانی

---

(٦) شایانی باسە ، مامامۆستا تۆفیق وەهبی پەنجەی بۆ ئەو ڕاستییـە ڕاکێشاوە (بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی ، ل ١٧ - ١٨) .

(٧) عەبدوڵڵا شالی ، د. عیزەدین مستەفـا ڕەسووڵ ، د. ئـەمین عـەلی . نووری عەلی ئەمین ، فەرەیدوون عەلی ئەمین ، عەلائـەدین سـەجـادی ، کەمال مەحموود فەرەج ، ئەبووزەید مستەفا سەندی ، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٧٣ - ٨٤ ، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل٦٠-٦٣

کوردی»ی مامۆستا نووری عەلی ئەمینەوە وەرگیراوە[٨] ، بەڵام دەستێکی باشی پێدا هێنراوە و هەندێ لە کەم و کورتی‌یەکانی لێ لابراوە و ناتەواوی‌یەکانی پڕکراوەتەوە ٠٠٠

لێکۆڵینەوەی تا ڕادەیەك زانستی‌و دیار کە لە بارەی (ئاوەڵکردار)ەوە نووسرابێ ئەو لاپەڕانەن کە لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ئەو باسانەی تێیاندا کردووە[٩]٠

لیژنە لە سەرەتادا باسی ئاوەڵکرداری لە لایەن هەندێ نووسەرانی ڕێزمانی کوردی و زمانانی بێگانەوە خستووەتە پێش چاو و بەدوا ئەوەدا باسێکی گشتی‌ی ئاوەڵکرداری کردووە ٠٠٠

لێدوانی هەرە سەرکەوتووی لیژنە لەو بوارەدا ، باسی ئاوەڵکردارە لە ڕووی ڕاتاوە ، کە بە باشی لێی کۆڵیوەتەوە و نموونەی زۆری بۆ هێناوەتەوە و لە ئەنجامدا نۆ جۆر ئاوەڵکردار :

«١ ــ ئاوەڵکاری چۆنێتی
٢ ــ ئاوەڵکاری زەمانی
٣ ــ ئاوەڵکاری شوێنی
٤ ــ ئاوەڵکاری وەسفی
٥ ــ ئاوەڵکاری تەرتیبی
٦ ــ ئاوەڵکاری تەئکیدی
٧ ــ ئاوەڵکاری تەکراری
٨ ــ ئاوەڵکاری نەفی
٩ ــ ئاوەڵکاری پرسیاری »ی دیاری‌کردووە ٠

---

(٨) بڕوانە : نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ل ١٨٦ ــ ١٩٢ ٠

(٩) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٨٤ ــ ٣٠٢ ٠

فاتەواوی و کەم و کورتیی ئەم باسەی لیژنە لە چەند خاڵێکدا کۆدەبنەوە :

١ - جۆری یەکەم و جۆری چوارەم - واتە (ئاوەڵکرداری چۆنی)و (ئاوەڵکرداری وەسفی) یەك شتن و لیژنە بە دوو جۆری داناون . تەنیا ئەوەندە هەیە لە ڕووی ڕۆنانەوە نموونەکانی جۆری یەکەم ناسادەن و ئەوانی جۆری چوارەم سادەن ، ئەگینا لە ڕووی واتاوە جیاوازییان نییەو دەبوو بە دەستەیەك بەناوی «ئاوەڵکرداری چۆنێتی»یەوە دابنرێ .

٢ - ئاوەڵکرداری چەندێتی نەك هەر بە جۆرێك لە ئاوەڵکردار دانەنراوە ، بەڵکو هەندێ وشەی ئەو جۆرە ئاوەڵکردارەش ، وەك (زۆر ، کەم ، فرە ، گەلێك ، نەختێ ...) لەتەك ئاوەڵناوی وەسفیدا ڕیزکراوە (بڕوانە : ل ٢٩٢) .

٣ - دوو جۆری گرنگی ئاوەڵکردار (١ - ئاوەڵکرداری شێوە یان جۆری جێبەجێبوون ؛ ٢ - ئاوەڵکرداری هۆ و مەبەست) یادداشت نەکراوە .

٤ - دانانی وشەکانی (کەی ، چۆن ، لەکوێ ، چەند ...) بە ئاوەڵکرداری پرسیاری شتێکی ڕاست نییە ، چونکە ئەو جۆرە وشانە ئامرازی پرسیارن و دەوری ئاوەڵکردار نابینن .

...و هەندێکی دی .

دوا باسی ئاوەڵکرداری لیژنە بەناوی «ئاوەڵکار لە ڕووی فۆرمەوە»یە (ل٣٠١ - ٣٠٢) ... ئەگەرچی ناوەرۆکی ئەم باسە لەسەر بناغەیەکی ڕاست دامەزراوە و بەتایبەتی کە سێ جۆر (١ - ئاوەڵکرداری سادە ؛ ٢ - ئاوەڵکرداری ناسادە : دارێژراو و لێکدراو ؛ ٣ - ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی) جیاکراوەتەوە ، بەڵام کەلێنێکی گەورە

نه بەشی ئاوەڵکرداری ناسادەدا هەیە ، ئەویش ئەوەیە باسی زوربەی ئـەو پێشگر و پاشگرانە نەکراوە ، کە یاریدەی ڕۆنانی ئاوەڵکرداری داڕێژراو دەدەن و هەروەها شێوەی جۆربەجۆری پێکهاتنی ئاوەڵکرداری لێکدراو یادداشت نەکراوە •

لە زوربەی ئەو بەرهەمە زمانەوانییانەدا کە کوردناسانی سـۆڤێت : د• قەناتی کوردۆ ، د• چەرکەزی بەکۆ ، د• کەریمی ئەیوبی و د• ئی• ئا• سمیرنۆڤـا ، د• ڕ• ل• تسـابۆلۆڤ ، د• زاریێ یـووسـف ••• پێشکەشیان کردووە ، باسی ئاوەڵکردار کراوە •

د• قەناتی کوردۆ لە باسی ئاوەڵکرداری کتێبی «دەستووری زمـانی کـوردی» (١٩٥٧)[١٠] و لـە کتێبـی «دەسـتووری زمـانـی کـوردی (بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواوو» (١٩٧٨)دا[١١] پتر بایەخی بە کێشەی ڕۆنان داوە • لە کتێبی یەکەمدا ئاوەڵکرداری بـەسەر (سادە) و (ناسادە) و (دەستەواژەیی)دا دابەش کردووە و لە کتێبی دووەمدا (سادە) و (داڕێژراو) و (لێکدراو) و (دەستەواژەیی)ی جیاکردووەتەوە و نموونەی زۆری بۆ هێناونەتەوە •••

لەم باسەی د• کوردۆدا دوو ناتەواوی هەیە ، کە زۆر بەرچاوە :

١ ـ (لێرە) و (لەوێ) ••• کە (لە + ئێـرە) و (لـە + ئـەوێ) ••• پێکهاتوون و ئاشکرا دیارە داڕێژراون ، کەچی بە ئـاوەڵکـرداری سـادە دانراون •

---

(١٠) د. قەناتی کوردۆ (کوردۆییێف) ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ٢٧١ ـ ٢٧٧ •

(١١) د. قەناتی کـوردۆ (کوردۆییێـف) ، دەسـتووری زمانی کـوردی (بـە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨، ل ٢٣٧ ـ ٢٤٦ •

٢ - گەلێ جۆری ئاشکرا و دیاری پێکهاتنی ئاوەڵکرداری داڕێژراو و لێکدراو و دەستەواژەیی ئاونەبراون .

د. چەرکەزی بەکۆ لە کتێبی «زمانی کوردەکانی سۆڤێت»دا[12] لە ڕووی واتاوە بایەخی بە چوار جۆری سەرەکیی ئاوەڵکردار (١ - چۆنێتی ؛ ٢ - چەندێتی ؛ ٣ - کات ، ٤ - شوێن)داوە و لەسەر بناغەی کەرەستەیەکی زۆری بەشە دیالێکتەکانی کوردی سۆڤێت و بەراوردکردن لە نێوانیاندا شارەزایانە دواوە ... لە ڕووی ڕۆنانیشەوە هەشت جۆرە پێکهاتنی یادداشت کردووە ....

نووسەرانی کتێبی «دیالێکتی کوردی موکری»[13] بە لاپەڕە و نیوێک باسی چەند ڕێگەیەکی سازبوونی ئاوەڵکرداریان کردووە ....

د. ڕ. ل. تسابۆلۆڤیش لە کتێبی «لەبارەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە»دا[14] لە دوو لاپەڕەدا لە هەندێ تایبەتیی ئاوەڵکردار و شێوازی پێکهاتنی دواوە .

د. زارێ یووسف لە کتێبی «دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی»دا[15] ئاوەڵکرداری بەسەر ئاوەڵکرداری ڕەسەن و ئاوەڵکرداری وەرگیراودا دابەش کردووە . مەبەستی لە ئاوەڵکرداری ڕەسەن ئەوەیە ، کە هەمیشە

---

(١٢) چ. خ. باکاییف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ٢١٤ - ٢١٩ .

(١٣) ك. ڕ. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لینینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٥٦ - ٥٧ .

(١٤) ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣١ - ٣٣ .

(١٥) زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٧٧ - ٨٠ .

بە راناى ئاوەڵکردار بەکاردەهێنرێ . وەك : ئێستا ، ئەوسا ، دیسان . هەمیشە . هەرگیز ، ئەمرۆ ... مەبەستیش لە ئاوەڵکرداری وەرگیراو . ئەوەیە کە لەبەشە ئاخاوتنێکی دییەوە وەرگیرابێ ...

لە نێوان کوردناسانی ڕۆژئاواشدا ، نە مەکارۆس و نە مەکەنزی وەك باسێکی سەربەخۆ و وەك بەشە ئاخاوتنێك لە ئاوەڵکردار نەدواون .

مەکارۆس لە باسی وشەی یاریدەدەردا لە دوا لێکۆڵینەوەی پێشبەند لە لاپەڕە (٧٨ - ٧٩) دا لە ئاوەڵکردار دواوە[١٦] . لە سەرەتادا لە ڕووی راتاوە چوار جۆر ئاوەڵکردار : (١ - کات ؛ ٢ - شوێن ؛ ٣ - چۆنێتی ٤ - چەندێتی) ی دیاری کردووە(ل٧٨) .

دواتر بۆ ئاوەڵکرداری کات وشەکانی (دەمدەم ، دەرحاڵ ، دووسبەی ، دوایی ، دوێنێ ، ئێستا ، هێشتا ، ئیمڕۆ / ئەمڕۆ ، ئەمساڵ ، ئەمشەو ، پار ، پێرار ، پاشەڕۆژ ، سبەی / سبحەینێ ، یەکسەر) و بۆ ئاوەڵکرداری چۆنێتی وشەکانی (پێکەوە ، وا ، خاسەتەن ، ئنجا) و بۆ ئاوەڵکرداری شوێن وشەکانی (ئێرە ، ئەوێ) و بۆ ئاوەڵکرداری چەندێتی وشەکانی (چەند / چەن ، گەلێ (ك) ، هەموو ، هەندێ(ك) ، هەر ، هیچ ، هەختێ (ك) ، زۆر)ی کردووە بە نوونە .

د. مەکنزی لە لاپەڕە (١٢٧ - ١٢٩)دا[١٧] لەژێر باسی (پارتیکل)دا باسی هەندێ لەو پاشگرانەی کردووە ، کە یاریدەی ڕۆتانی ئاوەڵکردار دەدەن لە بەشە دیالێکتەکانی سلێمانی و پژدەر و ڕەواندز و بنگرد و

16- Ernest N. Maccarus ,A Kurdish Grammar, New-York, 1958, PP. 77-78.

17- D. N.Mackenzie, Kurdish Dialects Studies, London, 1961, PP. 127-129, 201-202.

موکری و وارماوه ••• دا . وەك (ـێ : بـەهارێ) ؛ (ـی : یـەکی دەسێ.
بەرگی بۆ دروستکرد ، سالی ڕۆژی••) ؛ (i س : ئەمەش،ئێمەش)••
له لاپەڕە (٢٠١ ـ ٢٠٢)شدا هەندێ لەو پاشگرانەی لە بەشە دیالێکتەکانی
ئاکری و زاخۆ و ئامێدی و سوورچی ••• دا یاریدەی ڕۆنانی ئاوەڵکردار
دەدەن ، یادداشتکردووه •

* * *

لە بەرایی نیشاندانی ئەوەی چی دەربارەی ئـاوەڵکردار لـە زمـانی
کوردیدا نووسراوە ، دەگەینە ئەو ئەنجامانە :

١ ـ هەندێ لە نووسەران ئاوەڵکرداریان لەگەڵ بەشە ئاخاوتنی تاودا
باسکردووه ، وەك : سەعید صدقی کابان ، جگەرخوێن ••• بڕێکیش لـە
باسی وشەی یاریدەدەردا لێیدواون ، وەك : مەکارۆس ، مـەکـەنزی ••
زوربەی زۆریش مامەڵەی بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆیان لەگەڵ کردووه ،
وەك : نووری عەلی ئەمین ، محەمەد ئەمین هەورامانی ، لیژنـەی زمـان و
زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، د• قەناتی کوردۆ ، د• چـەرکـەزی
بەکۆ ، د• زارێ یـووسف •••

٢ ـ زوربەی زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لـە ڕووی واتـا و
چۆنێتی بەکارهێنانەوە لە ئاوەڵکردار نەدواون ، وەك : تـۆفیـق وەهبی ،
محەمەد ئەمین هەورامانی ، د• ڕ• ل• تسابۆلۆڤ ، د• زارێ یووسف •••
و گەلێکی دی • ئەو بەشە کەمەش کە لێی دواون جیـاوازییەکی زۆر لـە
دابەشکردنەکانیاندا بەدی دەکرێ • بۆ نموونە مـامۆستا نـووری عـەلی
ئـەمین شـەش جـۆری دیـاری کـردووە : (١ ـ کـات ؛ ٢ ـ شـوێن ؛
چەندێتی ؛ ٤ ـ چـۆنێتی ؛ ٥ ـ نـەفی ؛ ٦ ـوەرام) ، لیژنـەی زمـان و
زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد نۆ چەشنی یادداشتکردووه :

(١ ـ چۆنێتی ، ٢ ـ کات ، ٣ ـ شوێن ، ٤ ـ وەسفی ، ٥ ـ تەرتیبی
٦ ـ تەئکیدی ؛ ٧ ـ دووبارەکردنەوە ؛ ٨ ـ نەفی ؛ ٩ ـ پرسیار)...
لەگەڵ ئەوەدا ، کە هەندێ جۆری دیار و گرنگی ئاوەڵکردار دیاری
نەکراوە ، کەچی چەند جۆرێکی ئەوتۆ جیاکراونەتەوە ، کە بە هیچ
چەشنێك لەگەڵ هەڵکەوتی زمانی کوردیدا ناگونجێن .

٣ ـ هەندێ ئاوەڵکردار خراونەتە نێو جۆرێك ئاوەڵکردارەوە ،
کەچی سەر بە جۆرێکی دین . بۆ نموونە ئاوەڵکرداری (پشتاوپشت ...
پاشەوپاش ...) بە ئاوەڵکرداری شوێن دانراون ، بەڵام لە ڕاستیدا
ئاوەڵکرداری چۆنێتین ... ئاوەڵکرداری (زۆر ، کەم ، فرە ، گەلێك ،
نەختێ ...) ، ئاوەڵکرداری چەندێتی‌ین و خراونەتە پاڵ ئاوەڵکرداری
وەسفی ... یاخود (هەمیشە) کە ئاوەڵکرداری کاتە لەگەڵ ئاوەڵکرداری
چەندێتی‌دا دانراوە ... و هەندێکی دی .

٤ ـ زۆر وشە ئاوەڵکردار نین و بە ئاوەڵکردار لەقەڵەم دراون ،
بەوێنە وشەکانی (بەهار .. زستان .. شەو .. ڕۆژ .. ساڵ
سەدە ...) ، کە ناون مامۆستا نووری عەلی ئەمین بە ئاوەڵکرداری
داناون ... هەروەها ئامرازی نەفی (نا ، نە ...)شی هەر بە ئاوەڵکردار
لەقەڵەم داوە ... یاخود مامۆستا جگەرخوێن ، نەك هەر وشەکانی
(شەڤ ، ساڵ ، ڕۆژ ...) ، کە ناون و (سێیەك ، چارێك ...) ، کە
ژمارەن وەك ئاوەڵکردار تەماشاکردووە ، بەڵکو هەندێ پاشگریشی :
(ـ گە ، ـ لان ، ـ ستان ...) هەر بە ئاوەڵکردار داناوە... کەچی
بەپێچەوانەوە گەلێ وشە و دەستەواژە ، کە ڕوون و ئاشکرا ئاوەڵکردارن،
نەناوبراون و نە یادداشتکراون .

٥ ـ ئەگەرچی بەشی زۆری نووسەران لە ڕووی ڕۆنانەوە لە ئاوەڵکردار دواون ، بەڵام چەند هەڵە و ناتەواوییەك بەرچاو دەکەوێ :

أ) هەندێ نووسەر ژمارەیەك ئاوەڵکرداری ناسادەیان لە ڕیزی سادەکان داناوە .

ب) گەلێ لە نووسەران (ئاوەڵکرداری دارێژراو) و (ئاوەڵکرداری مستەواژەیی)یان لە نێو دابەش کردنەکەیاندا ڕەچاو نەکردووە .

ج) باسی زوربەی ئەو پێشگر و پاشگرانە نەکراوە ، کە یاریدەی ڕۆنانی ئاوەڵکرداری دارێژراو دەدەن و هەروەها شێوەی جۆربەجۆری پێکهاتنی ئاوەڵکرداری لێکدراو یادداشت نەکراوە .

ـ ٢ ـ

لێکۆڵینەوەکانی خۆم لەبارەی «ئاوەڵکردار»ەوە

ئاوەڵکردار وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن لەسەر بناغەی خاسیەتی وشەسازی و ئەرکی ڕستەسازی و واتاناسییەوە[1] جیادەکرێتەوە •

ئاوەڵکردار خاسیەتی ڕوودان (کە کردار دەریدەبڕێ) ؛ خاسیەتی خاسیەت (کە ئاوەڵناو دەیگەیەنێ) ؛ خاسیەتی بارودۆخ (کە ئاوەڵکردار نیشانی دەدا) دیاری دەکا • ئاوەڵکردار چۆنێتی ، یان ڕادەی ڕوودان ، یان ڕادەی چۆنێتی شتێك ، یان بارودۆخی جیاوازی ڕوودانی کارێك : شوێن ، کات ، هۆ ، مەبەست ••• ڕادەگەیەنێ •

هەروەها دەشێ بوترێ : ئاوەڵکردار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە ، کە بارودۆخ و شێوەی ڕوودان و جۆری چۆنێتی نیشان دەدا •••ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕستەسازییەوە خاوەنی ئەو تایبەتێتییەیە ، کە لە ڕستەدا بە کردارەوە ، یان ئاوەڵناوەوە ، یان ئاوەڵکردارێکی دییەوە بەندە •

بەوێنە کە دەوترێ «ئازاد زۆر دەخوات» ، ئەوە «زۆر» کە ئاوەڵکردارە ، بە کردارەکەوە بەندە ـ واتە وەسفی کرداری «دەخوات» دەکات • لە ڕستەی «ئازاد زۆر جوان دەنووسێ»دا ـ «زۆر» کە ئاوەڵکردارە بە ئاوەڵناوەکەوە بەندە ـ واتە ئاوەڵناوی «جوان»

---

(١) هەندێ لە زانایان بۆ جیاکردنەوەی ئاوەڵکردار ڕووی واتاناسی بە مەرج دانانین . بەوێنە ، بڕوانە :

أ ـ ب. ن. گۆلۆڤین ، سەرەتایێکی زمانناسی ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٥٤ .

ب ـ ئا. ن. گڤۆزدێیێف ، زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ١٣٩ .

دەردەخا . لە ڕستەی «ئازاد زۆر کەم دەنوێ»دا – «زۆر» کە ئاوەڵکردارە بە ئاوەڵکردارەکەی دییەوە بەندە – واتە ئاوەڵکرداری «کەم» ڕوون دەکاتەوە[2].

* هاتنی ئاوەڵکردار لەگەڵ کرداردا :

منیش ئەم قەرارەم زۆر پێخۆشبوو

(لە خەوما ، ل ۳۱)

* هاتنی ئاوەڵکردار لەگەڵ ئاوەڵناودا :

ئەمیش نە زۆر کەڵەگەت بوو نە کورت .

(لە خەوما ، ل ٦٤)

* **هاتنی ئاوەڵکردار لەگەڵ ئاوەڵکرداردا :**

بەخوا ئەگەر (بەد)ی ناوخۆمان لێمان بگەڕێن ، ئێمە بۆ خۆمان زۆر چاك ئەژین .

(لە خەوما ، ل ۷۰)

ئەگەر لە ڕووی تایبەتێتی واتاناسی و ڕستەسازییەوە ، ئاوەڵکردار لەگەڵ ئاوەڵناو و ناودا بەراوردبکەین ، ئاشکرا هەست بەوە دەکەین ، کە ئاوەڵکردار خاوەنی تایبەتێتی خودی خۆیەتی ... بەشێکی زۆری ئاوەڵکردار لەگەڵ ئاوەڵناودا خاوەنی یەك بنەمان و واتایان وەك یەکە . بەڵام جیاوازییان لە ڕووی دەوری ڕێزمانییەوە هەیە .

ئاوەڵکردار وەسفی کردارێك یان ئاوەڵکردارێك دەکات ... هەرچی ئاوەڵناوە چۆنێتی و خاسیەتی شتێك نیشاندەدا ، کە ناوێك ڕایدەگەبەنێ . بۆ نموونە :

(باش) وەك ئاوەڵکردار : (ئازاد باش وەڵامی دایەوە) .

---

(۲) شایانی باسە ، مامۆستا تۆفیق وەهبی پەنجەی بۆ ئەم ڕاستییە ڕاکێشاوە (بڕوانە : تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ۱۹۲۹ ، ل ۱۸) .

(باش) وەك ئاوەڵناو : (ئازاد بە وەڵامی باش دەرچوو) .
واش ڕێدەکەوێ هەندێ فۆرمی ناو دەبێتە ئاوەڵکردار ، وەك :
سەربانی ماڵ

وشەی «سەربان» بە ڕەسەن ناوە ، بەڵام لێرەدا واتای (شوێن) دەگەیەنێ و نیشاندانی شوێن مەبەستی سەرەکییە ، بۆیە دەبێتە ئاوەڵکردار .

لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی ئاوەڵکردار نیشانەی مۆرفۆلۆژی وای نییە ، کە لە ڕێگەیەوە بتوانرێ وەك بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ جیابکرێتەوە ، بەڵام هەندێ خاسیەتی لێکسیکی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیی ئەوتۆی هەیە ، کە دەبنە بنەمای جیاکردنەوەی لە بەشە ئاخاوتنەکانی دی[٣] .

جۆرەکانی ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە

لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی کوردیدا بۆ بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکردار بە زۆری دوو دەستە وشە بەدی دەکەین . دەستەی یەکەم ، وشەی وەك : (ئێستا ، ئەمڕۆ ، دوێنێ ، سبەینێ ، هاوینێ ، پار ... ئێرە ، لێرە . لەوێ، لەوێر، لەسەر...). دەستەی دووەمیش، وەك : (خێرا ، هێدی .

(٣) هەندێ لە زانایانی سۆڤێت باسی ئەم تایبەتێتییەیان کردووە ، بەوێنە بڕوانە :
أ — ق. کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٢٣٧ .
ب — ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٣١ .

باش ، خراپ . لەسەرخۆ ••• زۆر ، فرە . کەم •••) ••• بەپێی تایبەتێتی واتا دەکرێ دەستەی یەکەم ناوی (ئاوەڵکرداری بارودۆخ) وەرگری و دەستەی دووەمیش ناوی (ئاوەڵکرداری دیارخەر)ی لێبنرێ • بەڵام بەراورد کردنی ئەو دوو دەستە وشەیە - (ئاوەڵکرداری بارودۆخ) و (ئاوەڵکرداری دیارخەر) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکا ، کە لە نێوانیاندا جیاوازی هەیە و وا دێتە پێش چاو ، ئەو وشانەی لە نێو بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکرداردا خڕیان دەکەینەوە وشەی هەمەچەشن بن •

باس لەوەیە وشەکانی (ئێستا ، ئەمڕۆ •••• ئێرە . لێرە •••)ی دەستەی یەکەم و وشەکانی (خێرا ، هێدی ••• زۆر ، فرە ••••)ی دەستەی دووەم چ لە ڕووی واتاناسی و چ لە ڕووی ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی)یەوە لەیەك دوورن •

وشەکانی دەستەی (ئێستا•••) واتای بارودۆخی ڕووداوێك دەردەبڕن و بە هیچ چەشنێك خاسیەت و چۆنێتی ڕووداوەکە ڕاناگەیەنن و دەربارەی نیشانەکانی هیچ ناڵێن • بەوێنە کە دەوترێ (ئەو لێرە دەژی) ، دیارە وشەی (لێرە) پەنجە بۆ شوێنی ڕووداوەکە ڕادەکێشێ • یاخود ئەگەر بڵێین (دوێنێ چووم بۆ سلێمانی) ، ئەوە وشەی (دوێنێ) کاتی ڕوودانەکە دیاری دەکا •

وشەی دەستەی (خێرا •••) ، بەپێچەوانەوە بارودۆخی ڕووداو ڕاناگەیەنێ • پەنجە نە بۆ شوێن ، نە بۆ کات ڕاناکێشێ ، بەڵکو خاسیەتی چۆنێتی ڕووداوەکە نیشاندەدا • بۆ نموونە وشەی (زۆر) لە ڕستەی «ئەو زۆر پێکەنی»دا خاسیەتی چۆنێتی ڕووداوەکە دیاری دەکا و جیاوازی لەگەڵ ئاوەڵکرداری (لێرە) - «ئەو لێرە دەژی»دا زۆرە کە بەتەواوی بە خەتێکی دیدا دەڕوا •

له ڕووی دەوری ڕستەسازی‌یشەوە . وشەکانی دەستەی (ئێستا)و وشەکانی دەستەی (خێرا) وێك ناچن •

وشەکانی دەستەی یەکەم لە ڕواڵەتیاندا دیارە ، کە هیچ پێوەندییان بە جۆری ڕوودانەکەوە نی‌یە و بەتایبەتی بەو باروودۆخەوە کە تێیدا ڕوودەدا• وشەکانی دەستەی یەکەم وەك باروودوخ (کات ، شوێن •••) خۆیان دەنوێنن و هەر لە بینینی ئەو دەورەشەوەیە بە (باروودۆخ) ناویان‌دەبەین • جا بۆیە لەباری ڕستەسازی‌یەوە لەو ناوانە نزیك‌دەبنەوە ، کە لە ناوەڕۆکیاندا واتای حاڵ هەیە • بەوێنە (ئەو لێرە دەژی)و (ئەو لە شار دەژی) •••

ئەم وشانە کە ڕواڵەتیان هیچ پێوەندییەکی بە ڕووداوەوە نی‌یە بە کردارەوە نالکێن و لەگەڵیدا دەستەواژەیەکی وا پێك‌ناهێنن ، کە دیوی ناوەوەیان پتەو پێکەوە بەندبن •

هەرچی وشەکانی دەستەی (خێرا •••)ن لە بواری ڕستەسازی‌دا بە شێوەیەکی دی خۆیان دەنوێنن ــ واتە هەمیشە دەوری ڕوونکردنەوەی شێوەی حاڵەتی ڕوودان دەبینن ، کە لە بنەڕەتدا لەگەڵ (باروودۆخ)ەکانی دی ڕستە (کات ، شوێن •••)دا جیاوازن •

نیشاندانی ڕووداو لە ڕووی چۆنێتی‌یەوە ، دەبێتە هۆی پێکەوەبەستنی ئەو ئاوەڵکردارانە بە کردارەوە و پێکهێنانی دەستەواژەی وەسفی لێیان • لەم بارەدا پێوەندی ئاوەڵکردار بە کردارەوە ، وەك پێوەندی ئاوەڵناو بە ناوی دیارخراوەوە وایە • بەوێنە (ئەو زۆر دەنوێ) ــ (نوستنی زۆر) ؛ (ئەوان شێرانە دەمرن) ــ (مردنی شێرانە) •

لەبەر ئەوەی ئاوەڵکرداری دیارخەر خاسیەتی چۆنیی نیشان‌دەدا ، بۆیە مەرج نی‌یە هەر چۆنێتی ڕوودان ڕابگەیەنێ ، بەڵکو دەشێ پەنجە بۆ چۆنێتی خاسیەتی شتی دیش ڕابکێشێ • بۆ نموونە ئاوەڵکرداری جۆری

(خێرا ...) دەتوانێ لەگەڵ ئاوەڵناویشدا یەكبكەوێ ، بەو چەشنەی كە ئاوەڵناو لەگەڵ ناودا یەكدەكەوێ . وەك (زۆر جوان) - (جوانی زۆر) ... ئەگەرچی بەگشتی ئەو جۆرە دەستەواژانەی لە ئەنجامی یەك كەوتنی ئاوەڵكردار و ئاوەڵناو پێكدێن ، سنووری بەكارهێنانیان تەسكە و گەلێ جاریش لە ڕووی شێوازەوە لەبار نین .

ئەو دوو دەستە وشەیە لە ڕووی وشەسازی‌یشەوە هەندێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ... بەوێنە لە زمانی ئینگلیزیدا دەستەی یەكەم بەسەر مۆرفێمدا دابەش ناكرێن و پێوەندیی هەمیشەییان بە وشەی بەشە ئاخاوتنی دی‌یەوە نی‌یە . ئەگەرچی بەپێی خاسیەتی پێكهاتنی وشەسازی‌یان دەشێ لە گرووپی دیاری‌كراودا یەك بگرن ، بەڵام ئەو گرووپانە تەنیا لەناو ئاوەڵكردار خۆیدا دابەش‌دەبن ... بەڵێ لە هەندێ حاڵەتدا وا دێتە پێش‌چاو كە دەشێ بۆ بەرانبەر ڕاگرتنی ئاوەڵكردارێك لە بەشە ئاخاوتنێكی دی‌یەوە وشە بهێنرێتەوە ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پێوەندی‌یە ئەگەر هەشبێ یەكجار لاوازە[٤] ... ئەمە لە زمانی ئینگلیزیدا بەو چەشنەیە ، ئەگینا لە زمانی كوردیدا چ (ئاوەڵكرداری بارودۆخ)و چ (ئاوەڵكرداری دیارخەر) سادە و ناسادەیان هەیە و پێوەندییان بە بەشە ئاخاوتنی دیشەوە هەیە و زوربەیان لە ناوەوە وەرگیراون .

هەرچی وشەكانی دەستەی دووەمن ، پێكهاتنی وشەسازی‌یان چۆن لە زمانی كوردیدا ، بەهەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیدا زۆر ڕوون و ئاشكرایە و لە بنەمای هەموویاندا ئاوەڵناو هەیە - واتە ئەم ئاوەڵكردارانە لە ڕووی وشەسازی‌یەوە پێوەندیی پتەویان بە ئاوەڵناوەوە هەیە و لەسەر بناغەی ئاوەڵناو ڕۆنراون .

---

(٤) ئا. ئی. سامیرنیتسكی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسكۆ ، ١٩٥٩ ، ل ١٧٥ .

ئاوەڵکرداری دیارخەر جگە لەو ڕوونی و ئاشکرایی‌یەی لە پێکهاتنی وشەسازیدا هەیەتی ، هەروەها لە ڕووی زۆری و چالاکی بەکارهێنانیشی‌یەوە لە ئاوەڵکرداری بارودۆخ جیادەبێتەوە ، چونکە وەك ئاشکرایە ، نزیکەی هەموو ئاوەڵناوێك دەشێ وەك ئاوەڵکردار بەکاربهێنرێ • هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ، کە لە ئاولکرداری دیارخەردا ڕەنگدانەوەی خاسیەت و تایبەتێتی‌یەکانی ئاوەڵناو هەیە • بەوێنە لە ڕووی ڕستاسازی‌یەوە ، ئاوەڵناو چۆن دەبێ بە دیارخەری ناو ، ئاوەڵکرداریش بەهەمان شێوە دەبێ بە دیارخەری کردار ••• لە ڕووی مۆرفۆلۆژی‌یشەوە ئاوەڵکردار وەك ئاوەڵناو دەتوانێ نیشانەی پلەی بەراورد و پلەی باڵا وەربگرێ •••

وێکچوونی «ئاوەڵکرداری چۆنێتی» لەگەڵ «ئاوەڵناو»دا لە ڕووی واتا و وشەسازی و ڕستەسازی‌یەوە ، پرسیارێك دێنێتە گۆڕێ : ڕەنگە (ئاوەڵکرداری چۆنێتی) دەستەیەك وشەی سەربەخۆ نەبن و تەنیا فۆرمی ڕێزمانیی ئاوەڵکردار بن ، لە بارێکدا کە ئاوەڵناوەکە وەسفی ناوێك نەکا ، بەڵکو وەسفی کردارێك یان ئاوەڵناوێکی دی بکات ؟

ئەگەر ئەم بۆچوونە وەربگیرێ ، ئەوە دەبێ ددان بەوەدا بنرێ ، کە لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناو وەك بەشێکی سەربەخۆی ئاخاوتن دوو فۆرمی هەبێ : ١ ـ فۆرمی ئاوەڵناوی ـ واتە لە بارێکدا کە دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو ؛ ٢ ـ فۆرمی ئاوەڵکرداری ـ واتە لە کاتێکدا کە دەوری دەرخستنی کردار یان ئاوەڵناو دەبینن •••

بەو پێ‌یە دەبێ لە زمانی‌کوردیدا بۆ دەرخستنی‌ناو و ئاوەڵناو و کردار یەك بەشە ئاخاوتن هەبێ ، کە ئەو بەشە ئاخاوتنەش ئاوەڵناوە ••• هەروەها دەبێ ئاوەڵکرداری دیارخەریش لە ڕیزی ئاوەڵکردار لابرێ • بێتو ئەمە وەربگیرێ ، ئەوسا دەبێ جگە لە بوونی تایبەتێتی پلەی بەراورد ، هەروەها

گێڕانی دەوری ئاوەڵکرداریش دابنرێ و بەمانە لە بەشە ئاخاوتنی ناو و بەشە ئاخاوتنەکانی دی جیابکرێتەوە .

لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی هەندێ جیاوازی لە نێوان (ئاوەڵکرداری بارودۆخ)و (ئاوەڵکرداری دیارخەر)دا هەیە[٥] ، بەلام یەکێتی پتەوی دەورو ئەرکیان شایەتیی ئەوە دەدەن لە نێو یەك بەشە ئاخاوتندا دابنرێن . کە ئەو بەشە ئاخاوتنەش (ئاوەڵکردار)ە .

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکردار لە ڕووی واتاوە بەسەر دوو دەستەی سەرەکیدا دابەش دەبێ :

یەکەم ـ ئاوەڵکرداری دیارخەر

دووەم ـ ئاوەڵکرداری بارودۆخ

ـ ١ ـ

ئاوەڵکرداری دیارخەر

ئاوەڵکرداری دیارخەر خاسیەتی ڕووداو ، یان نیشانەی چۆنیتی و چەندێتی ، یان جۆری بەجێهێنان ڕادەگەیەنێ و دەشێ سێ جۆری لێ دیاری بکرێ :

١ ـ ئاوەڵکرداری چۆنێتی .

ئاوەڵکرداری چۆنێتی واتای چۆنێتی ڕووداو یان دەلالەت نیشاندەدا . وەك :

---

(٥) شایانی باسە ، جیاوازیی نێوان ئەو دوو دەستە ئاوەڵکردارەی کوردی، زۆر کەمترە لەوەی لە زمانی ئینگلیزی و هەندێ زمانی دیدا هەیە .

خێرا . هێدی . هێمن . جوان ، باش ، خراپ ...بەژیری ، بەسواری
بەگورجی ، بەخۆشی ، بەپەلە ، بەگوڕ ، بەکوڵ ... لەسەرخۆ ، لەسەرلا ،
لەسەرسنگ ، لەسەرپشت ... بانەوبان ، شاخەوشاخ ... ڕند . خراب .
تەمز ، ئارام ...

چەند نموونەیەك :

ورد –

بە باغچەی پاشادا ورد گەڕام ، خوار و ژوور ،
زەرد هەبوو ، بۆم چنیت ، چنگێ نەکەوت گوڵی سوور .
(گۆران ، ل ١٧)

بەخۆشی –

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
(پیرەمێرد ، ل١١٩)

ڕند –

هەردوو ماعرا گوهداری خەبەردانا وان دکرن ، وانا ڕند بهیست چ گلی عەلی مەمەد گلی کر . (کوردۆ ، ل٣٨)

دەبینین وشەکانی (خێرا ، هێدی ، جوان ... بەپەلە ... لەسەرخۆ ... لەسەرسنگ ... بانەوبان ... ڕند ...) ڕوودان لە ڕووی چۆنێتییەوە دیاری دەکەن . ئەم جۆرە ئاوەڵکردارانە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداوەڵامی پرسیاری (چۆن ؟)[٦] – (چلۆن ؟ ، کوو ؟)و لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا وەڵامی پرسیاری (چەوا ؟ ، چاوا ؟) دەدەنەوە .

ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئاوەڵکرداری چۆنێتی لە بنەڕەتدا ئاوەڵناون ، وەك (خێرا ، هێدی ، هێمن ، جوان ، باش ، خراپ..... لەسەرخۆ ... بەپەلە ...ڕند ...) ، بەڵام کاتێ چۆنێتی کردارەکە

(٦) بەرانبەر وشەی (چۆن)و هاوواتاکانی ، لە زمانی بلوجیدا (چۆن)و لە زمانی ئاوێستادا (ثا) هەیە .

دیاردەخەن ، وەك : (شەماڵ خێرا دەنووسێ ، نەسرین هێـدی دەڕوات ؛ لانە جوان دانیشتووە ۰۰۰) دەبنە ئاوەڵکردار ۰ هەر لەبەر ئەوەشە ، ئـەو جۆرە وشانە نەنیا لە ڕستەدا دەردەکەون ، کە سەر بە چ بەشە ئاخاوتنێکن ۰

٢ ـ ئاوەڵکرداری چەندێتی ۰

ئاوەڵکـرداری چەندێتـی ، چـەندێتـی ڕوودان ، ڕادەی توونـدیی ڕوودان.ئەندازەی چەندێتیئاوەڵناوو ئاوەڵکردار دیاریدەکاو لەدیالێکتی کرمانجیی خواروودا وەڵامی پرسیاری (چەنـد؟) ؛ (کـەم؟ یـان زۆر ؟) ؛ (تا چ ڕادەیەك؟) ۰۰۰و لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا وەڵامی پرسیاری (چقا؟) ؛ (چقاس ؟) دەداتەوە ۰

أ) ئاوەڵکرداری چەندێتی لەگەڵ واتای بەهێز بوون :

زۆر ، فرە ، گەلێ / گەلێك ، یەکجار ، تەواو ۰۰۰ پڕ ۰۰۰ گەلەك

زۆر ـ

منیش چـونکـە بـە عـومـری خـۆم ئـەحواڵی وام نـەدیبـوو ، زۆر ئەترســـام ۰ (لە خەوما ، ل ٣٠)

دۆستیی کورد و عەرەب زۆر کۆنە تەئریـخ شاهیـدە
ناحەزی ڕووڕەش لە داخا با یەخـەی خـۆی دادڕێ
(بێکەس ، ل٨٣)

گەلێ ـ

لە گەرووی شمشـــاڵ ، لـە تەلی کەمـان
گەلێ هەڵســاوە ئـاوازی جـوان جـوان
(گۆران ، ل ١٠)

گەلەك ـ

مەمێ تاغم مەجباند گەلەك خەلاتێن باش دانـە سەرباجانـە
تاقم گشـکی خەملاندینـۆ ب چینانـــە
(مەمێ ئالان ، ل ٤٥)

ب) ئاوەڵکرداری چەندێتی لەگەڵ واتای بێ هێزبوون :

کەم / کەمێ / کەمێك ، پچێك ، نەختێ / نەختەك ، تۆزێ / تۆزێك...

کێــم ...

کەمــێ ـ

تــو خــوا ئاوەکــەی بــۆن گوڵاوەکــە
بــۆ ســەرچــاوەکــە کــەمــێ لاوەکــە

(پیرەمێرد ، ل ١٢٥)

نەختــێ ـ

بەســەرهــاتی خــۆت بۆ من بەیــان کــە
دەردی گرانــم نــەختــێ ئاســان‌کــە

(بێ‌کەس ، ل ١٥٢)

تۆزێــك ـ

کابرای خانچی سەرێکی لێ لەقاندم و ... تۆزێك پێکەنی .

(لە خەوما ، ل ٣٦)

تێبینــی :

لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێ وشە هەیە ، وەك (قووڵ ، دوور ، پــان ، بەرز ، نزم ...) ، کە واتای ئەندازە و پێوانەیان تێدایە و دەکەونە نێــوان هەردوو ئاوەڵکرداری چۆنێتی و ئاوەڵکرداری چەندێتی‌یەوە :

نزیك ، دوور ـ

وێــڵ و ئــاوارەی تێلــی مرادیــم
نزیــك لــە مەرگــم دووریش لە شادیم

(پیرەمێرد ، ل١٢٦)

٣ ـ ئاوەڵکرداری شێوە یان جۆری جێ‌بەجێ‌بوون .

ئەم ئاوەڵکــردارە شێوەیــەك یان جــۆری جێ‌بەجێ‌بــوونی کارێــك نیشان‌دەدا و وەڵامی پرسیــاری (چــۆن؟) ؛ (بــە چ جۆرێــك؟) ؛ (بــە چ

شێوەیەك؟) ؛ (بە چ چەشنێك ؟) ••• دەداتەوە • لە دیالێکتی کوردیی ژووروووشدا پرسیاری (چ جورە؟)ی بۆ دادەنرێ •••[٧]

بەشێك لە ئاوەلکرداری شێوە یان جۆری جێبەجێبوون، دەشێ لە ڕێگەی بەراوردکردن یان لێکچواندنەوە دیاری بکرێ ، وەك :

شێرانە • ژیرانە . ئازایانە . پیاوانە . مەردانە . منداڵانە •••
لوران ئاسایی . تۆنـاسایی ••• وەك پایز ، وەك کەلاّ ، وەك جاری جاران •••

شێرانە –

ڕۆلە ، لای لایە ••• (شێرکۆ) لای‌لایە •••
یاخوا شێرانە بێیتە ناو گایە •••

(بێ‌کەس ، ل ١٥٣)

وەکو شێت –

•••بێ‌پەروا وەکو شێت ڕاپەڕیم •

(لە خەوما ، ل ٣٥)

بەشێکی دی‌یان لە ڕستەدا بەدوایەکترهاتنی کردارەکە نیشان‌دەدەن • وەك :

دەستەدەستە . پۆل‌پۆل . تاقم‌تاقم . یەك‌یەك ، قوم‌قوم ،تنۆك‌تنۆك . کەم‌کەم ، وردەوردە ••• هێندی‌هێندی ، چیتی‌چیتی[٨] •••

پۆل‌پۆل –

•••هەر فڕکان‌فڕکانی تەریەو جەردە بوو • پۆل‌پۆل ئەهاتنە سەر ڕێگەمان • (لە خەوما ، ل٣٠)

---

(٧) لە ئاخاوتنی سلێمانیدا (بە چ تەحرێ ؟)و لای کوردەکانی سۆڤیێت (چ تەعر ؟ ؛ ب چ تەحری ؟) ... بەکاردێ :

... چاوا ئەوی نێچیرا خوە دیتبوو ، چاوا گرتبوو ، یانی ب چ تەحری کوشتبوو . (کوردۆ ، ل ٣٧)

(٨) لەت‌لەت .

گورج گورج ، جوانجوان –

بە ڕەوتی کەو ، لەنجەی تاوس و قومری
گورج گورج ، جوان جوان ئەهات و جادەی ئەبڕی ...
(گۆران ، ل ٣٥)

چیتی چیتی –

ماعری ڕەش چیتی چیتی کرن .
(کوردۆ ، ل ٤٩)

هێدی هێدی –

پیرێ گازی مەلەکێد قەنجەیێ کر .
هێدی هێدی خوە نێزیکی دەنگ کر .
(سیابەند و خەجێ ، ل١٩)

دوا بەشیش ، ئەو وشانەن کە گشتێتی شێوەی ڕوودانەکە و بەجێهێنانی ڕادەگەیەنن ، وەك :

بەدووقۆلی ، پێکەوە[9] ، بەگشتی ...

پێکەوە –

سا تو خوا ، خێراکە ، با بڕۆین ، دەستبگرین ،
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین ! ...
(گۆران ، ل ١٦)

– ٢ –

ئاوەڵکرداری بارودۆخ

ئاوەڵکرداری بارودۆخ یاریدەی نیشاندانی پێوەندیی ڕوودان بە کات و شوێن و هۆ و مەبەست و تەئکید و دووبارەکردنەوە و نەفی دەدات و دەشێ بەسەر شەش جۆردا دابەش بکرێ :

---

(٩) بەرانبەر (پێکەوە)ی کوردی لە ئاوێستادا (هەدە)و لە هیندیی کۆندا (ئیهە ، کوهە ، سەهە) هاتووە .

١ ـ ئاوەلکرداری کات .

ئاوەلکرداری کات پەنجە بۆ دەمی بەجێهێنانی کارێك ڕادەکێشی و وەلآمی پرسیاری (کەی[10]؟ ، کەنگێ؟ ، کەنگی؟ ، کەنگین ؟ ، کەنگینێ؟ ، کەینێ؟) ،(لە کەیەوە ؟) ، (تا کەی؟) ، (چ کاتێ؟ ، چ وەختێ؟ ، چ چاخێ؟)... دەداتەوە . بۆ نموونە :

ئێستە/ئێستا[11] ، ئەمڕۆ ، سبەی/سبەینێ ، دوێنێ ، پێرێ ، ئێوارە/ ئێوارێ ، بەیانی ، نیوەڕۆ ، چێشتەنگاو[12] ، شەوێ ... دەستبەجێ ، یەکسەر ... هاوینێ ، زستانێ ، پایزێ ، بەهارێ ... بەم زووانە ، لەم ڕۆژانەدا ، چەند ڕۆژێکی دی ، جاران ، ئەمساڵ ، پار ، پێرار ... پار تا پێرار ، دەمێکە ، لەمێژە ، هەمیشە[13] ، هەندێ جار ...لەمەولا ، لە زووەوە ، لەو ساوە ، لە سەرەتاوە ... تا بەیانی ، تا مردن...نها / نهۆ، شەڤێ ، سبا ، ئێڤارێ/ئێڤارا ، بەرێ ، ئیرۆ ...

ئێستە ـ

گریانی من و خەندەیی تۆ ئێستە دەشوبهێ
بە مەوسیمی بارانە کەوا خونچە دەپشکووت
(نالی ، ل ١٥٣)

ئەمڕۆ ـ

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە
چەندە مەلبەندی ئێمە شیرینە
(پیرەمێرد ، ل٣٥٥)

---

(١٠) بۆ (کەی)و هاوواتاکانی لە ئاوێستادا (دا)و (کەدە)و (یەدا) هەیە و لەپشتۆشدا (کلە) دەوترێ .

(١١) بۆ (ئێستە/ئێستا) لە ئاوێستادا (ئەدا) و (تەدا) هەیە .

(١٢) بۆ (چێشتەنگاو)ی کوردی لە زمانی بلووجیدا (چەشتی) بەکاردێ .

(١٣) بۆ (هەمیشە)ی کوردی لە ئاوێستادا (همده) وتراوە .

هەمیشە ـ

ئەزانی بۆچی وا کورد زەلیلە
بێ ناو و نیشان هەمیشە دیلە

(بێ کەس ، ل ٩٩)

نها ـ

...نها ئەز کوشتنا خوە رازیمە

(کوردۆ ، ل ٤٠)

بەشێکی زۆری ئەو ئاوەڵکردارانە ، بەتایبەتی (شەو ، ئێوارە ، پار ، بەیانی ، نیوەڕۆ ، هاوین ، زستان ...) لە بنەڕەتدا ناوی کاتن و دەمێك دەبنە ئاوەڵکردار کە ڕوودانی کردارەکە نیشانبدەن[١٤] .

٢ ـ ئاوەڵکرداری شوێن .

ئاوەڵکرداری شوێن ، شوێنی ڕوودانی کارێك یان ڕووی بزووتنەوەی شتێك نیشاندەدا و وەڵامی پرسیاری (لە کوێ[١٥]؟ لە کوێندەرێ؟ ...) ؛ (بۆ کوێ ؟)[١٦] ؛ (لە کوێوە؟) دەداتەوە . لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا پرسیارەکە (ل کوی؟) ؛ (کویدا؟) ؛ (ژ کوی؟) ...یە . وەك :

---

(١٤) شایانی باسە ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ئەو ڕاستییەی خستووەتە پێشچاو (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٩١) .

(١٥) بۆ (لە کوێ)و هاوواتاکانی لە ئاوێستادا (دە)و لە زمانە هیند و ئێرانییەکاندا (دهە) بەرچاودەکەوێ .

(١٦) بەرانبەر (کوثرە)ی ئاویستا لە کوردیدا (بۆ کوێ)و هاوواتاکانی بەکاردێن .

سەر ، ژێر ، خوار ، بن ، کن ، پاش ، پێش[17] ، ناو/نێـو ،دەر ، بەر ، تەنیشت ، چەپ ، ڕاست ••• لەسەر ، لەژێر ، لەخوار ، لەبن•••لە سەرەوە ، لە ژێرەوە ، لە خوارەوە ، لە بنەوە ، لە پێشەوە ، لەناوەوە، لە ڕاستەوە ، لە چەپەوە ••• بۆ لای سەرەوە ، بۆ لای ڕاسـت ، بـۆ لای چەپ ••• ئێرە[18] ، ئەوێ ، لێرە ، لەوێ[19] ، لێرەوە ، لەوێوە[20] •••تا ئێرە ، تا ئەوێ•••لە هەموولا، لە هیچ کوێ•••نك / کن، ژ خارێ، ل خارێ ، د ناف ، ژێرێ ، ژوورێ ، بنڕا ، ڤڕا ، دوورڤا •••

لەژێر ، لەپـاڵ ـ

لەژێر ئاسمانی شینا ،
لەپاڵ لووتکەی بەفرینا ،
کوردستان گەڕام ،
دۆڵاودۆڵ پێوام .

(گۆران ، ل ٢٨)

لەنێـو ـ

جۆشش و تابـە لـەنێـو دیـدەیی گریانمـدا
چ تەنوورێکـە لـە تەنـدوورەیی طۆفانمـدا

(نالی ، ل ٨٩)

لـەوێ ـ

... لەوێ بەچەند پلیکانەیەکدا سـەریان خسـتم

(لە خەوما ، ل ٤١)

ل نـك ـ

---

(١٧) (پێش) لە فارسیی ناوەڕاستیشدا هەر (پێش)ە .

(١٨) بۆ (ئێرە)ی کـوردی لە ئـاوێستـادا (ئـرە) هاتـووە و لە فارسیـی ناوەڕاستیشدا (ئێتەر) بەکارهاتووە .

(١٩) بەرانبەر (لێرە ، لەوێ)یش لە ئاوێستادا (ئەثرە) وتراوە .

(٢٠) بەرانبەر (لەوێوە)ی کوردی لە ئاوێستادا (ئەڤەدە) دەبینرێ .

میری و پادشاهی مووییەك لنك مەلایی
نادەم ب مولکێ عالەم یەك ذەرەیەك عنایەت

(جزیری ، ل ١٥١)

لقر ، ناف ـ

مێرکی گوتێ : دێ لقر بە حورمەت هەرم ناف بلژێر

(خالید حسین ، ل٨)

بەشێکی ئەم ئاوەڵکردارانەش ، وەك (سەر ، ژێر ، ناو ، پێش ، پاش ، چەپ ، ڕاست ...) لە بنەڕەتدا ناوی شوێنن و دەمێك دەبن بە ئاوەڵکرداری شوێن ، کە جێگەی ڕوودانی کردارەکە دیاری بکەن[٢١] .

٣ ـ ئاوەڵکرداری هۆ و مەبەست .

ئاوەڵکرداری هۆ و مەبەست پەنجە بۆ هۆی ڕوودانەکە ڕادەکێشێ و مەبەستی بەجێهێنانی کارێك دەردەخا و وەلامی پرسیاری (بۆچی؟) ، (لەبەرچی؟) ، (بۆ چ مەبەستێك ؟)... دەداتەوە . وەك :

لە بێئەقڵیدا ، لە توورەییدا ، لە ترسا ، لە برسا ، لە خۆشیدا ... بە خۆڕایی ، لەبەرئەوەی ، چونکە ، بە دەمخەوەوە ... لە داخا ، لە قینا،بە ئەنقەست ...

چونکە ـ

هیچ گوێ نادەیتە دەرد و ئاواتم
چونکە ئەیزانی بێدەسەلاتم

(بێکەس ، ل ٧٦)

٤ ـ ئاوەڵکرداری تەئکیدی .

ئەم جۆرە ئاوەڵکردارە تەئکیدکردنە سەر بەجێهێنانی کارێك

---

(٢١) لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد پەنجەی بۆ ئەو تایبەتێتییە ڕاکێشاوە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٢٩٢) .

یتسان دەدا • وەك :

هەلبەت ، هەر ••• بێ گومان ، بێ سێ و دوو ، بێ چەندوچوون •••

هەلبـەت ـ

وتیان نابێ ، هەلبەت ئەمە شتێکی لەژێر سەردا هەیە •

(لە خەوما ، ل ٣٣)

••• ئەو تۆزە پڕ و پیتەیشیان کە ماوە هەلبەت بردوویانە •

(لە خەوما ، ل ٣٦)

٥ ـ ئاوەلکـرداری دووبـارەکـردنەوە •

ئاوەلکرداری دووبارەکردنـەوە پەنجـە بـۆ دووپـات بوونـەوەی ڕوودانەکە ڕادەکێشێ • وەك :

دووبارە ، دیسان، سەرلەنوێ ، جارێکی دی / جارێکی‌تر ، هەرجارە/ هەرجارێ / هەرجارێك / هەرجارەکی ••• ئەمجارەش •••

دیســان ـ

بولبولی طەبعم ئـەوا دیســان ثـەنا خوانی دەکــا
نوکتە سەنجی و ، بەذلە گۆیی و ، عەنبەر ئەفشانی دەکا

(نـالی ، ل ١٠١)

ئەمجارەش ـ

••• دواجار سەیرم‌کرد ، گەورەم ئەمجـارەش بە دەنگێکـی بـەرزەوە وتــی •••

(لە خەوما ، ل ٥٣)

سەرلەنوێ ـ

تــازە ســەوزەگیـا ســەرلــەنوێ ئـەڕوێ ،
مەل لــە ماجـەرای عـەیش و نۆش ئـەدوێ !

(گۆران ، ل ١٦٨)

٦ ـ ئاوەلکرداری نەفی •

ئەم جۆرە ئاوەلکردارانـە نەفـی کردارەکـە ڕادەگەیـەنن • وەك :

هەرگیز ، هەرگیزاوهەرگیز ، بە هیچ جـۆرێ ، بە هیـچ چەشنـێ ، بـە هیچ شێوەیەك ، بە هیچ ڕەنگێ ، بە هیچ کلۆجێ •••

هەرگیز -

عاجز مەبە هەرگیز لە درۆ و ئیفکی حەسوودان
دونیایە ، دەبێ سەگ بووەڕێ ، شیعە بکا سەب
(نالی ، ل ١٣٤)

هەرگیزاوهەرگیز -

بەلام تەبیعەت هەگیزاوهەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز
(گۆران ، ل ١٠)

تێبینی :

هەندێ وشە و دەستەواژە چۆن لە دەستەی ئاوەڵکرداری دیارخەر دادەنرێن ، هەر بەو چەشنە دەشێ بخرێنە نێو دەستەی ئاوەڵکرداری بارودۆخیشەوە •

بۆ نموونە (زوو ، یەکسەر ، دەستبەجێ ، درەنگ •••) چۆن پەنجە بۆچۆنێتی ڕوودان ڕادەکێشن ، بەهەمان چەشن دەتوانن کاتی بەجێهێنانی کارێك نیشانبدەن • واتە دەشێ «ئاوەڵکرداری چۆنێتی»و «ئاوەڵکرداری کات » بن •

ئاوەڵکرداری وەك : (بە خۆڕایی ، بە دەمخەوەوە ، بە ئەنقەست ، لە ترسا ، لەبرسا •••) چۆن دەشێ هۆ و مەبەست نیشانبدەن و سەر بە دەستەی گەورەی (ئاوەڵکرداری بارودۆخ) بن ، هەروەها مانای چۆنێتیشیان تێدایە و چۆنێتی ڕوودانیش ڕادەگەیەنن ، بۆیە دەلوێ لە دەستەی گەورەی (ئاوەڵکرداری دیارخەر)یش دابنرێن •

ئاوەڵکرداری (دوور ، لە دوور ، لە دوورەوە[٢٢] ••• نزیك[٢٣] ، لە نزیك ، لە نزیکەوە •••) لەگەڵ ئەوەشدا کە واتای ئەندازە و پێوانەیان

---

(٢٢) بەرانبەر (لە دوور ، لە دوورەوە)ی کوردی لە ئاوێستادا (دوورات) هەیە •

(٢٣) وشەی (نزیك)ی کوردی بەرانبەر (ئەسنەی)ی ئاوێستا دەوەستێ •

تێدایە ، بەڵام بە شێوەیێکی سەرەکی وەسفی کردار دەکەن و بۆیە ڕاست
وایە ، بەر لە هەر شت بە ئاوەڵکرداری چۆنێتی دابنرێن ... وێڕای ئەو
دوو ئەرکە ، هەروەها پەنجە بۆ شوێنیش ڕادەکێشن و بۆیە هەلە نییە .
ئەگەر لەتەك ئاوەڵکرداری شوێندا باس بکرێن .

ئاوەڵکردار لە ڕووی ڕۆنانەوە

لە زمانی کوردیدا لە ڕووی ڕۆنانەوە دەکرێ ئاوەڵکردار بەسەر سێ
جۆردا دابەش بکرێن :

١ ــ ئاوەڵکرداری سادە .

ئاوەڵکرداری سادە ئەو ئاوەڵکردارەیە ، کە یەك بنەمای هەبێت .
وەك :

خێرا ، هێدی ، هێمن ، جوان ، باش ، خراپ ... زۆر ، فرە ، کەم
پڕ ... ئێستا ، پار ... سەر ، ژێر ، خوار ، بن ، کن ، پاش ، پێش
ناو ، دەر ، بەر ، چەپ ، ڕاست ، دوور ، نزیك... و گەلێکی دی[٢٤] .

٢ ــ ئاوەڵکرداری ناسادە .

ئەمیش دوو جۆرە :

أ) ئاوەڵکرداری دارێژراو .

ئاوەڵکرداری دارێژراو ئەوەیە لە وشەیێکی سادە و زیادی پێکهاتبێت .

---

(٢٤) هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ژمارەیەك ئاوەڵکرداری ناسادەیان بە سادە داناوە . بۆ نموونە :
د. قەناتی کوردۆ (لێرە) ، (لەوێ) ... ، کە لە (لە + ئێرە) ، (لە + ئەوێ) پێکهاتوون و ئاشکرا دیارە دارێژراون ، لەتەك ئاوەڵکرداری سادەدا ڕیزکردووە (بڕوانە : د. قەناتی کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی ــ بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو ــ مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٢٣٨) .
...و هەندێکی دی .

وێ ڕۆژێ بەنگین دبیتە کو دناڤ بازاڕێ مەغرباندا ، گالە کوتەکە گرانە
(مەمێ ئالان ، ل ٤٣)

(ژ ــ) :

ژنـاڤ ــ

. . . ئەزێ هەرم ژناڤ وان ژ خومڕا یا لاپە رندە بەدەو بیژێرم . . .
(کوردۆ ، ل ٤٤)

لە ناوچەی موکریان و هەندێ شوێنی دی کوردستاندا ئەو (لەــ)یە
لە شێوەی (دەــ)دا بەکاردێ . وەك :

دەئاوێ ــ

. . . سەك پێی وەڕی ، ئەنگوستیلەکەی لێ دەئاوێ کەوت .
(تحفەء مظفریە ، ب١ ، ل ١٩٩)

دەوێ ــ

. . . ڕێوی کونێکی دێوە ، هەمووی دەوێ کـردن . بۆ خـۆی لە
زارکی کونەکـە دانیشـت . (تحفەء مظفریە ، ب١ ، ل ١٩٣)

(بێـ)و (بەـ)و (لەـ) لە بنەڕەتدا پێشبەندن[٢٧] ، بـەڵام کە لـەگەڵ
وشەکانی (گومان ، شك ، چارە . . . گوڕ ، کوڵ ، تەنیا ، پەلە . . . لەکن ،
لەبن ، لەپێش ، لەپشت ، لەسەر ، لێرە ، لەوێ . . .)دا هاتوون ، لەبەرئەوەی
ئەرکی وشەسازی‌یان بەجێهێناوە ، بوونەتە پێشگر و وشەی داڕێژراویان
دروستکردووە .

---

(٢٧) مۆرفێمی (بێ)و (لە) لە ڕستەدا ، کە سەربەخۆ دێن ، کارناکەنە سـەر
واتای وشەکەی دوای خۆیان ــ واتە کە یاریدەی ڕۆنانی وشەی نـوێ
نەدەن ، ئەوە پێشبەندن . بۆ اموونە :
بێ تۆ هەڵناکەم .
بێ براکەم بۆ هیچ کوێ ناچم .
شـەماڵ بە ئێمـەی وت .
ئازاد بوو بە مامۆسـتا .
سیروان لە شیروان ناچێ .
بەختیار لە ئێمە گەورەترە .

★ پاشگر :

١ - (- ێ) • وەك :

هاوینێ ، بەهارێ ••• شەوێ • ئێوارێ ••• سەرێ • خوارێ

مۆرفیمی (ێ) لە ڕەسەندا نیشانەی دۆخی تیانە و بووە بە پاشگر •

(ێ) وەك پاشگر دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵکرداری سادە و دەیانکاتە ئاوەڵکرداری داڕێژراوی کات و شوێن •

بەهارێ -

پاش بەهارێ
کاتێك : ڕۆژی لای نیوەڕۆ
دەرزی داخسی لێ ئەباری ،

(گۆران ، ل ٣٤٣)

ئێڤارێ ، سبەهێ -

« ••• ژ ئێڤارێ هەیانی سبەهێ ل دۆرا قەسرا مەمێ نۆبەتێ بگرن »

(مەمێ ئالان ، ل ٤٢)

٢ - (-ان) • وەك :

هاوینان ، بەهاران ••• شەوان ، ئێواران ••• سالآن ، جاران • جەژنان •••

ئێواران -

جا بە چوارمەشقی لەسەر ئەرز دائەنیشین کۆمەڵێ
بەزمە ئێواران بەدەوری عارەقی مەستیکەوە

(پێ کەس ، ل ١٣٧)

مۆرفیمی (ان)یش لە بنەڕەتدا نیشانەی کۆیە ، بەلآم کە دەچێتە سەر ناوی کات ، دەیکاتە ئاوەڵکرداری داڕێژراوی کات و وەك پاشگر خۆی دەنوێنێ •

ئەم پاشگرە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بە زۆری لە شێوەی (ـ ا)دا بەدەردەکەوێ • وەك :

شەڤا • جارا • سالا •••

٣ ـ (ـێ ـ یێك ـ ەك) •

(ـێ / ـێك / ـەك) کە نیشانەی نەناسیاوین، دەچنە سەر هەندێ ناوو ئاوەڵناو و جێناو و ئاوەڵکرداری چەندیتی‌یان لێ سازدەکەن • واتە لـەم بارەدا دەوری پاشگر دەبینن • وك :

سالێ / سالێك / سالەك
ڕۆژێ / ڕۆژێك / ڕۆژەك
گەلێ / گەلێك / گەلەك
کەمێ / کەمێك / کەمەك
چەندێ / چەندێك / چەندەك

••• هتـد •

گـەلێ ـ

لە گـەرووی شمشـال ، لە تـەلی کەمـان
گەلێ هەڵسـاوە ئـاوازەی جـوان جـوان

(گۆران ، ل ١٠)

گـەلێك ـ

ئـەم قسـانە گەلێـك جـوان و مەعقوولـن

(لە خەوما ، ل ٦٨)

گـەلەك ـ

مەمێ تاخم عەجباند گەلەك خەلاتین باش دانە سەڕاجانە •
تاقم گشکی خەملاندینـۆ ب چینانـە •

(مەمێ ئالان ، ل ٤٥)

٤ ـ (ـانه) ٠ وەك :

پیاوانه ، ژنانه ، مەردانه ٠٠٠

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ناو ـ (پیاو ، ژن ٠٠٠)و ئاوەڵناو (ژیر ـ مەرد ٠٠٠)ی سادە و دەیانکاتە ئاوەڵکرداری دارێژراو[٢٨] ٠

٥ ـ (ـەکی) ٠ وەك :

شەوەکی ، بەیانەکی ٠٠٠

٦ ـ (ـئاسایی) ٠ وەك :

شێرئاسایی ، کوێرئاسایی ٠٠٠ تۆئاسایی ، خۆمئاسایی ٠٠٠

پێشگر و پاشگر :

١ ـ پێشگری (بێـ) لەگەڵ :

أ ـ پاشگری (ـانه) ٠ وەك :

بێباکانه ، بێئەقڵانه ، بێشەرمانه ، بێئاگایانه ٠٠٠

ب ـ پاشگری (ـی) ٠ وەك :

بێنازی ، بێئاوی ، بێناوی ، بێشوێنی ٠٠٠

بێبەری ، بێسەری ٠٠٠

٢ ـ پێشگری (بەـ) لەگەڵ :

أ ـ پاشگری (ـی) ٠ وەك :

---

(٢٨) پاشگری (ـانه) هەندێ جار کە دەچێتە سەر ناو و ئاوەڵناو دەیانکاتە ناوی دارێژراو ٠ وەك (جەژنانه ، پووشانه ٠٠٠ پاکانه ، سوورانه٠٠٠)

بەژیری ، بەخۆشی ، بەباشی ، بەچاکی ، بەجوانی ، بەوردی ،
بەنەرمی ، بەتیری ، بەڕاستی ، بەخراپی ، بەسەوزی ، بەسووری ،
بەهەژاری .. بەگشتی ، بەتایبەتی .. بڕاستی ، بپاکی ، بئاقلی[٢٩] ..

ب ـ پاشگری (ـەتی / ـیتی) . وەك :

بەگەورەیەتی ، بەسپیەتی / بەسپیتی.. بەپیاوەتی ، بەبرایەتی،
بەدزیتی ...

ج ـ پاشگری (ـایەتی) . وەك :

بەدۆستایەتی ، بەدوژمنایەتی ...

د ـ پاشگری (ـایی) . وەك :

بەقوولایی ، بەپانایی ، بەتاریکایی ...

... هتد .

ب ـ ئاوەلکرداری لێکدراو .

ئاوەلکرداری لێکدراو ئەوەیە کە وا بەلای کەمەوە دوو وشەی
واتاداری تێدا بێت .

ئاوەلکرداری لێکدراو دەگونجێ پێک ابێ لە :

١ ـ دووپات کردنەوەی ناو ، ژمارە ، ئاوەلناو ، ئاوەلکردار :

أ ـ دووپات کردنەوەی ناو . وەك :

پۆل پۆل ، دەستەدەستە ، تاقم‌تاقم .

---

(٢٩) ئەگەرچی (بە کوردی ، بە عەرەبی ، بە تورکی ... بە مندالی ، بە
هەلاجی ، بە پینەچێتی ... و گەلێکی دی) ئـاوەلکردارن و بـەتەواوی
ئەرکی ئاوەلکردار بەجێ‌دێنن ، بەلام لەو نموونانەدا (بە) وەك پێشبەنـد
ماوەتەوە و نەبووە بە پێشگر .

ب ـ دووپاتکردنەوەی ژمارە • وەك :

یەك‌یەك ، دوودوو ••• شەش‌شەش •••

ج ـ دووپاتکردنەوەی ئاوەڵناو • وەك :

جوان‌جوان ، هێدی‌هێدی ، وردورد •••

د ـ دووپاتکردنەوەی ئاوەڵکردار • وەك :

کەم‌کەم ، زووزوو ، خێراخێرا •••

••• هتد[٣٠] •

٣ ـ دووپاتکردنەوە بەیارمەتی :

أ ـ ناوبەندی (او) • وەك :

پشتاوپشت ، دۆڵاودۆڵ ، هەرگیزاوهەرگیز •••

ب ـ ناوبەندی (دو) • وەك :

بانەوبان ، پاشەوپاش ، شاخەوشاخ ، ماڵەومال •••

ج ـ ناوبەندی (بە) • وەك :

ڕۆژبەڕۆژ ، ساڵ‌بەساڵ ، دەستەبەدەستە[٣١] ••• یەك‌بەیەك •••

یەك‌ب‌یەك ، دووب‌دوو[٣٢] •••

---

(٣٠) لەگەڵ ئەو دووپاتکردنەوەیەدا هەندێ جار بزوێنی (ە) دێت ، وەك :
ناوەناوە ، کەمەکەمە ، یەکەیەکە ...

(٣١) هەموو : یەك‌یەك یاخود دەستەبەدەستە
ناخی گیانیان بۆ پڕکردووم لە بەستە ! ..
(گۆران ، ل ٤٧)

(٣٢) پادشا ئەمر کرا ، گو ماعر یەك‌ب‌یەیەك ، دووب‌دوو بێنو بەروانرا بکشن
(کوردۆ ، ل ٤١)

د ـ ناوبەندی (لە) ، وەك :

یەكلەیەك[٣٣] ، دەستلەدەست ...

٣ ـ ئاوەڵناو + ناوبەندی (بە) + ناو ، وەك :

پڕبەدڵ ، پڕبەدەم ...

٤ ـ ژمارە + ناو یان ئاوەڵكردار ، وەك

یەكجار ، یەكسەر ، یەكشەممە ... دووسبەی ، دووشەممە ...
نیوەڕۆ ، نیوەشەو ... دواجار[٣٤] ...

٥ ـ وشەی (هەر) + ناو یان ژمارە یان ئاوەڵكردار ، وەك :

هەرڕۆژ ، هەرساڵ ، هەردەم ... هەریەك ، هەردوو[٣٥] هەرلا ...

٦ ـ وشەی (ئەم / ئەڤ)و (ئەو) + ناو ، وەك :

ئەمساڵ ، ئەمشەو ، ئەمڕۆ ... ئەوسا ، ئەوجا ...

ئەڤساڵ ، ئەڤشەڤ ، ئەڤرۆ ... ئەوقاس ...

٧ ـ پێشگری (لە) + (سەر) + ئاوەڵكردار ، وەك :

لەسەرلا ، لەسەرپشت ...

٨ ـ (سەر) + (بەرەو) + ئاوەڵكردار ، وەك :

سەربەرەوژوور ، سەربەرەوژێر ، سەربەرەوخوار ...

٩ ـ بە یاریدەی ناوبەندی (و) ، وەك :

تێروپڕ ، جاروبار ، گورجوگۆڵ ...

---

(٣٣) ... ئەمە سێ پەردە گۆڕا ، **یەكلەیەك ناخۆشتر و خراپتر** .
(لە خەوما ، ل ٦٤)

(٣٤) مۆرفیمی (دوا) لە وشەی تێكدراوی (دواجار)دا وەك ژمارە خۆی دەنوێنێ . لە كوردیدا چۆن وشەی (ئەوەڵ) ژمارەیە ، بەهەمان جۆر (دوا)و (ئەخیر)یش دەوری ژمارە دەبینن .

(٣٥) هەریەك ، هەردوو ... لە بنەڕەتدا جێناون ، بەلام دەوری ئاوەڵكرداریش دەبینن .

١٠ـ بە یاریدەی ناوبەندی (لە) • وەك :

سەرلەنوێ ، سەرلەبەر •••

١١ـ بە یاریدەی ناوبەندی (ەو) • وەك :

دەمەوڕوو ، دەستەوئەژنۆ •••

٣ ـ ئاوەلكرداری دەستەواژەیی •

ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی بەو ئاوەڵکردارە دەوترێ ، کە لە دەستەواژەیەك پێكهاتبێ ـ واتە کۆمەڵە وشەیەك بێ و کرداریان لەگەڵ نەبێ •

جۆری هەرە دیار و سادە و چالاکی ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی ئەوەیە ، کە بە یاریدەی پێشبەند و پاشبەند سازدەبێ :

١ ـ پێشبەندی (لە)و :

أ ـ پاشبەندی (ەوە) • وەك :

لەماڵەوە ، لە چەپەوە ، لە ڕاستەوە ، لە بازاڕەوە ، لە هەولێرەوە •• لەوێوە ، لێرەوە •• لە سەرەتاوە ••

ب ـ پاشبەندی (دا) • وەك :

لە ماڵدا ، لە کتێبدا ، لە گیرفاندا •••

جـ ـ پاشبەندی (ڕا)

لە هەولێرڕا ، لە سلێمانیڕا •••

٢ ـ پێشبەندی (بۆ)و پاشبەندی (ەوە) • وەك :

بۆ ماڵەوە ، بۆ ژوورەوە •••

٣ ـ پێشبەندی (بە)و :

أ ـ پاشبەندی (ەوە) • وەك :

بە ئاسمانەوە ، بە دارەوە ، بە بەرگەوە •••

ب ـ پاشبەندی (دا) ٠ وەك :

بە زەوی‌دا ، بە کوندا ، بە دەمدا

٤ ـ پێشبەندی (تا ، هەتا ٠٠٠)و پاشبەندی (ەوە) ٠ وەك :

تا ماڵەوە ، تادەرەوە ٠٠٠

٠٠٠و گەلێکی دی[٣٦] ٠

ئـەویش چەنـد نموونەیـــەك بۆ جـۆری ناســادەی ئاوەڵکـرداری دەستەواژەیـی :

★ لای سەرەوە

لای خوارەوە

بۆ لای سەرەوە

بۆ لای خوارەوە

بۆ لای ڕاست

بۆ لای چەپ

★ لە هەمـوو لا

لەمـــەولا

لە هیچ کوێ

لەسەر دارەکە

لەبن دارەکە

لەلای دارەکـەوە

★ بە هیچ چەشنێ

بە هیچ شێوەیەك

---

(٣٦) لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەکمان هێناوەتەوە و لێی‌شیان نەدواویـن ، چونکە ئەم باسە پێوەندی بە کێشەی (پێشبەند و پاشبەند)ەوە هەیە ... کاتێ دەگەینە مەیدانی ئەو بابەتە بە دوور و درێژی لێی دەدوێین ٠

به هیچ ڕەنگێ
به هیچ کلۆجێ
★ هەفتەی ئاینـدە
سالّی نوێ
مانگی داهاتـوو
★ وەك جاری جاران
وەك گەلاّی دار
...و گەلێکی دی[٣٧] .

پێوەندیی ئاوەلّکردار بە بەشەکانی دی ئاخاوتنەوە نیشانی پەیدابوون و شێوەی پێکهاتنی دەدا .

ئاوەلّکردار پێوەندیی بە ناو و ئاوەلّناو و ژمارە و کردار و جێناوەوە هەیە . ئەو وشانەی لە بەشەکـانی دی ئاخاوتنـەوە دەبنـە ئاوەلّکـردار . پێوەندیی واتاییان بە ئەسلّـەکەیانـەوە ناپچـڕێ . بـۆ نموونـە . ئـەو ئاوەلّکردارانەی لە ناوەوە وەردەگیرێن ، پێوەندی‌یان بە واتای شت یان کەس یان بیر ... ەوە هەیە ، وەك : (هاوینێ ، زستانێ ... بەنـاو ... بێ‌ناز ... پیاوانە ، ژنانە ...) ... ئاوەلّکردار کە لە ئاوەلّناوەوە هاتبێ خاوەنی واتای چۆنێتی‌یە . وەك (جـوان ، هێمـن ، خـراپ ... بەپەلـە ، بەخۆشی ، بەتووڕەیی ...)... ئاوەلّکردارێ بە یاریدەی ژمارە سازبووبێ واتای چەندێتـی تێدایـە ، وەك : (یـەك‌یـەك . دووجـار ...)... دەمێ ئاوەلّکردار لە کردارەوە دەکـەوێتـەوە . واتای ڕوودانـی تێدایـە . وەك

(٣٧) لەبەرئـەوەی ئـەم کێشەیـەش باسێکـی سەربەخۆیـە و پێوەندیـی ڕاستەوخۆی بـە (دەستـەواژە)وە هەیـە . لێرەدا لێـی نادوێیـن و هەلّی‌دەگرین بۆ کات و شوێنی خۆی .

(بەپاڵکەوتنەوە ، بەدانیشتنەوە ••• بەکوڵ •••) ••• ئەو ئاوەڵکردارانەش کە لە جێناوەوە پەیدابوون واتای کەس و ژمارە••• لە ناوەروکیاندا هەیە ، وەك (تۆئاسایی ، خۆمئاسایی ••• پێکەوە •••) •

پێوەندیی پتەوی ڕێزمانیی نێوان ئاوەڵکردار و بەشەکانی دی ئاخاوتن ، ڕێماندەدا پێنج جۆری واتایی - وشەسازیی ئاوەڵکردار جیابکەینەوە :

١ - ئاوەڵکرداری ناوی •
٢ - ئاوەڵکرداری ئاوەڵناوی •
٣ - ئاوەڵکرداری ژمارەیی •
٤ - ئاوەڵکرداری کرداری •
٥ - ئاوەڵکرداری جێناوی •

١ - ئاوەڵکرداری ناوی •

دەستەی هەرە چالاکی ئاوەڵکرداری ناسادە ، ئەوانەن کە ناو هاریکاری ڕۆنانیاندەکا • ئەمانیش سێ جۆرن :

یەك - بە یارمەتیی پێشگر و پاشگر • وەك :

بێگومان ، بێناز ••• بەناو ، بەدڵ •••

هاوینێ ، شەوێ •• پیاوانە ، ژنانە •••

بێناوی ، بێئاگایانە ••• بەپیاوەتی ، بەبرایەتی •••

••• هتد •

دوو - بە یارمەتیی پێشبەند و پاشبەند • وەك :

لە ماڵ ، لە هەولێر ••• بۆ ماڵ ، بۆ هەولێر •••

لە ماڵەوە ، لە هەولێرەوە ••• لە ماڵدا ، لە هەولێردا •••

بە ئاسمانەوە ، بە دارەوە ••• بە کوندا ، بە زەویدا •••

تا هەولێر ••• تا ماڵەوە

••• هتد •

سێ ـ لە ڕێگـەی دووپاتکردنـەوەی بێیاریدە یـان دووپاتکردنـەوەی بەیاریدەوە • وەك :

پۆلپۆل ، دەستەدەستە ، تاقمتاقم •••

شاخەوشاخ ، ماڵەوماڵ ••• ساڵبەساڵ ، ڕۆژبەڕۆژ •••

••• هتـد •

۲ ـ ئاوەڵکرداری ئاوەڵناوی •

ئەم جۆرەش ئەگەرچی ، وەك ئاوەڵکرداری ناوی لە سێ ڕێگـەوە پەیدادەبێ (۱ ـ بە یاریدەی پێشگر و پاشگر ؛ ۲ ـ بە یاریدەی پێشبەند و پاشبەند ؛ ۳ ـ دووپاتکردنەوە) ، بەڵام جۆری دووەم کەم و سستە •

یەك ـ بە یارمەتیی پێشگر و پاشگر • وەك :

بەگوڕ ، بەپەلە •••

ژیرانە ، ئازایانە •••

بەژیری ، بەخۆشی ••• بەسپیەتی ••• بەپانایی •••

••• هتـد •

دوو ـ بە یارمەتیی پێشبەند و پاشبەند • وەك :

بە گوڕەوە ••• لە گەورەوە •••

سێ ـ دووپاتکردنەوە • وەك :

جوانجوان ، هێدیهێدی ، وردورد •••

••• هتـد •

۳ ـ ئاوەڵکرداری ژمارەیی •

ئەو ئاوەڵکردارانەی لە ژمارەوە ڕۆنراون کەمن و بەزۆری لێکدراون و لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەی بێیاریدە یان دووپاتکردنەوە بە یاریـدەی ئاوبەندی (بە ، لە •••) سازدەبن • وەك :

یەك یەك ، دوودوو ...

یەك بەیەك ، دووبەدوو ..

یەك لەیەك ، دوولەدوو ...

٤ ـ ئاوەڵكرداری كرداری .

وەك :

بە گریان ... بە گریانەوە ...

بە مردوویی ، بە كوژراوی ، بە سووتاوی ...

... هتد .

٥ ـ ئاوەڵكرداری جێناوی .

لەنێو ئەو ئاوەڵكردارانەدا ، كە لە جێناوەوە سازبوون ، بەر لە هەر شت ، ئەوانەیان دیارن ، كە لە زووەوە لە جێناوی چەندێتی‌یەوە وەرگیراون . وەك :

ئەوەندە ... هێندە ... چەند ...

بوونی ئاوەڵكردار بە بەشە ئاخاوتنی دی

لەگەڵ بوونی هەندێ بەشە ئاخاوتن بە ئاوەڵكردار ، هەروەها دیاردەی پێچەوانەش هەیە ـ واتە كاتێ ئاوەڵكردار دەبێ بە بەشە ئاخاوتنێكی دی ...

هەندێ ئاوەڵكردار كاتێ مانای بنەڕەتی و ئەركی سەرەكی ونده‌بێ ، دەتوانێ ببێتە بەشە ئاخاوتنێكی دی . وەك :

١ ـ بوونی ئاوەڵكردار بە پێشبەند .

بەپێی دەق و ڕستە ئاوەڵكرداری (پێش ، پاش ، تەنیشت ، پشت ...) دەتوانن دەوری پێشبەند ببینن .

٢ ـ بوونی ئاوەڵكرداری (چونكە ، جارێ ...) بە ئامرازی پێوەندی

٣ ـ بوونی ئاوەڵكرداری (دیسان...) بە پارتیكل .

... هتد .

قواعد اللغة الكردية

المجلد الاول

(المورفولوجيا)

القسم الرابع

ـ العدد والظرف ـ

بالنظر الى أن المواضيع النحوية تخلط في العديد من الدراسات مع المواضيع الصرفية ولاتعار المقارنات التاريخية الاهتمام اللازم ، فقد تحدثنا في مقدمة هذا الكتاب ، باسهاب ، عن هذين الموضوعين المختلف بشأنهما .

يكمن اختلاف الصرف عن النحو في أن ماده دراسه الصرف هى الكلمة ، وهو يحلل جذور الكلمات . أما موضوع النحو فهو الحديث عن الجملة ويحلل جذورها في صورة مجموعة من اختلافات الكلمة حتى يبلغ الكلمات المختلفه التى هى الاجزاء المختلفه للجمله . فها هو النحو ينهى دراساته في المفردة ، أما الصرف فبالعكس يبدأ دراساته من الكلمة ، الا انهما يتحدثان عنها من جانبين مختلفين ويحللان روابط الكلمة المختلفة في النظام العام للغة .

يلعب أسلوب المقارنه دورا كبيرا في مناهج دراسه اللغه . ويمكن اجراء المقارنة لنحقيق هدفين مختلفين : لاكتشاف القانون العام ، او الحصول على الحجة التاريخية . يحتاج اللغوي الى الحجة التاريخية ليكون على معرفة اتم واشمل بتأريخ تطور اللغة او العائلة اللغوية . ويدل على ضرورة دراسة تاريخ تطور اللغة الموقف المعروف الذى وقفه ف . انكلز حيث قال : « تتضح مواد وصيغة اللغة الام بالاطلاع على ظهورها وتطورها الهادىء المتدرج والتعمق في ذلك . والا فان لم يعر تلك الاهتمام الضرورى ، لميكن بالامكان معرفة القوالب الميتة لتلك اللغة واللغات الحية والميتة التي ترجع واياها الى عنصر واحد » .

العــدد

يتكـون مـوضـوع العـدد من فصلين : يتضـمن الفصـل الاول ، وهـو بعنـوان « تقييـم مـوجـز لـلاعمـال الـتى بحثـت العـدد » عرضا مرسلا للكتب والرسائل المتعلقـه بالعـدد الـذي هـو جـزء من الكلام ، لاسيما نتاجات السادة سعيد صدقي كابان ، توفيق وهبي ، نوري علي امين ، جگرخوين ، محمد امين هوراماني ، لجنه اللغه الكرديه وعلومها في المجمع العلمي الكردي ، أحمد حسن أحمد ، لجنة الدراسات الكردية ، صالح حسين احمد بشدرى ، قناتى كوردو ، جركزى بكو ، كريم ايوبى . ى . ا. سميرنوفا ، مكسيم خمو ، ر. ل. تسابولـوف ، زاري يـوسف ، ارنست مكاروس ، د . مكنزى ، د . جويـس بلو وغيرهـم . ومن أجـل استخلاص نتائج من هذه البحوث المهمة وضع الكاتب الحقائق التالية أمام الانظار :

١ ـ تحدث عدد من الباحثين عن العدد في فصل الاسم فوصفوه بأنه نوع من أنواع الاسم . ومن هؤلاء سعيـد صدقي كابـان وجگرخويـن . ووصفه قسم آخر بأنه ضرب من ضروب الصفة . ومن هؤلاء توفيق وهبي ومحمد امين هوراماني وصالح حسين حسن والدكتور قناتى كوردو .

وكما انه ليس بوسعنا بحال من الاحوال القبول بآراء هؤلاء الذيـن اعتبروا العدد اسما في ضوء قواعد اللغة العربية ، لانستطيع كذلك القبول باراء اولئك الذين حسبوا العدد صفه اعتمادا على الاسلوب المتبع في اللغـة الانگليزية ، ذلك لان العدد قسم مستقل من الكلام وله خصائصه . وهذا ما سنبرهن عليه في الفصل الثاني .

٢ ـ نلاحظ اختلافات عديدة بين كتاب قواعد اللغة الكردية ، اذ يقسمون العدد على أنواع مختلفة من حيث خصائصه المعنوية وكيفية استعماله . فعلى سبيل المثال نرى الاستاذ توفيق وهبي يتحدث تارة عن نوعين من العدد هما (١) الاصلي و(٢) الرتبوي ، وتارة أخرى عن ثلاثة أنواع منه هي (١) الاصلي و(٢) الرتبوي و(٣) الكسري . أما الاساتذة سعيد صدقى كابان ونورى على امين وجگرخوين واحمد حسن احمد والدكتور جركزى بكو فقد سجلوا اربعه انواع (١) الاصلى و (٢) الرتبوي و(٣) التوزيعي و(٤) الكسري . اما الدكتور قناتي كوردو فقد سجل ستة أنواع . وهناك كتاب اعتبروه ظروفا من قبيل (يەك يەك) و(دوو دوو) و(سێ سێ) والكلمات العددية المهمة مثل (قليل ، كثير) انواعا من العدد .

٣ ـ سجل بعض المؤلفين اسماء العدد الواقعة بين ١١ - ١٩ حسب الطريقة التي يتلفظون بها في السليمانية ، وآخرون سجلوها حسب التلفظ المتبع في اماكن اخرى .

٤ ـ لم يتحدث معظم كتاب قواعد اللغة الكردية عن العدد من حيث البناء . والقسم القليل منهم الذين تحدثوا عنه من هذه الجهه اعتبروا كثيرا من الاعداد المشتقة بسيطة .

(٥) لم يتحدث بعض الكتاب مطلقا عن خصائص العدد الاصلى والعدد الرتبوي والعدد الكسري . والذين تحدثوا عنها منهم لم يعيروا كثيرا من الجوانب المهمة والظاهرة اهتماما ، رغم ان خصائص كل من هذه الاقسام الثلاثة للعدد في اللغة الكردية تجلب الانتباه من وجوه كثيرة ، ورغم ان مجال الحديث عن هذه الاقسام واسع الى حد كبير .

(٦) لم يتحدث اى من كتاب قواعد اللغة الكردية ، باستثناء تسوبولوف ، عن العدد في هذه اللغة ، من حيث المقارنة التاريخية ، اى

لم يجروا لها مقارنة مع اللاغت الاويستائية والهندية القديمة والفارسية القديمة والمتوسطة والحديثة ولغة البشتو والبلوج ، مع أن هذه المقارنه توضح لنا امورا غامضة عديدة • والمقارنة التي اجراها تسوبولوف ، هي الاخرى ، في أسماء العدد العشرة الاولى •

اما الفصل الثاني الذي يعد أساسا لهذا الموضوع فيضطلع بدور رئيسي في دراسة تلك المشاكل المهمة التي تخص العدد في اللغة الكردية من وجهي المورفولوجيا وعلم اللغة •

عند الحديث عن العدد ينبغي ان نتذكر أن المهم في تحديد اصناف الكلمة والذي تقسم على اساسه اقسام الكلام المختلفة ، هو وجوب وجود رابطة الاشتراك في الخصائص النحوية بين كلمات اى صنف • قد يتحتم اعطاء هذا الجانب اهميته كاملة • وهذا يجب الاشارة الى انه قد لايؤخذ هذا الجانب بنظر الاعتبار وانما يجرى تمييز صنف العدد من الكلام لخواصه المعنوية فقط ويحدد ككلمة تعطي معنى العدد او مرتبة حسابية لاغيرها • وعلى هذا الاساس فان بعض الكلمات التي تحتوي على مدلول العدد ، تدخل ضمن اطار هذا الصنف من الكلام ، ولكن هذا النوع من الكلام ، في الحقيقة ، انما يحتوي على معنى العدد حسب ، وهو ليس عددا في الواقع • وعلى سبيل المثال اذا نظرنا الى كلمات (حه‌فته = الاسبوع) و(سه‌ده = القرن) و(حه‌وت = سبعة) و (سه‌د = مئة) ، وجدنا ان المدلول العددي يتوفر في الصنفين على مستوى واحد ، الا ان هناك بينهما فرقا من حيث الخصائص النحوية وينتمي كل منها الى صنف خاص من اصناف الكلام •

ليس هناك في الحقيقة اى فارق من حيث الخصائص النحوية بين كلمتي (حه‌فته = الاسبوع) و (سه‌ده = القرن) واي اسم اعتيادي اخر • فكما يصح قول (اربعة رجال) يصح كذلك قول (اربعة اسابيع) و (اربعة

قرون) • وكما يصح قول (رجل) و (رجال) يصح كذلك قول (اسبوع) و(اسابيع) و (قرن) و (قرون) ••• الخ •

ولئن كان كل من (اسبوع) و (سبعه) و (قرن) و (مئه) متماثلين من حيث المدلول العددي ، الا أن (سبعة) و(قرن) اسما عدد و(اسبوع) و(قرن) اسما جنس تحولا من اسمى عدد الى اسمى جنس •

عندما يقسم كتاب النحو الكردي ونحو اللغات الاخرى اسم العدد على اصناف عديدة من حيث الخصائص المعنوية وكيفية الاستعمال ، نلاحظ اختلافات كثيرة في التقسيمات • فعلى سبيل المثال هناك كتاب لايحسبون الاعداد الكسرية ضربا من اسماء العدد • وهناك آخرون لايصنفون الاعداد الرتبوية ضربا منها • وعلى العكس هناك من يعتبرون ظروف (آحاد) و(مثنى) و(ثلاث) و(رباع) والكلمات الدالة على الكمية مثل (قليل) و(كثير) ضربا من ضروب اسماء العدد •

و عن طريق تقسيم الاعددا التي الغت في ميدان دراسة اسماء العدد ، ووفق تحليلاتنا وآرائنا الخاصة ، ومن خلال الاستفادة من نظريات علم اللغة، توصلنا الى نتيجة تفيد أن بالامكان تحديد ثلاثة انواع من اسماء العدد في اللغة الكردية ، وهي :

١ ـ العدد الاصلي •

٢ـ العدد الرتبوي (نسبة الى رتبة) •

٣ ـ العدد الكسري •

وقد درسنا بالتفصيل الاصناف الثلاثة لاسماء العدد وبذلنا جهدا لتحقيق اصولها وكيفية تكونها واستعمالها ومهامها وخصائصها المتنوعة ،

وقارنا قدر ما اسعفتنا الامكانات المتوفرة بين شكل وصيغة كل اسم عدد مع نظائره في اللغات القديمة والحديثه التي ترجع مع اللغه الكرديه الى اصل واحد ، وقد تمكنا من آستنتاج العديد من النتائج •

* * *

الظـرف

يتكون هذا الموضوع كسابقه من فصلين • الفصل الاول وهو بعنوان «تقييم موجز للاعمال التي بحثت الظرف» • وقد توصل الكاتب في هذا القسم ، بعد بيان بعض ماكتب في اللغة الكردية حول الظرف ، الى استنتاجات وملاحظات منها انه :

١ ـ تحدث عدد من الكتاب عن الظروف ضمن الحديث عن الاسم••• وتحدث عنه عدد آخر منهم ضمن البحث عن الكلمة المساعدة • اما الاكثرية الساحقة فقد تحدثت عنه بوصفه جزء مستقلا من الكلام •

٢ ـ لم تتحدث الغالبية العظمى من الباحثين في قواعد اللغة الكردية عن الظرف من حيث المعنى وعن كيفية استخدامه • اما القسم الضئيل منهم الذين تحدثوا عنه فيلاحظ اختلاف كبير في تقسيماتهم ، فمنهم من ذكر اكثر من ذلك • ومع ان بعض الانواع الظاهرة والمهمة من الظرف لم يسجل (كالظرف الصوري او كيفية التحقيق او الظرف السببي والظرف المقصود) •••فقد فصلت اقسام اخرى (كالظرف السؤالى والظرف الجوابى) لاتنسجم بأي حال مع واقع اللغة الكردية •

٣ ـ ادخلت بعض انواع الظروف ضمن انواع اخرى منها مع انها تابعة لانواع غيرها •

٤ ـ هناك كلمات كثيرة ليست ظرفا • ومع ذلك فقد سجلت كذلك مثل (بەهار = الربيع ، زستان = الشتاء ، شەو = الليل ، روژ = النهار ،

سـال = السنه ، سهده = القرن) حيث اعتبرت ظرفا ، او ان ادوات النفي مثل (نه = لا ، نا = كلا) و (كهى = متى ، چۆن = كيف ، لهكـوێ = اين، چهند = كهم) للسوال و (سێيهك = الثلث، چواريهك = الربع) وهي من اسماء العدد ، اعتبرت ظرفا • وكذلك اعتبرت بعض اللواحق مثل (گه ، لان ، ستان) ظروفا •

٥ ـ ليس هناك في اللغة الكردية ما يعتبر ظرف سـوآل او ظـرف جواب ، ومع ذلك فان معظم الكتاب قد ثبتوه • صحيح ان هناك نوعا مـن الظرف يسمى (ظرف النفي) ويشمل اشباه جمل مثل (هـهرگيز = ابـدا ، هرگيز او ههرگيز = ابدا ابدا ••) ولكن ليس كأدوات النفي التي حـددها بعـض الكتـاب •

ويتحدث المؤلف في الفصل الثاني من هذا الكتـاب ، بايجـاز ، عن خواص الظرف ، ثم يفصل الحديث عنه من حيث المعنى والبناء ، على النحـو التالي :

يحدد الظرف خاصيته الوقوع (التي يظهرها الفعل) وخاصيته الخاصية (التي تظهرها الصفة) وخاصة الوضع (التي يريها الظرف) ، يعبر الظرف عن كيفية الوقوع او مداه او وقته او مكانه او سببه او غايته •

ويمكن الفول ايضا : ان الظرف هو ذلك القسـم من الكـلام الـذي يوضح وضع وكيفية الوقوع ونوع النوعية • الظرف ، نحويا ، هو الـذي يمتلك تلـك الخـاصيـه التي تـربط في الجملـه بالفعـل او الصفـه او ظرف آخـر •

ومن حيث المعنى حدد الباحث تسعة انواع من الظرف في هذه اللغـة ، وهـي :

١ ـ **ظرف الكمية .**

٢ ـ **ظرف الكيفية .**

٣ ـ الظرف الشكلي او كيفية التحقق .

٤ ـ **ظرف الزمان .**

٥ ـ ظرف المكان .

٦ ـ **الظرف السببي والمقصود .**

٧ ـ **الظرف التوكيدي .**

٨ ـ **الظرف التكراري .**

٩ ـ **الظرف النفي .**

يمكن تقسيم الظرف في اللغة الكردية ، من حيث البنـاء ، الى ثلاثـــة اقســـام :

١ ـ الظرف البسيط ،مثل : خێرا ، زۆر ، ژێر ، پێش ، پاش .

٢ ـ **الظرف غير البسيط** ،وهو ايضا ينقسم الى قسمين :

أ ـ الظرف المشتق وهـو يتركـب بمساعـدة السابقـة او اللاحقـة او كلتيهمـــا .

★ السابقة . مثل : بێ ـ ، به ـ

★ اللاحقة ، مثل : ـ ی ، ـ ان ، ـ انه ، ـ ەکی .

★ السابقة واللاحقة ، مثل : بێ ـ انه ، بێ ـ ی ، ـ به ـ ی ، بـه ـ ەتی ، به ـ یەتی .

ب ـ الظرف المركب وهو ما فيه كلمتان ذواتا معنى على الاقل .

وقد حدد الباحث احد عشر نوعا من هذه الظـروف في اللغـــه الكرديه .

٣ ـ **الظرف شبه الجملة (العبارة) .**

حدد الباحث اربعة انواع رئيسية وعدة انواع غير رئيسية من هـذا النوع من الظروف .

وفي الختـــام تحدث الباحث عن صله الظروف بأقسام الكلام الاخرى وحدد في هذا المجال خمسة انواع من الظروف ٠

١ ــ **الظرف الاسمي** ٠
٢ ــ **الظرف الوصفي** ٠
٣ ــ **الظرف العددي** ٠
٤ ــ **الظرف الفعلي** ٠
٥ ــ **الظرف الضميري** ٠

هذا وقد اعتمد الكاتب لاعداد مؤلفه هذا عـلى (٩٤) مـن المصـــادر الكردية والعربية والفارسية والروسية والانكليزية ٠ كما افاد من (١١) كتابا من مراجع الفولكلور الكردي ودواوين الشعراء وقصص الادباء للاتيـــان بالامثلة والشواهد اللغوية التي برهن بها على صحة ما ذهب اليه ٠

نیشانەی نموونەکان

١ ـ (بێکەس)

دیوانی بێکەس ، محەمەدی مەلا کەریم ڕێکی‌خستووە و سەرەتای بۆ نووسیوە و سەرپەرشتیی لەچاپدانی کردووە ، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

٢ ـ (پیرەمێرد)

پیرەمێردی نەمر ، محەمەد ڕەسووڵ هاوار ، بەغدا ، ١٩٧٠ .

٣ ـ (تحفة مظفریە ، ب ١)

ئۆسکارمان، تحفە مظفریە، بەرلین، ١٩٠٥، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی • هێمن موکریانی ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

٤ ـ (تحفة مظفریە ، ب ٢)

ئۆسکارمان، تحفە مظفریە، بەرلین، ١٩٠٥، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی : هێمن موکریانی ، بەشی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

٥ ـ (جزیری)

دیوانامەلایێ جزیری، توێژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی،بەغدا ١٩٧٧

٦ ـ (خالید حسەین)

چەند چیرۆك ، بەغدا ، ١٩٨٤ .

٧ ـ (سیابەند و خەجێ)

سیابەندۆڤ سەمەند ، سیابەند و خەجێ (شوکور مستەفا لە ڕێنووسی سلاڤی‌یەوە خستوویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی و فەرهەنگۆکی بۆ کردووە ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

٨ ـ (کـوردۆ)

کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی ، پرۆفیسۆر تەناتی کوردۆ لە زاری کوردەکانی سۆڤیەتەوە تۆماری کردووە • شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٩ ـ (گۆران)

سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، بەرگی یەکەم ، دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردووەتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

١٠ـ (لە خەوما)

جەمیل صائب ، لە خەوما ، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی جەمـــال بابان ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

١١ ـ (نـالی)

دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە : مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

سەرچاوە

بە زمانی کوردی

(١) ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٢) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، چی لەبارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە، بەغدا ، ١٩٧٤

(٣) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٩ .

(٤) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێنووسی کوردی لە ڕۆژنامەی « تێگەیشتنی ڕاستی »دا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کوردی » ، ب١٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٧٦ ـ ١٣٢ .

(٥) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٦) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

(٧) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا بەغدا ، ١٩٧٧ .

(٨) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

(٩) ف. ئێنگلس ، کارە کۆکراوەکانی ، چاپی دووەم ، بەرگی بیستەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٣٣٣ .

(١٠) تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ .

(١١) جگەرخوێن ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ .

(١٢) د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ .

(١٣) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، بەسەرداچوونەوەی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری «کاروان» ، ژ٢٣ ، سالی دووەم ، هەولێر ، ئابی ١٩٨٤ ، ل ٢٣ـ٣٥ .

(١٤) ڕێزمانی ئـاخاوتنی کوردی بـەپێی لێکۆڵینـەوەی لیژنـەی زمـان و زانستەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(١٥) زاراوە زانستیەکان ، دانان و لێکۆڵینەوەی لیژنەی زاراوە زانستیەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(١٦) سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ .
(١٧) سیامەند سەلیم ، چۆن فێری ئەم سێ زمانە دەبێت (هیندی ، کوردی عەرەبی) ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل ١١ — ١٢ .
(١٨) صادق بەهائەدین ئامێدی ، ڕێزمانا کرمانجی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(١٩) صالح حسێن حەسەن پشدەری ، کورتەیێك لـە ڕێزمانی کـوردی ، بەغـدا ، ١٩٨٥ .
(٢٠) عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی ، قامووسی زمانـی کـوردی ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٧ ؛ بەرگی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٩ .
(٢١) عەبدوڵلا شالی ، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، د. ئەمیـن عـەلی نووری عەلی ئەمین ، فەرەیدوون عەلی ئەمین ، عەلائەددین سەجـادی ، کەمال مەحموود فەرەج ، ئەبووزەید مستەفا سەندی ، زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بـۆ پـۆلی دووەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(٢٢) کۆڕی زانیاری کورد ، ڕێنووسی کوردی ، ((گۆڤاری کـۆڕی زانیـاری کورد)) ، ب١ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٧٠ .
(٢٣) لیژنەی زمانی کوردی ، بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردییەکانـدا ، « گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق — دەستەی کورد » ، ب١٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢٧٧ — ٣٢٧ .
(٢٤) لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ، دانان و لێدوانی ئەنجومەنی کۆڕ و لیژنەکانی ، پێشەکی و ڕێکخستنی د. ئەوڕەحمانی حاجی مـارف ، بـەغدا ، ١٩٧٥ .
(٢٥) محەمەد ئەمین هەورامانی ، بەراوردێکی سەرپێیی نێوان زمانی ئاڤێستا و زمانی ئـەمڕۆی کـوردی ، گـۆڤاری ((کاروان)) ، ژ٥٥ ، هـەولێر ، ١٩٨٧ ، ل ٢٤ — ٣١ .

(٢٦) محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا بەغدا ، ١٩٨١ .
(٢٧) محەمەد ئەمین هەورامانی (سۆکۆلۆف ، زمانی ئاویستا ـ وەرگێران و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردیی ئەمڕودا) ، بەغدا ، ١٩٨٨ .
(٢٨) محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ .
(٢٩) محەمەد ئەمین هەورامانی ، فەرهەنگی ئێریەن قاچ ، بەغدا ، ١٩٨٧ .
(٣٠) مەسعوود محەمەد ، چارەسەرکردنی کیروگرفتەکانی رێنووس و ئەلفوبێی کوردی ، ((گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد)) ، ب٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٤١ ـ ٢٤٤ .
(٣١) مەسعوود محەمەد ، چەند حەشارگەیێکی رێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(٣٢) نووری عەلی ئەمین ، رێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .
(٣٣) نووری عەلی ئەمین ، گرتنی کەلێنێکی تر لە رێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٨ .

به زمانی فارسی

(٣٤) دکتر ابراهیم پور ، دستور زبان کردی ، تهران ؟ .
(٣٥) دکتر برویز ناتل خانلری ، تاریخ زبان فارسی ، جلد اول ، ١٣٥٤ ، جلد دوم ، ١٣٥٤ ، جلد سوم ، ١٣٥٤ .
(٣٦) ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ .
(٣٧) علی برناك ، دستور زبان فارسی ، چاپ ششم ، ١٣٥١ .
(٣٨) محمد صدیق مفتی زاده ، درس زبان کردی ، جزوه ١ ـ ٢ ، تهران ، ٢٥٣٦ .

به زمانی عەرەبی

(٣٩) الدكتور ابراهيم انيس ، من اسرار اللغة ، الطبعه الرابعه ، القاهرة ، ١٩٧٢ .

(٤٠) الدكتور ابراهيم السامرائي ، فقه اللغه المقارن ، بيروت ، ١٩٦٨ .
(٤١) الدكتور ابراهيم السامرائي ، مباحث لغوية ، النجف ، ١٩٧١ .
(٤٢) توفيق وهبى ، اصل الاكراد ولغتهم ، « مجلة المجمع العلمى الكردى » ، المجلد ٢ ، العدد ٢ ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص ١ ـ ٢٤ .
(٤٣) توفيق وهبى ، قواعد اللغة الكرديه ، الجزء الاول ، الباب الثانى ، بيروت ، ١٩٥٦ .
(٤٤) صلاح سعد الله ، حول اللغه الكرديه ، بغداد ، ١٩٨٥ .
(٤٥) عبدالباقي الصافي ، دراسة مقارنه للكلمه وعلم الصرف فى اللغتين العربيه والانكليزيه ، مستل من مجله كليه الاداب جامعه البصرة ، العددان ٤ و ٥ .
(٤٦) الدكتور على عبدالواحد وافى ، علم اللغه ، الطبعه السابعه ، القاهرة ، ١٩٧٢ .
(٤٧) محمد سعيد عبدالرحمن ، قواعد اللغة العربيه في النحو والصرف ، بغداد ، ١٩٧٠ .

به زمانی ڕووسی

(٤٨) ئۆ . س . ئاخمانۆڤا ، فەرهەنگی زاراوەکانی زمان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .
(٤٩) ك . ڕ . ئەیووبی و ئی . ئا . سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ .
(٥٠) ئی . م . ئۆرانسکی ، زمانە ئێرانییەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ .
(٥١) د . ن . ئوشاکۆف ، فەرهەنگی زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، بەرگی یەکەم ، ١٩٣٥ ، بەرگی دووەم ، ١٩٣٨ ، بەرگی سێیەم ، ١٩٣٩ ، بەرگی چوارەم ، ١٩٤٠ .
(٥٢) چ . خ . باکاییێف ، بەشە دیالێکتی کوردی تورکمانستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ .
(٥٣) چ . خ . باکاییێف ، زمانی کوردەکانی ئازەربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

(٥٤) چ. خ. باكاييڤ ، زمانی كوردەكانی سۆڤيێت ، مۆسكۆ ، ١٩٧٣ .
(٥٥) س. ڤ. برۆملێی ، ل. ن. بوولانۆڤا ، دەربارەی وشەسازیی بەشە دیالێکتەکانی زمانی ڕووسی ، مۆسكۆ ، ١٩٧٢ .
(٥٦) ل. بلومفیلد ، زمان (تەرجومەی ڕووسی) ، مۆسكۆ ، ١٩٦٨ .
(٥٧) پ. ئا. بوداگۆڤ ، مرۆڤ و زمانی ، مۆسكۆ ، ١٩٧٤ .
(٥٨) ڤ. م. بیریزین ، ب. ن. گۆلۆڤین ، زمانناسی گشتی ، مۆسكۆ ، ١٩٧٩ .
(٥٩) ن. س. پۆسپێلۆڤ ، پێوەندیی نێوان حالاتی ڕێزمانیو بەشەکانی ئاخاوتن ، کتێبی « کێشەی پێکهاتنی ڕێزمانی » ، مۆسكۆ ، ١٩٥٥ ، ل ١٦١ — ١٨٥ .
(٦٠) م. ن. پیترسۆن ، لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی ڕووسییەوە ، کتێبی «کێشەی پێکهاتنی ڕێزمانی » ، مۆسكۆ ، ١٩٥٥ ، ل ٦١ — ٨٨ .
(٦١) ئا. م. پیشکۆڤسکی ، ڕستەسازیی ڕووسی لەبەر ڕووناکیی زانستدا ، چاپی حەوتەم ، مۆسكۆ ، ١٩٥٦ .
(٦٢) ڕ. ڵ. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی وشاسازیی زمانی کوردییەوە ، مۆسكۆ ، ١٩٧٨ .
(٦٣) ئا. س. چیکۆباڤا ، سەرەتاییێکی زمانناسی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، مۆسكۆ ، ١٩٥٣ .
(٦٤) ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسكۆ ، ١٩٦٠ .
(٦٥) م. دۆکوولیل ، کێشەی حالەتەکانی وشەسازی ، گۆڤاری « کێشەی زمانناسی » ، ژ٦ ، مۆسكۆ ، ١٩٦٧ .
(٦٦) ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسكۆ ، ١٩٦٦ .
(٦٧) ئا. ئا. ڕیفۆرماتسکی ، سەرتاییێکی زمانناسی ، چاپی چوارەم . مۆسكۆ ، ١٩٦٧ .
(٦٨) زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسكۆ ، ١٩٨٥ .
(٦٩) ڤ. ئا. ژڤێگینسێڤ ، زمان و تیۆریی زمانناسی ، مۆسكۆ ، ١٩٧٣ .
(٧٠) ئا. ئی. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسكۆ ، ١٩٥٩ .

(٧١) يو. س. ستيپانۆڤ ، بنەماکانی زمانناسیی گشتی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ .
(٧٢) س. ن. سۆکۆلۆڤ ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ .
(٧٣) ل. ف. شێربا ، بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی ڕووسیدا ، کارە هەڵبژاردەکانی دەربارەی زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ٢١٣ – ٢٤٢ .
(٧٤) ف. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووچی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .
(٧٥) ن. س. ڤالگینا ، د. ێ. ڕۆزێنتال ، م. ئێ فۆمینا ، ف. ف. تساپکێڤیچ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١ .
(٧٦) ڤ. ڤ. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ (وشەسازی) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ .
(٧٧) ف. ئی. کۆدوخۆڤ ، سەرەتایێکی زمانناسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ .
(٧٨) ق. کوردۆییێڤ ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .
(٧٩) ق. کوردۆییێڤ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .
(٨٠) ئێ. ئۆ. کۆستیتسکایا ، ف. ئی. کارداشێڤسکی ، ڕێزمانی فەرەنسی ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ .
(٨١) ئا. ن. گفۆزدێڤ ، زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ .
(٨٢) ئا. ئی. گولانۆڤ ، وشەسازیی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .
(٨٣) ب. ن. گۆلۆڤین ، سەرەتایێکی زمانناسی ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .
(٨٤) ن. م. لیمپێل ، زمانی لاتینی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .
(٨٥) ئا. مایێە ، شێوازی بەراوردکاری لە زمانناسیی مێژووییدا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ .
(٨٦) د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی « وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و ناوەڕاست » ، ب٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٢٧٣ – ٣٨٢ .

به زمانە ڕۆژئاواییەکان

87- Ernest N. Maccarus , A Kurdish Grammar, New-York, 1958.

88- H. A. Gleason , Linguistics and English Grammar, New-York, 1966

89- Joyes Blau, Manuel De Kurda, Paris, 1980.

90- D. N. Mackenzie , Kurdish Dialect Studies . London , 1961.

91- Norman C. Stageberg, An Introductory English Grammar, New-York, 1965.

92- E. B. Soane , Elementary Kurmanji Grammar, Baghdad, 1919.

93- E. B. Soane Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language, London, 1913.

94- A.V. Willams Jackenzie , Avesta Grammar, Part I . Stuttgart W. Kohlhammer, 1892.

ناوەرۆك

ئاوەڵکردار

DR. AWRAHMANI HAJI MARF

KURDISH GRAMMAR

Volume I

(MORPHOLOGY)

Part IV

-NUMERAL AND ADVERB-

(In Kurdish).

Baghdad — 1998